حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەڵاحەدین- هەولێر

# نەخۆشی زمانگرتن لە نێو منداڵانی کورددا

## لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی،پراکتیکیە

نامەیەکە

دانا تەحسین محەممەد

پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین/هەولێر کردووە و بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماجستێر لە زمانی کوردیدا.

بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی- کۆلێژی پەروەردە- زانکۆی سەڵاحەدین(٢٠٠٢-٢٠٠٣)

سەرپەرشتیار:

د.عەبدولواحید موشیر دزەیی

بەفرانباری ٢٧٠٧ زولحیجەی ١٤٢٨ کانوونی دووەمی ٢٠٠٨

**ئەم نامەیە بە چاودێری من لە زانکۆی سەلاحەدین/هەولێر ئامادە کراوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی پلەی ماجستێر لە زمانی کوردیدا.**

**ناو:د.عەبدولواحید موشیر دزەیی**

**مێژوو: / /٢٠٠٧**

**بە پێی ئەم پێشنیازە ئەم نامەیە پێشکەشی لێژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.**

**ناو:**

**سەرۆکی لێژنەی خوێندنی باڵا**

**لە بەشی زمانی کوردی**

**مێژوو: / /٢٠٠٧**

**ئێمـەی ئەنـدامانی لێژنـەی وتوویـژ و هەڵسـەنگاندن ئـەم نامەیـەمان خوێندنـەوە و لەگەڵ قوتابییەکە گفتوگۆمان کرد و بڕیارماندا کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی(         ) بروانامەی ماجستێری لە زمانی کوردی پێ بدرێت.**

**ئەندام:** | **سەرۆکی لێژنە:**

**مێژوو:   /   /٢٠٠٨** | **مێژوو:   /   /٢٠٠٨**

**ئەندام:** | **ئەندام و سەرپەرشتیار:**

**مێژوو:   /   /٢٠٠٨** | **مێژوو:   /   /٢٠٠٨**

**لەلایەن ئەنجوومەنی کۆلێژی زمان پەسەند کرا.**

**ناو:**

**ڕاگری کۆلێژی زمان**

**مێژوو:   /   /٢٠٠٨**

# پێشکەشە بە

١- دوو چرای ژیانم دایکم و باوکم.

٢- چاوە جوانەکانی ئاری...زەند...شارە.

٣- ئەو کەسانەی کە کۆمەڵگای کوردی بەرەو مەدەنیەت دەبەن.

# سوپاسنامە

١- سوپاسی د.عەبدولواحید موشیر دزەیی دەکەم کە ئەرکی سەرپەرشتیارکردنی نامەکەمی گرتە ئەستۆ.هەروەها سوپاسیشی دەکەم بۆ ئەو پشووە درێژەی کە نواندی بۆ تەواوکردنی ئەم نامەیە.

٢- سوپاسی پ.ی.د.یوسف شەریف دەکەم کە بە دڵفراوانییەوە وەڵامی پرسیارەکانمی دەداوە.

٣- سوپاسی هەموو ئەو مامۆستا و برادەر و دۆستانەش دەکەم کە یارمەتیانداوم لە بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکەکانی ئەم نامەیە.

# ناوەڕۆك

**بابەت** **لاپەڕە**

**پێشەكی:**

**١- ناونیشانی باسەكە........................................١**

**٢-سنووری باسەكە........................................١**

**٣- ڕێبازی باسەكە........................................١**

**٤- گرنگی باسەكە........................................١**

**٥- كەرستەی باسەكە........................................٢**

**٦- ناوەڕۆكی باسەكە........................................٢**

**بەشی یەكەم:بنەما بایەلۆژییەكانی زمان و ئاخاوتن:**

**(١-٠) سەرەتا........................................٤**

**(١-١) كۆئەندامی دەمار(الجهاز العصبی)........................................٦**

**(١-١-١) چێوە كۆئەندامی دەمار(الجهاز العصبی المحیطی)..........٦**

**(١-١-٢) كۆئەندامی دەماری ناوەند(الجهاز العصبی المركزی)............٧**

**(١-١-٢-أ) دڕكە پەتك(الحبل الشوكی)........................................٧**

**(١-١-٢-ب) دەماخ........................................٧**

**(١-٢) پەیوەندی نێوان دەماخ و زمان........................................١٢**

**(١-٣) كۆئەندامی دەنگی........................................١٦**

**(١-٣-١) كۆئەندامی هەناسە........................................١٧**

(١-٣-١-أ) بۆری هەوا و سییەکان..................................١٩

(١-٣-١-ب) میکانیزمی هەناسە..................................٢٠

(١-٣-١-پ) جۆرەکانی هەناسە..................................٢٢

(١-٣-٢) کۆئەندامی قورگ..................................٢٣

(١-٣-٣) بۆشاییە زرنگانەکان..................................٢٥

(١-٤) کۆئەندامی بیستن..................................٣٦

**بەشی دووەم:وەرگرتنی زمان لای منداڵ:**

(٢-٠) سەرەتا..................................٤١

(٢-١) تیۆرەکانی وەرگرتنی زمان لای منداڵ..................................٤٢

(٢-١-١) تیۆری لاسایی کردنەوە..................................٤٣

(٢-١-٢) تیۆری رەوشتییەکان..................................٤٤

(٢-١-٣) تیۆری خۆرسکی..................................٤٦

(٢-١-٤) تیۆری مەعریفیەکان..................................٤٩

(٢-٢) قۆناخەکانی گەشەکردنی زمان لای منداڵ..................................٥٢

(٢-٢-١) توانستی دەربڕین..................................٥٦

(٢-٢-٢) توانستی درککردن..................................٦٣

(٢-٣) ئەو هۆکارانەی کە کار لە گەشەکردنی زمان لای منداڵ دەکەن...٦٥

(٢-٣-١) هۆکارە بایەلۆژییەکان..................................٦٦

(٢-٣-٢) ڕادەی گەشەکردنی هۆشەکی و زیرەکی لای منداڵ..........٦٧

(٢-٣-٣) ڕەگەز........................................................٦٨

(٢-٣-٤) هۆكارە ژینگەییەكان........................................٦٩

**بەشی سێیەم:نەخۆشی زمانگرتن لە نێو منداڵانی كورددا:**

(٣-٠) سەرەتا......................................................٧٢

(٣-١) پۆلینكردنی كەم و كورتییەكانی پەیوەندیكردن............٧٣

(٣-٢) نەخۆشی زمانگرتن............................................٧٤

(٣-٣) نیشانەكانی زمانگرتن.........................................٧٥

(٣-٣-١) نیشانە بینراوەكان.........................................٧٥

(٣-٣-٢) نیشانە نەبینراوەكان.......................................٧٩

(٣-٤) هۆیەكانی زمانگرتن...........................................٨٠

(٣-٤-١) تیۆری باڵادەستی لایەكی مێشك............................٨١

(٣-٤-٢) تیۆری بۆماوەیی............................................٨٢

(٣-٤-٣) تیۆری نیرۆ-فسیۆلۆژی......................................٨٣

(٣-٤-٤) تیۆری زمانەوانی دەروونی دەمارناسی....................٨٤

(٣-٤-٥) تیۆری دەست نیشانكردن....................................٨٥

(٣-٤-٦) تیۆری ململانێ نێوان كردن و نەكردن.....................٨٦

(٣-٥) جۆرەكانی زمانگرتن..........................................٨٦

(٣-٦) قۆناخەكانی زمانگرتن........................................٨٨

(٣-٧) نەخۆشی زمانگرتن و زمانگرتنی ئاسایی..................٩٢

(٣-٨) زمانگرتن لە نێو منداڵانی کورددا.............................٩٤

(٣-٩) چەند ڕاستییەك دەربارەی نەخۆشی زمانگرتن.............١١٢

ئەنجام و پێشنیاز..........................................................١١٥

سەرچاوەکان......................................................................١١٩

الملخص.......................................................................١٢٨

Summary..........................................................١٣٠

# پێشەکی

## ١- ناونیشانی باسەکە:

نامەکە لە ژێر ناونیشانی (نەخۆشی زمانگرتن لە نێو منداڵانی کورددا- لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی،پڕاکتیکی) دایە.

## ٢- سنووری باسەکە:

زمانگرتن کەم و کورییەکە لە ڕەوانی ئاخاوتن.ئەم کارەش هەوڵدانێکە بۆ دەست نیشانکردنی ئەو هۆکارانەی کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی نەخۆشی زمانگرتن لەلای منداڵ،ڕۆڵی ئەو ژینگەیەش دەخاتە روو کە بەشێوەیەك لە شێوەکان کاریگەری خۆی هەیە لەسەر پەرەسەندنی زمانگرتن لەلای منداڵ.ئەو منداڵانەی کە کارەکانی ئەم باسەشیان لەسەر ئەنجامدراوە تەمەنیان لە نێوان(٧-١١) ساڵان بوو.

## ٣- ڕێبازی باسەکە:

ئەم باسە بەپێی پەیڕەوی ڕێبازی وەسفی و لە ژێر ڕۆشنایی بۆچوونەکانی کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ زمان و ئاخاوتن و بیستن(ASHA) ئەنجامدراوە.

## ٤- گرنگی باسەکە:

گرنگی باسەکە لەوەدایە تاکو ئێستا وەك لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ لەم بارەیەوە نەکراوە،جگە لەمەش پێویستییەکی زمانەوانی پراکتیکییە.هەروەها هەوڵدانێکە بۆ ڕێنیشاندانی ئەو ژینگەیەی کە منداڵی زمانگر تێدا دەژیت.

## ٥- کەرستەی لێکۆڵینەوەکە:

بە پلەی یەکەم کەرستەی ئەم لێکۆڵینەوەیە،ئەو دەربرینانەیە کە منداڵەکان دەریانبڕیوە.هەروەها سوودیش لەو چاوپێکەوتنانەش وەرگیراوە کە لەگەڵ منداڵ و دەوروبەری منداڵەکان کراوە.

## ٦- ناوەرۆکی باسەکە:

ناوەرۆکی ئەم باسە بێجگە لە پێشەکی و ئەنجام لە سێ بەش (دووبەشی تیۆری و بەشێکی پراکتیکی) پێکهاتووە.

لەبەشی یەکەمدا باس لە (بنەما بایەلۆژییەکانی زمان و ئاخاوتن) کراوە کە ئەم سەر دێرانە لە خۆ دەگرێت،کۆئەندامی دەمار،پەیوەندی نێوان دەماخ و زمان،کۆئەندامی دەنگی،کۆئەندامی بیستن.

بەشی دووەمیش تایبەتە بە (وەرگرتنی زمان لای منداڵ) کە پێکهاتووە لە تیۆرەکانی وەرگرتنی زمان لای منداڵ،قۆناخەکانی گەشەکردنی زمان لای منداڵ،ئەو هۆکارانەی کە کار لە گەشەکردنی زمان دەکەن لای منداڵ.

لە بەشی سێیەمیشدا کە بەشێکی پراکتیکییە باس لە (نەخۆشی زمانگرتن لە نێو منداڵانی کورددا) کراوە کە پێکهاتووە لە پۆلێنکردنی کەم کورتییەکانی پەیوەندیکردن،نەخۆشی زمانگرتن،نیشانەکانی زمانگرتن،هۆیەکانی زمانگرتن، جۆرەکانی زمانگرتن،قۆناخەکانی زمانگرتن،نەخۆشی زمانگرتن و زمانگرتنی ئاسایی،نەخۆشی زمانگرتن لە نێو منداڵانی کورددا،چەند ڕاستییەك دەربارەی زمانگرتن.

# بەشی یەکەم:

# بنەما بایەلۆژییەکانی زمان و ئاخاوتن

# (١) بنەما بایەلۆژییەکانی زمان و ئاخاوتن

**(١-٠) سەرەتا:**

پرۆسەی ئاخاوتن بەهۆی چەندین کارتێکردنێکی بیۆکیمیایی لە نێو دەماخدا ڕوودەدات.جگە لەوەش چەند ئەندام و کۆئەندامێکی لەشیشی بە جوولە بەشداری کردەی(بیستن،دەربڕین) دەکات.

زمان یەکێکە لەو تایبەتمەندیانەی کە مرۆڤ لە گیانلەبەرانی تر جیا دەکاتەوە.لێرەشدا پرسیارێك دێتە کایەوە:ئەو هۆکارانە چین کە وای لە مرۆڤ کردووە بە تەنیا خاوەن زمان بێت و بۆچی گیانلەبەرانی تر توانای وەرگرتنی زمانی مرۆڤیان نییە؟ ئەم پرسیار و هۆکارانە وای لە توێژەران کرد کەوا لێکۆڵینەوەکانییان بەرەو دەست نیشانکردنی ئەو ئەندام و کۆئەندامانە ببەن کە بەشداری لە کردە جیاجیاکانی زماندا دەکەن،ئەمە لەلایەك.لەلایەکی ترەوە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی کۆئەندامی بەرپرس لە زمان کە بە" کۆئەندامی زمان"(الجهاز اللغة) لە مێشکی مرۆڤ ناو دەبرێت ، بۆ ئەم مەبەستە دوو ئاراستە سەری هەڵدا:

١- زمان بەشێکە لە زانستی دەروونناسی،هەروەك چۆمسکی دەڵێ:( دەبێ سەیری زمانەوانی بکەین کەوا بەشێکە لە دەروونناسی.).

٢- سەیری زمانەوانی بکەین کەوا بەشێکە لە زانستی بایەلۆژی چونکە زمانەوانی بەشێکە لە لێکۆڵینەوەی توانستی بایەلۆژی تایبەت بە پێکهاتەی مرۆڤ .ئەم توانستە

کاریگەرە لە دەماخی مرۆڤ کە تایبەتە بە مرۆڤ وای لێ دەکات بتوانێ زانینی زمانی جۆ بەجۆر وەربگرێت.*(دیب علی حسن:٢٠٠٥:٨)*.

ئەوانە وایکرد پەیوەندیەك لە نێوان زمانەوانی و دەمارناسی و فەسلەجە دروست بێت. ئەم پەیوەندییەش بووە هۆی سەرهەڵدانی بەشێکی تری زانست کە بە زمانەوانی دەماری دەناسرێت.*(وریا عومەر ئەمین:٢٠٠٤:١٥٦)*.

شارەزابوونی بنەما بایەلۆژییەکانی زمان و گوتن(ئاخاوتن) و چۆنیەتی دروستبوونی دەنگەکان لە هەوای سییەکان و درکاندنی بە هۆی ئەندامەکانی ئاخاوتن و چۆنیەتی بیستنی ئەو دەنگانە بەهۆی کۆئەندامی بیستنەوە،شیکردنەوە وتێگەیشتنی ئەو دەنگانەش لە مێشکدا پێویستە بۆ ئەو کەسانەی کە لە بواری نەخۆشییەکانی زمان و ئاخاوتن کاردەکەن.چونکە ئاشنابوونی توێژەری نەخۆشییەکانی زمان و ئاخاوتن بە بنەما بایەلۆژییەکانی زمان و ئاخاوتن وای لێدەکات کە بتوانێ هۆکاری نەخوشییەکان و چۆنیەتی چارەسەرکردنیان دەست نیشان بکات.بۆنموونە ئەو کەسانەی کە مەلاشوویان تووشی لەتبوون بووە ئەوا پسپۆری نەخۆشییەکانی زمان و گوتن پێشنیاری نەشتەرگەری بۆ دەکات.دواتریش بە ڕاهێنانی زمانی چارەسەری ئەو کەم و کورتییانە دەکات کە بەهۆی نەشتەرگەرییەکە تووشی بووە.*(ابراهیم الزریقات:٢٠٠٥:٧١)*.

زمان و ئاخاوتنیش چەند بنەمایەکی بایەلۆژیان هەیە کە بریتین لە:

١- کۆئەندامی دەمار.

٢- کۆئەندامی دەنگی.

**٣- كۆئەندامی بیستن.**

## (١-١)كۆئەندامی دەمار (Nervous System):

**كۆئەندامی دەمار یەكێكە لە گرنگترین كۆئەندامەكانی مرۆڤ,هەر بیرێك یان هەر كارێك یاخود هەر هەستێك یان جوولەیەكی جەستەیی یاخود مێشكی ئەوا ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە كۆئەندامی دەمارەوە هەیە.**(*محمد سلیم صالح و عبدالرحیم محمد عشیر:١٩٨٢ :١٥١*).

**كۆئەندامی دەمار لە لای مرۆڤ لە دوو بەشی سەرەكی پێكهاتووە كە بریتییە لە:**

### (١-١-١)چێوە كۆئەندامی دەمار (Peripheral Nervous System):

**چێوە كۆئەندامی دەمار لە:كاسە دەمار(Cranial) و دڕكە دەمار(Spinal) پێك دێت.ئەركی ئەم دوو بەشەی چێوە كۆئەندامی دەمار بریتییە لە: گواستنەوەی زانیارییە هەستییەكانە لە بەشەكانی لەشی مرۆڤ بۆ دەماخ , بە پێچەوانەش گواستنەوەی زانیارییە جوولەییەكانە لە دەماخەوە بۆ ماسولكەكانی لەش.كاسە دەمارییەكان ژمارەیان (١٢) جووتە لە دەماخەوە دروست دەبن و لەوێشەوە بەرەو دەم وگوێ و لووت درێژ دەبنەوە بەڵام دڕكە دەمارییەكان ژمارەیان (٣١)جووتە ڕاستەوخۆ بە دڕكە پەتك بەستراون, لەوێشەوە بۆ ناوچەكانی مل و سنگ و سگ درێژ دەبنەوە.**(*خالد كبیسی:٢٠٠٢ :١٠٧*).

**دڕكە دەمارەكان دەورێكی بەرچاویان لە ڕێكخستنی كرداری هەناسەدان لە كاتی ئاخاوتندا هەیە،بەهۆی ئەو ماسوولكانەی كە بۆی دەچن.**(*جلوریا ج.بوردن و ئیتر:١٩٩٨ :٨٧*).

## (١-١-٢)كۆئەندامی دەماری ناوەند (Central Nervous System):

كۆئەندامی دەماری ناوەندیش پێك دێت لە:دەماخ (Brain) و دڕكە پەتك (Spinal cord).

### (١-١-٢-أ)دڕكە پەتك (Spinal cord) :

ئەم بەشەی كۆئەندامی دەماری ناوەند بەدرێژكراوە و تەواوكەری دەماخ دادەنرێت,دەكەوێتە ناو بڕبڕەی پشت.لە رووی پێكهاتە و ئەركدا دڕكە پەتك سادە و ساكارترە لە دەماخ,ئەركی سەرەكی پاراستنی لەشە لە رێگای هەڵسان و بەئاكام گەیاندنی ژمارەیەك لە پەرچە كردار,سەرەڕای بەشدار بوون و هاوكاری كردنی دەماخ لە بە ئاكام گەیاندنی هەندێك جوولە و چالاكی بە مەبەست،واتە دڕكە پەتك ناوەندێكە لە نێوان دەماخ و ئەندامەكانی تری لەشی مرۆڤ .(*كەریم شەریف قەرەچەتانی:٢٠٠٦ :٢٠*).

### (١-١-٢-ب)دەماخ (Brain):

دەماخ بە مەڵبەندی رێكخستنی وەلامدانەوە خۆویست و خۆییەكانی وریاكەرەوە هەستییەكان دادەنرێت,لەناویدا مەڵبەندی كۆنترۆلی كرداری هەناسەدان وگواستنەوەی مادەكان لەناو لەشدا هەیە,سەرەڕای مەڵبەندەكانی كۆنترۆلی جوڵە خۆویستەكان و ناوچە هەستییەكان وەك:بینین و بیستن...هتد.(*محمد سليم صالح وعبدالرحيم محمد عشير:١٩٨٢ :١٥٢*).

دەماخ بە پەیوەندییە زۆرە هەمە چەشنەكان و تویكاری فەرمانە جۆربەجۆرەكانییەوە دەناسرێتەوە لە نێوان بەشە جیاوازەكانییدا,بەم پێیەش دەماخ لە سێ ناوچەی سەرەكی پێك دێت :

١- مێشك (Cerebrum).

٢- مێشكۆكە (Cerebellum).

٣- قەدی دەماخ (Brain stem).ئەمەش بەشبەحاڵی خۆی لە:ناوەندە دەماخ Midebrain,پرد pons,لاكێشە مۆخ Medulla oblongata,داینسفالۆن Diencephulon پێك دێت.*(رمزی الناجی،عصام الصفدی:٢٠٠٥:٤٥).*




وێنەی(١-١) www.6abib.com

**•مێشكۆكە:**

مێشكۆكە شێوەكەی تاڕادەیەك هێلكەییە,لەناوەڕاستدا تەسك بۆتەوە,لە سەرەوە و خوارەوە پانە,هەر دوو لاتەنیشتەكانی بەنیوە گۆی مێشكۆكە ناو دەبرێن. لە ناو مێشكۆكە مەڵبەندەكانی ڕێكخستنی وردی جوولە خۆیستەكان هەیە.هەروەها مێشكۆكە ئەركی گواستنەوەی ترپە دەمارییەكان(شەپۆلە دەنگییەكان) لە گوێی ناوەوە بۆ ناوچەی سەرەكی بیستن لە مێشك دەبینێت.

**•لاكێشە مۆخ:**

**بەشی كۆتایی دەماخە, لە روخسارەوە بە دڕكە پەتك دەچێت.هەروەها دەماخ بە دڕكە پەتك دەگەیەنێت. لاكێشە مۆخ مەڵبەندی كۆمەلێك دەمارە كە هەندێك كردار دەكەوێتە ژێر ڕكێفیان .وەك: كرداری هەناسەدان,ڕێكخستنی لێدانی دڵ...هتد.**(*حكمت عبد الكريم فريحات:٢٠٠٠:٧٥*).

**•مێشك:**

**مێشك گەورەترین بەشی دەماخە،نزیكەی ٩٠٪ دەماخ پێك دێنێت.مێشك بە هۆی دڕزێك كە پێی دەگوترێت دڕزە درێژ**(Longitudinal fissure) **كراوە بە دوو بەشەوە یاخود دوو نیوە گۆ:نیوە گۆی ڕاست و نیوە گۆی چەپ.هەروەها چەند درزێكی تر هەن كە مێشك دەكات بە چەند بەشێك.ئەو دڕزە گەورە درێژەش كە بەرەو پێشەوە و خوارەوە شۆڕ دەبێتەوە و مێشك دەكات بە ناوچەوانەپل و دیوارەپلەوە پێی دەگوترێت دڕزی رۆلاندۆ** (Fissure of Rolando)**.هەروەها درزی سلڤیاس** (Fissure of Sylvius) **لاجانەپل لە دیوارەپل جیادەكاتەوە و درزی پلی لاجانە پشتیش پشتەپل لە دیوارە و لاجانەپل جیادەكاتەوە.**(*ئەكرەم قەرەداخی : ٢٠٠٥:١٣١*).

**هەر نیوە گۆیەك دەكرێت بە چوار پل:**

**١-ناوچەوانەپل(الفص الجبهی**- Frontal lobe).

**٢-دیوارەپل(الفص الجداری**- Parietal lobe).

**٣-لاجانەپل(الفص الصدغی**- Temporal lobe).

٤-پشتەپل(الفص القفوی- Occipital lobe). *[سەیری وێنەی(١-١)بکە]*.

نیوە گۆیەکانی مێشك لە رووی پێکهاتەوە وەکو یەکن بەڵام لە رووی ئەرکەوە هەریەکە خاوەن ئەرکی تایبەتی خۆیەتی و هەر لۆبێکیش لە هەر نیوە گۆیەکی مێشك خاوەن ئەرك و فەرمانی تایبەتی خۆیەتی.واتە یەك لایەنی لە پسپۆریەتی لە نێو هەر دوو نیوە گۆیەکە هەیە.ئەم یەك لایەنەش تەنیا لە مرۆڤدا نییە بەڵکو هەندێك بەڵگەی نویێ هەن کە ئاماژە بەوە دەکەن کە لە باڵندەی کەناری و باڵندەی تریش هەیە.ئەمەش ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە زمان لە ئەنجامی گەشە کردنی نیوە گۆیەکانی مێشك و وەرگرتنی پسپۆرێتی گەشەی کردبیێ.*(احمد شفیق الخطیب:٢٠٠٧:٣)*.

هەر مێشکیش بە تەنیا ناکریێ بە دوو بەشەوە بەڵکو تۆری چاویش(شبکة العین) دەکریێ بە دوو بەشەوە.واتە هەر چاوێك دەکرێت بە دوو بەش(ڕاست،چەپ).بەشی ڕاستی تۆری چاوی ڕاست و چەپ بە نیوەی گۆی چەپی مێشك بەستراوە و بەشی چەپی تۆری هەر دوو چاو بە نیوەی گۆی ڕاستی مێشك بەستراوە.*(ناصر الجهنی:٢٠٠٧:١)*.

لە رووی باڵا دەستییەوە،بەزۆری نیوە گۆی چەپ لە مرۆڤدا باڵادەستە بەسەر نیوە گۆی ڕاست.نیوە گۆی چەپی مێشك بەرپرسە لە بەشی ڕاستی لەشی مرۆڤ و نیوەی گۆی ڕاستی مێشکیش بەرپرسە لە بەشی چەپی لەشی مرۆڤ .*(یوسف شەریف،وانەکانی خوێندنی باڵا(ماستەر)،کۆرسی دووەم،٢٠٠٥-٢٠٠٦)*.

سەبارەت بە زمانیش ئەوا نیوەی گۆی چەپی مێشك بەرپرسە لە تێگەیشتن و بەرهەمهێنانی زمان و ئەو ناوچانەی کە پەیوەندیان بە زمانەوە هەیە هەر دەکەوێتە نیوە گۆی چەپی مێشك بەڵام نیوە گۆی ڕاستی مێشك ئەوا دەور دەبینیێ لە

چارەسەرکردنی زانیارییە زمانییەکان.هەر تێکچوونێك لە نیوەی گۆی ڕاستی مێشك دەبێتە هۆی کەم و کورتی لە تێگەیشتنی قسە و پەرە زمانییەکان و هەندێك کێشەی سنووردارکراو بە لێکدانەوەی پراگماتیکی بۆ کردە زمانییەکان.(*رضا نیلی پور:١٣٨٠: ٢٢،ابراهيم الزريقات:٢٠٠٥: ١٠٤*).

هەر دوو نیوە گۆیەکەی مێشکیش بە هۆی چەپکێکی پان لە ڕیشاڵ یان دەمارە ڕیشاڵ بە یەکەوە دەبەسترێنەوە و پێیان دەگوترێت تەنە رەقە(الجسيم الصلب– corpus callosum). جگە لەمەش سێ تەنی بەستەری بچووکی دیکەش هەیە لە نێوانیان کە بریتین لە گۆریچە و هەردوو تەنە بەستەری پێشەوە و دواوە.یەکتر بڕینی ریشالە دەمارەکانی ناوچەی تەنە رەقە و تەنە بەستەرەکانی دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەر نیوە گۆیەك بەو بەشەی کە لێی بەرپرسیارە لە لەش ببەسترێتەوە.(*ئەکرەم قەرەداخی :٢٠٠٥: ١٢٧*).

نوێترین بەڵگەش بۆ سەلماندنی پسپۆرییەتی هەر نیوە گۆیەك ئەو نەخۆشانەیە کە تووشی حالەتێکی ترسناك بوونە لە نەخۆشی فێ(گەشکە)،دەکرێ ئەو کەسانە بە هۆی بڕینی تەنە ڕەقەی کە لە نێوان هەر دوو نیوە گۆیەکەیان هەیە چارەسەر بکرێن.ئەم نەشتەرگەرییە هیچ کاریگەرییەکی ئەو تۆی نییە لەسەر ژیانی ئەو کەسانە تەنیا ئەوە نەبێت ئەگەر هەر شتێکت دایە دەستی چەپی هەریەکێك لەمانە و چاویشت داخستبوو ئەوا ناتوانێت ناو لە شتەکە بنێت،لەگەڵ ئەوەی دەتوانێت شتەکە لە شتی تر جیاواز بکاتەوە بەڵام ناتوانێت ناوی لێبنێت،چونکە نیوە گۆی ڕاستی مێشك ناتوانێ ئەو شتەی کە هەستی پێکردووە بیگوازێتەوە بۆ نیوەی گۆی

چەپی مێشك بۆ ئەوەی ناوی لێبنێت،لە هەمان کاتیشدا شتێکی تر خستە دەستی ڕاستی ئەوا یەکسەر دەتوانێت ناو لە شتەکە بنێت.(*احمد شفیق الخطیب:٢٠٠٧:٤*).

## (١-٢)پەیوەندی نێوان دەماخ و زمان:

هەرچەندە تاکو ئێستا نەزانراوە کە چۆن زمان لە ناو دەماخ کاردەکات؟ واتە نەزانراوە ئەودەنگانە دەماخ چۆن لێکیان دەداتەوە و چۆنیش ئەو وشە و ڕستانە هەڵدەبژێرێت و فرمان بۆ بەشەکانی دەردەکات تاکو لە ئەرکی بەرهەمهێنانی دەنگەکان بەشداری بکەن.لەگەڵ ئەوەش شارەزایانی بواری دەمارناسی(دەمارناسی زمان) توانیویانە چەند ناوچەیەك لە دەماخ بە تایبەتی لە نیوە گۆی چەپی مێشك دیاری بکەن کە پەیوەندی بە کردە زمانییەکانەوە هەیە.ناوچەکانیش ئەمانەن:-

### ١- ناوچەی برۆکا(Broca's Area):

ئەو ناوچەیە دەکەوێتە پێشەوەی نیوە گۆی چەپی مێشك.بەشی زۆری ئەم ناوچەیە دەکەوێتە ناوچەوانە پل.ئەو بەشە بەرپرسە لە جێ بەجێ کردنی کردە ئاخاوتنییەکان بە شێوەیەکی جوولەیی.هەروەها بەرپرسە لە پێکهێنان و دروستکردنی وشە و ڕستە و هەڵبژاردنی شێوەی کار و نیشانەی کۆ و ئامرازەکانی بەستن و پەیوەندی...هتد.(*صوت الحياة:٢٠٠٧:٢*).

هەر کەم وکورتییەك لە ناوچەی برۆکا چەند ئەنجامێکی لێدەکەوێتەوە وەك:(زەحمەتی دەربرین،خراپی گۆکردن،لە دەستدانی هەندێك ئامرازی پەیوەندی و بەستن،لەدەستدانی توانای دروست کردنی ڕستەیەکی تەواو).(*موفق الحمداني : ١٩٨٢ : ٧٤*).

## ٢- ناوچەی ڤێرنیکا(Wernike’s Area):

ئەو ناوچەیە دەکەوێتە نزیك ناوچەی بیستنی سەرەکی لە بەشی دواوەی لاجانە پل.ئەو ناوچەیە بەرپرسە لە تێگەیشتن و شیکردنەوەی ئاخاوتن(کردنەوەی کۆدەکان).هەروەها ئەم ناوچەیە بەرپرسە لە دانانی واتا و هەڵبژاردنی دەنگ و وشەکان بۆ بەرهەمهێنانی ڕستەکان.(*صوت الحياة:٢٠٠٧:٢*).

تێکچوونی ناوچەی ڤێرنیکاش دەبێتە هۆی لە دەستدانی واتا.واتە ئەو کەسەی کە ناوچەی ڤێرنیکای تێکچووە هەر چەند قسە بکات ئەوا واتای نییە لەگەڵ ئەوەی ئاخاوتنەکەی لە رووی ڕۆنانەوە تەواون.(*ناصر الجهني:٢٠٠٧:٢*).

هەر دوو ناوچەی برۆکا و ڤێرنیکاش بەهۆی کۆمەلێك لە ریشالە دەمارییەکان بەستراون کە بە ڕیشاڵە کەوانەیەکان(الألياف المقوسة- Arcuate Fasciculus) ناسراون و ئەرکیان دروستکردنی پەیوەندییە لە نێوان هەر دوو ناوچەکەی مێشك.

هەندێك لە زانایانی ئەڵمانی هۆکاری سەرهەڵدانی نەخۆشی زمانگرتن لەلای مرۆڤ دەگەرێنەوە بۆ بوونی کەم و کورتی لەم ڕیشاڵانە کە ناتوانن بە شێوەیەکی گونجاو پەیوەندی لە نێوان هەر دوو ناوچەکەی زمان لە مێشك دروست بکەن.

## ٣- ناوچەی بیستن(Auditory Centre):

ناوچەی بیستنی سەرەکی یاخود لۆچی هەشل(Heschl’s Gyrus).ئەم ناوچەیە دەکەوێتە تەنیشت ناوچەی ڤێرنیکا،شێوەکەی وەك پەنجەیەکی دەست وایە.ئەم ناوچەیە بەرپرسە لە وەرگرتنی ئەو دەنگانەی کە دەبیسترێن.

هەر تێکچوونێك لەم ناوچەیە دەبێتە هۆی نەخۆشییەك كە بە (كەڕی وشەكان– Word Deafenss) ناسراوە. تووشبووی ئەم نەخۆشییەش دەنگەكان بەو شێوەیەی(بەو ڕێزبەندیەی) كە لە دەمی قسەكەر دەرچووە ناگاتە گوێی گوێگر،بەڵكو پاش و پێشی دەكات.(*محمد حسن عبدالعزيز:١٩٨٣:١٠٦*).

زانایانی دەمارناسی ئەمریکی باوەڕیان وایە كە گەورە و بچووكی ئەم ناوچەیەش كاریگەری خۆی هەیە لە فێربوونی زمانی تر.هەرچەند ئەم ناوچەیە گەورە بێ ئەوا ئەو كەسە توانای فێربوونی زمانی تر زیاتر دەبێت.ئەمەش بوونی پەیوەندی نێوان دەماخ و فێربوونی زمان دەسەڵمێنێت.

**٤– ناوچەی جووله (Motor Cortex):**

ئەم ناوچەیە دەكەوێتە ناوچەوانە پل نزیك ناوچەی برۆكا لە پێش درزی رۆلاندۆ.ئەم ناوچەیە بەرپرسە لە كۆنترۆڵكردنی جوولە خۆویستەكانی لەش وەك:جوولەی لێوەكان،جوولەی زمان،جوولەی ماسولكەكانی تری دەم و چاو.(*موفق الحمداني:١٩٨٢:٧٢*).

**٥– لۆچی گۆشە (Angular Gyrus):**

ئەم ناوچەیە دەكەوێتە نێوان خوارووەوەی دیوارە پل،دواوەی ناوچەی ڤێرنیكا،ئەم ناوچەیە بەرپرسە لە گۆڕینی ورووژێنەرە بینینەكان بۆ شێوەی بیستن وەك گۆڕینی نووسین بۆ دەنگ تاكو ڤێرنیكا لێی تێ بگات.(*صوت الحياة:٢٠٠٧:٢*).

٦- ناوچەی بینینی سەرەکی:

ئـەم ناوچـەیە دەکەوێتـە پشـتە پـل بەرپرسـە لـە بینین.ئـەم ناوچـەیە ئـەرکی خوێندنەوەی وشە و ڤاکۆبلەرییەکان دەبینێت کە بە شێوەی تیشکەوە لە چاوەوە بە ڕێگای دەماری بینینەوە گواستراپتەوە ئەم ناوچەیە،ئەرکی ناسینەوەی شتەکانیش دەبینێت وەکو هەنگاوێکی سەرەتایی بۆ ناولێنانی شتەکان.(*سعادة خلیل:٢٠٠٧:١*).

تێکچـوونی ئـەم ناوچـەیەش دەبێتـە هـۆی کـوێری وشـەکان ( Word blindnees).کەسـەی تووشـبووی بـەو نەخۆشـییە هەرچەندە توانـای خوێندنـەوەی هەیە و خۆی لە خوێندنەوەی خۆی تێدەگات بەڵام لە کاتی گۆکردنی وشەکان (خوێندنەوە بۆ کەسێکی تر) ئەوا گوێگر لێی تێناگات چونکە لەوانەیە یان پیتێك بە پیتێکی تر بگۆڕێت یان شوێنی پیتەکان بگۆڕێت.(*مصطفی فهمی:١٩٧٥:٦٧*).




وێنەی(١-٢)

## (١-٣)كۆئەندامی دەنگی(Vocal Tract):

کۆئەنـدامی دەنگـی بـە یـەکێك لـە گـرنگترین بنـەما بایلۆژییـەکانی ئاخـاوتن دادەنرێت کە رۆڵێکی بەرچاو و کاریگەری هەیە لە پرۆسەی ئاخاوتن و گەیاندنی بیروڕای مرۆڤ .هەروەها دەگوترێت کۆئەندامی دەنگی مرۆڤ خۆیەتی بەهەموو ئەندام و کۆئەندامـە ئەنـدامی و بایەلۆژییەکانی.تەنانـەت لایـەنی دەروونـیش دەگرێتـە خۆی,چـونکە ئـەم ئەنـدام و کۆئەندامانـە هـەموویان بەشـداری دەکـەن لـە کـردەی دەرکردنی دەنگ.هەر چەندە هەریەك لەمانە بە شێوەیەکی جیاواز بەشداری دەکەن لە کردەی ئاخاوتن.(*کمال بشر:٢٠٠٠:١٣١*).

بەشـی زۆری دەنگـی مـرۆڤیش بـە هـۆی یـەکێك لـە دەرهاوێشـتەکانی دروسـت دەبێت.ئەویش ئەو هەوایەیە کە لە کاتی هەناسەدان(Expiration) فڕێ دەدرێتـە دەرێ.ئەم هەوایە بە کۆمەڵێك ئەندام و کۆئەندام تێپەر دەبێت.هەر لە سییەکانەوە دەست پێ دەکات و بە لێو و لووت کۆتاییان دێت.

کۆئەندامی دەنگیش لە کۆئەندامی هەناسە و کۆئەندامی لەڕینەوە یان قورگی و بۆشـاییە زرنگانـەکان و ئەندامـەکانی ئاخـاوتن پێـك دێـت.(*ابـراهیم الزریقات:٢٠٠٥:٧١،احمد مختار عمر:١٩٧٦:٧٩*).

کۆئەندامی هەناسەش کە هەوای پێویست دەردەکات بۆ بەرهەمهێنانی دەنگەکانی زمان،لە بۆری هەوا و سییەکان پێك دێت.کۆئەنـدامی لەرینـەوەش لـە جووتـە تاڵـە دەنگییـەکان پێـك دێـت کـە دەکەوێتـە نـاو قـورگ.تاڵـە دەنگییـەکانیش لـە کـاتی قسـەکردندا بـە پێـی شـێوەی جووڵانەوەیان(چـەندێتی هاتنەوەیـەك و

دووركەوتنەوەیان) لە ڕێڕەوی هەوا دەرچوو لە سییەكانەوە بۆ بەشەكانی سەرەوەی قورگ هەڵدەستن بە پەیداكردنی ئاوازەیەكی دەنگی كە بە دەنگێكی زرنگەدار ناو دەبرێت.(*كمال بشر:٢٠٠٠:١٣٥*).دواتر بۆشاییە زرنگانەكانی (دەم،لووت،گەروو) هەڵدەستێ بە گۆڕانی دەنگەكە یاخود جۆرە زرنگانێك بۆ دەنگە زرنگەدارەكە دروست دەكات, جگە لەوەش جۆری دەنگ و دەنگەكانیش دیاری دەكەن.(*ابراهیم الزریقات:٢٠٠٥:٧١*).

**(١-٣-١) كۆئەندامی هەناسە:**

كۆئەندامی هەناسە بەو كۆئەندامە تایبەتییە دادەنرێت كە هەوای پێویست(كەرستەی سەرەكی دەنگ) دەردەخات بۆ دروستكردنی دەنگ، بەڵام لەگەڵ ئەوەش ئەركی سەرەكی و بنەرەتی كۆئەندامی هەناسە بریتییە لە گواستنەوەی ئۆكسجین لە دەرەوەی لەشی مرۆڤ بۆ خوێن و خانەكانی لەش و دەركردنی دووەم ئۆكسیدی كاربۆن بۆ دەرەوەی لەش و بەشداریكردنیشی لە كردەی ئاخاوتن بە ئەركێكی لاوەكی دادەنرێت.(*موفق الحمدانی:١٩٨٢:٦٠*).

كۆئەندامی هەناسە لە هەر دوو ڕێڕەوی سەرەوە و خوارەوەی هەناسە پێك دێت.ڕێڕەوی سەرەوەی هەناسەش لە:( لووت یان دەم، گەروو، قورگ) پێك دێت، هەرچی ڕێڕەوی خوارەوەیە لە:( بۆری هەوا، دوو لقە بۆرییە هەواییەكان،سییەكان) پێك دێت. جگە لەم دوو ڕێڕەوەی كۆئەندامی هەناسە چەند ئەندامێكی تر بەشداریدەكەن لە كردەی هەناسە و كردەی هەناسەش بەبێ ئەوان ئەستەمە لەوانە:-

## ١- سەنتەری هەناسە لە دەماخ:

سەنتەری ڕێکخستنی هەناسە لە دەماخ دەکەوێتە لاکێشە موخ.ئەم سەنتەرە لە چەند خانە دەمارێك پێکهاتووە:هەیانە کردەی هەناسە وەرگرتن ڕێك دەخات و هەیانە کردەی هەناسەدان ڕێك دەخات.هەروەها ناوچەی پردیش لە دەماخ بە ڕێکخەری گونجان لە نێوان هەناسەدان و هەناسە وەرگرتن دادەنرێت.(*زمرة المدائن:٢٠٠٧:١*).

## ٢- قەفەسەی سنگ:

قەفەسەی سنگ لە رووی پێکهاتەوە لە(١٢) جووت پەراسوو پێکهاتووە.قەفەسەی سنگ لە دواوە بە بڕبڕەی پشت نووساون بەلاّم لە پێشەوە بەهۆی کڕکڕاگەوە بە کۆڵەی سنگ نووساون(تەنیا دوو جووتەکەی کۆتایی نەبێت کە بە کۆڵەی سنگ نەبەستراون بەڵکو بە پەراسووەکانی سەرەوە بە ستراون).

هەروەها لە نێوان پەراسووەکانیش ماسوولکە درێژ دەبنەوە کە بە تەواوکەری دیواری سنگ دادەنرێن.ئەم ماسوولکانەش بە ماسولکەی نێو پەراسووەکان ناو دەبرێت.ماسوولکەکانیش دوو جۆرن: دەرەکی و ناوەکی کە یارمەتی قەفەسەی سنگ دەدەن بۆ کشان و هاتنەوەیەك بۆ ئەنجامدانی کردەی هەناسە.(*محمد صلاح عبدالرحيم:٢٠٠٧:٢*).

## ٣- ناوپنچك:

ناوپنچك گرنگترین ماسوولکەی کۆئەندامی هەناسەیە. ناوپنچك ماسوولکەیەکی باریك و درێژە و شێوەیەکی کەوانەیی هەیە،سك و سنگ لە یەك جیا

دەكاتــەوە. بەگرژبوونــەوەی ناوپنچــك شــێوەكەی دەگۆرێــت و شــێوەیەكی تــەخت وەردەگرێت.بەمـەش بـەرەو خـوارەوە و پێشـەوە دەچێت و كـار لـە ئەندامـەكانی نـاو بۆشایی سك دەكات كە بێتەوە ناو یەك،رێگاش بە قەفەسـەی سنگ دەدات بـۆ فراوان بوون،لـەم حالەتەشـدا كـردەی هەناسـە وەرگـرتن روودەدات. كـاتێكیش ناوپنچك بـۆ بــاری خــۆی دەگەرێتــەوە ئــەوا كــردەی هەناســەدان روودەدات.(*ابـراهيم الزريقـات: ٢٠٠٥:٧٧*).

**(١-٣-١-أ)بۆری هەوا و سییەكان:**

سییەكان بە سەرچاوەی سەرەكی دادەنرێن بۆ بەرهەمهێنانی هەوای پێویست بـۆ كــردەی ئاخاوتن،جگــە لــەوەش ژیــانی مــرۆڤ بــەبێ ســییەكان ئەستەمە.ســییەكان تــەنێكی لینجییــە توانــای كشــان و هاتنەوەیــەكیان هەیــە بــەڵام نــاتوانن بــە تــەنیا بجولێنەوە بەڵكو پێویستی بە هێزێكە بۆ كشان و هاتنەوەیەك.ئەم هێزەش ناوپنچكە یاخود قەفەزەی سنگە.(*احمد مختار عمر:١٩٧٦: ٨٠*).

بۆری هەوا بریتییە لەو رێرەوەی كە دەكەوێتە نێوان قورگ و سییەكان.لە رووی پێكهاتەوە:بەشی پێشەوەی بـۆری هـەوا لـە چـەندین كرکراگە پێك دێت بـەڵام بەشـی دواوەی دیوارەكـەی لـە ماسـولكە پێك دێت.ئەمـەش وای لـە بـۆری هـەوا كـردووە كـە تونــد و كــراوە بێــت بــۆ تێپــەربوونی هەوا.هــەروەها ئــەم پێكهاتەشــی یارمــەتی گرژبوونــەوەی بەشەماســولكەیەكەی دەدات چــونكە ئــەم گرژبوونــە پێویســتە بــۆ پەیــداكردنی تــەوژمێكی هەوایی(تەزوویــەكی هــەوایی) لــە هــەوای دەرچــوو لــە

سییەکانەوە بۆ قورگ.بەمەش یارمەتی جووتە تاڵە ژێیەکە دەدات لە دەرکردنی دەنگی جۆراوجۆر.(*ناصر بهبهابی:٢:٢٠٠٧*).

ڕادەی تیژی دەنگیش پەیوەستە بە هێزی ئەو هەوایەی کە بە تاڵە ژێیەکان تێپەر دەبێت.

**(١-٣-١-ب)میکانیزمی هەناسە:**

کردەی هەناسە لە کاتی ئاساییدا لە نێوان ١٠-١٥ جارە لە دەقیقەیەك.

کردەی هەناسەش بەم شێوەیە روودەدات:

مەڵبەندی هەناسە لە لاکێشە مۆخ وەڵامی ئەو ئاماژانە دەداتەوە کە بۆی هاتووە سەبارەت بە زیادبوونی رێژەی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن لە خوێندا بۆیە بریار بۆ دڕکەپەتك لەوێشەوە بۆ ماسوولکەکانی قەفەسەی سنگ و ناوپەنچك کە گرژببنەوە.بە گرژبونەوەی ماسوولکەکان سییەکان فراوان دەبنەوە و دەکرێنەوە و کردەی هەناسە وەرگرتن روودەدات،دواتر مەڵبەندی هەناسە ئاماژەی تر دەنێرێت بۆ روودانی کردەی هەناسەدان بەوەی ماسوولکەکان بێنەوەیەك.قەفەسەی سنگ و ناوپنچك دەگەرێنەوە سەر حالەتی ئاسایی خۆیان.بەمەش سییەکان ناچار دەبن هەوای زیادە فرێدەنە دەرێ.(*جلوریا ج.بوردن وئیتر:٩١:١٩٩٨*).

ڕێژەی ئەو هەوایەی لە کاتی هەناسەی ئاسایی لە کردەی هەناسە وەرگرتن وەریدەگرین بریتییە لە ٤٠٪ هەوای سییەکان و ئەو ڕێژەیەش لەکاتی هەناسەدان فرێ دەدەینە دەرێ بریتییە لە ٦٠٪ هەوای سییەکان.(*هەمان سەرچاوە:٩٧*)

کردەی هەناسە لە کاتی ئاخاوتندا یاخود گۆرانی وتندا بریتییە لە جۆرە جیابوونەوەیەکی ڕادیکالی لە کردەی هەناسە لە کاتی ئاساییدا.هەر چەندە میکانیزمی هەناسە لە کاتی ئاخاوتندا تاکو ئێستا نەزانراوە چۆنە؟ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند جیاوازییەك هەیە لە نێوانیان.وەك:-

١- کردەی هەناسەدان و هەناسە وەرگرتن لە کاتی ئاساییدا هەر یەکەیان نزیکەی (٢.٥)چرکە دەخایەنن بەڵام لە کاتی ئاخاوتندا ئەوا کاتێ دەست بە ئاخاوتن دەکەین ئەوا قۆناغی هەناسە وەرگرتن لە نێوان(٢-٣)چرکە دەخایەنێت.لە پاشانیش کردەیەکی هەناسە وەرگرتنی درێژ دێت لە کاتی قسەکردندا ماوەکەی (١٥) چرکە دەبێت.*(ابراهیم الزریقات:٢٠٠٥:٧٦)*.

چونکە کاتێك ئێمە قسە دەکەین ئەوا ١٠٪ هەوا وەردەگرین و ٩٠٪ هەواش فرێ دەدەینە دەرێ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤ (١.٥) لیتر هەوا لە سییەکانی دەهێڵێتەوە و فرێی نادەتە دەرێ.هەروەها دەبێ ئەوەش بزانین کە کردەی هەناسەدان سووڕی خۆی تەواو ناکات لە کاتی ئاخاوتندا هەروەك ئەوەی کە لە کاتی ئاسایدایە ئەنجامی دەدات.(*جلوریا ج.بوردن وئیتر:١٩٩٨:٩٧*).

٢- جیاوازییەکی تر لەوەدایە ئێمە لە کاتی ئاساییدا کردەی ( هەناسەدان و هەناسەوەرگرتن) تەنیا بۆ ئەوەی بژین ئەنجامی دەدەین،کۆئەندامی هەناسەش بەردەوام کراوەیە و هیچ بەربەستێك لە ڕێی هەوای دەرچوو نییە,بەڵام لە کاتی ئاخاوتندا ئەوا هەوای دەرچوو لە سییەکان لەلایەن تالە ژێیەکانەوە تووشی بەرەنگاربوونەوە دەبێت،جگە لەوەش پێداویستی هەوای پەستێنراو لە

بەرهەمهێنانی دەنگ چەند پێداویستی تێکچڕاو دەخاتە سەر ئەندام و ماسوولکەکانی بەشی خوارەوەی ڕێرەوی هەناسە.*(ابراهيم الزريقات:٢٠٠٥:٧٦)*.

## (١-٣-١-پ)جۆرەکانی هەناسە:

مرۆڤ بە دوو شێوە دەتوانێت کردەی هەناسە ئەنجام بدات،کە بریتین لە:

### ١- هەناسەی سەرەوەی سنگ:

ئەو جۆرە هەناسەیە کە بەهۆی ماسولکەکانی پەراسوو بە یارمەتی ماسوولکە لاوەکییەکانی هەناسە کە بەشی زۆریان دەکەوێتە ناوچەی مل(نزیکی قورگ یان بە قورگ نووساون) ئەنجام دەدرێت.ئەو ماسوولکانەی بەو کارە هەڵدەستن دوو جۆرن:هەیانە کاتێک گرژدەبنەوە قەفەسەی سنگ بەرەو سەرەوە و دەرەوە دەبن.بەمەش کردەی هەناسە وەرگرتن ڕوودەدات،هەیانە قەفەسەی سنگ بەرەو ناوەوە و خوارەوە دەبن بەمەش کردەی هەناسەدان روو دەدات.*(محمد صلاح عبدالرحيم:٢٠٠٧)*.

### ٢- هەناسەی سکی:

ئەو جۆرە هەناسەیە کە بەهۆی ناوپنچک ڕوودەدات.کاتێک ماسوولکەکانی ناوپنچک گرژدەبنەوە ناوپنچک بەرەو خوارەوە دەکشێت بەمەش کار لە ئەندامەکانی ناو بۆشایی سک دەکات کە بەرەو خوارەوە و پێشەوە بچن.بەمەش قەفەسەی سنگ فراوان دەبێت و کردەی هەناسە وەرگرتن ڕوودەدات،کاتێکیش ناوپنچک دەگرێتەوە شوێنی خۆی کردەی هەناسەدان ڕوودەدات.*(غازی فاتح وەیس:١٩٨٤:٢٧)*.

## (١-٣-٢)كۆئەندامی قورگ (کۆئەندامی لەرینەوە–Laryngeal System):

قورگ بە ئەندامی دەنگ(کۆئەندامی دەنگ) دادەنرێت لە نێو بونەوەرەکان.قورگ لە رووی پێکهاتەوە بریتییە لە سندوقێکی بچووکی کرکراگەی،دیواری قورگ لە سێ کرکراگە پێکهاتووە:

١- کرکراگەی دەرەقی (The Thyroid).

٢- کرکراگەی بەشی خوارەوەی قورگ (The Cricoid's).

٣- کرکراگەی جووت قۆچکەی تەنراو (The two arytenoids).*(عائدة وصفی عبدالهادی:١٩٨٤: ٧٨.)*.

کرکراگەی یەکەم لە دیوی پشتەوە بازنەیەکی ناتەواوە بەڵام لە پێشەوە بەرز و پانە.ئەم بەرزییە پێی دەگوترێت (سێوی ئادەم).کرکراگەی دووەم بازنەیەکی تەواوە وەك بنکەیەك وایە کە قورگی لەسەر دامەزراوە.کرکراگەی سێیەم لە دوو پارچە پێکدێ و بەشێوەیەکی گونجاو لە کرکراگەی دووەم دانراوە.ئەم دوو پارچەیە توانای جوولەیان هەیە.ئەویش بەهۆی سیستەمێکی ماسولکەیی کە کاریان لێ دەکات بۆ ئەوەی بە هەموو شێوەیەك بجوولێنەوە.هەروەها بەشی دواوەی ئەم دوو پارچەیە بنکەی پاڵپشتی کردنی ئەو ماسوولکانەیە کە ئەم دوو پارچەیە دەجوولێنەوە،جگە لەوەش کۆنترۆڵی کردنەوە و داخستنی دەرچەی زورناش دەکات.*(احمد مختار عمر:١٩٧٦: ٨٠)*.

ناوەوەی قورگ بە لینجە پەردەیەك داپۆشراوە کە لەسەر شێوەی دوو جووت لە پێچانەوە درێژ دەبێتەوە:

١- جووتی سەرەوە یاخود جووتە تاڵە دەنگییەکانی سەرەوە:ئەرکی سەرەکی ئەم جووتە ئەوەیە کە یارمەتی داخستنی قورگ دەدات لە کاتی قووتدان بەڵام هیچ دەورێك نابینێت لە دروستکردنی دەنگ.هەر بۆیە بە تاڵە دەنگییە درۆزنەکان ناودەبرێن.

٢- جووتی خوارەوە یاخود جووتە تاڵە دەنگییەکانی خوارەوە:ئەم جووتە کاریگەریان هەیە لە دروستکردنی دەنگ.لەناو هەریەکە لەم جووتە تاڵە دەنگییە چەندین ڕیشالە ماسوولکەی نەرم هەیە. وەکو ماسولکە پەردەیەکی لێهاتووە،بەهۆی لەرینەوەیان لە ڕێی هەوای دەرچوو دەنگ دروست دەکەن.هەر بۆیە پێیان دەگوترێت جووتە تاڵە دەنگییە ڕاستەقینەکان.ئەم جووتە لە پێشەوە لەلای سێوی ئادەم بەیەك دەگەن و لە دواوەش بە کڕکڕاگەی جوتە قۆچکەی تەنراو بەستراون.ئەمەش وای لێکردوون بتوانن شێوەی جیاواز وەربگرن لە کاتی ڕێگرتنیان لە هەوای دەرچوو.شێوەی ئەم ڕێگرتنەش جۆری دەنگەکە دیاری دەکات سەبارەت بەوەی کپە یاخود گرە.*(ابراهیم انیس:١٩٩٩:١٩.)*.

درێژی تاڵە دەنگییەکانیش لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر جیاوازە.هەروەها لە نێوان نێر و مێش جیاوازە.درێژی تاڵە ژێیەکان لەلای پیاوان لە نێوان(١٧-٢٤) ملم دەبێت بەڵام لەلای ئافرەتان لە نێوان(١٣-١٧)ملم دەبێ.جگە لەمەش چەند جارەی کرانەوە و داخستنی تاڵە دەنگییەکان لە چرکەیەکدا کە بە(لەرەلەری لەرینەوە) ناسراوە جیاوازە لە نێوان نێر و مێ.نزمترین لەرەلەری لەرینەوەش بە لەرەلەری سەرەکی ناودەبرێت.*(ابراهیم الزریقات:٢٠٠٥:٨٢)*.

لەرەلەری سەرەکی لەلای پیاو دەگاتە نزیکەی(١٢٥) هێرتز و لەلای ئافرەت دەگاتە نزیکەی(٢٠٠)هێرتز،لەلای منداڵیش دەگاتە نزیکەی(٣٠٠)هێرتز.

ئەو بۆشاییەی کە دەکەوێتە نێوان جووتە تاڵە دەنگییەکەش پێی دەگوترێت دەرچەی زوڕنا(فتحة المزمار–Glottis).دەرچەی زوڕنا بۆشاییەکی سێگوشەیە بەڵام شێوەکەی بە پێی جوولەی تاڵە ژێیەکان دەگۆڕێت.لە ڕێگای ئەم بۆشاییەوە هەوا بۆ سەرەوە دەچێت.

لە سەرەوەی دەرچەی زوڕناش کرکراگەیەکی سێگۆشەی لاستیکی هەیە کە شێوەکەی وەك گەڵا وایە پێی دەگوترێت زمانۆچکە(زمانە بچکۆلە)(Epiglottis). زمانە بچکۆلە لە بنەوە بە پاشی زمانەوە نووساوە و سەرەکەی ڕووەو سەرەوەیە. ئەرکی سەرەکی زمانۆچکە پاراستنی ڕێرەوی هەناسەیە لە کاتی خواردن و خواردنەوە.بۆیە زۆربەی زانایان وای دەبینین کە زمانە بچکۆلە ئەرکێکی فسیۆلۆژیی هەیە.هەر چەندە هەندێك باوەڕیان وایە کە زمانە بچکۆلە دەور دەبینێت لە دروستکردنی هەندێك دەنگدا.(*ئەحمەد سالار:٢٠٠٦:٧٩،عبد الرحمن ایوب:١٩٦٨:٥٠*.)

## (١–٣–٣)بۆشاییە زرنگانەکان:

بۆشاییەکانی کۆئەندامی دەنگی لوولەیەکی دەنگی پێك دەهێنن و بەرپرسن لە گۆڕینی ئاوازی قورگی بۆ ڤاوڵەکان،لە کاتێکی هەر هاتنەوەیەکیش لە درێژایی بۆشاییەکان دەبێتە هۆی وەستانێکی کورت و بەپەلە و دواتریش هەواکە دەردەچێت و کۆنسنانتەکان دروست دەبێت.واتە بۆشاییەکان جۆری دەنگەکان دیاری دەکەن ئاخوا ڤاوڵە یاخود کۆنسنانتە.(*ابراهیم الرزیقات:٢٠٠٥:٩٠*.).

**بۆشاییە زرنگانەکان ئەمانەن:-**

**١- بۆشایی گەروو** (Pharynx).

**٢- بۆشاییەکانی لووت** (Nasal acvaties ).

**٣- بۆشایی زار** (Oral cavaty ).

**١- بۆشایی گەروو:**

**گەروو بریتییە لە لوولەیەکی(بۆرییەکی) ماسوولکەیی کە درێژییەکەی نزیکەی(١٢سم) دەبێ و بەرەو خوارەوە دەچێت.گەروو ڕێرەوەکی هاوبەشە لە نێوان کۆئەندامی هەناسە و کۆئەندامی هەرس و بە یارمەتی زمانە بچکۆلە و ئەو نەرمە گۆشتەی دواوەی مەلاشوو کارەکانی خۆی ئەنجام دەدات.هەروەها وەکو بۆشاییەکی زرنگانیش بەکار دێت و شوێنی درووست بوونی چەند دەنگێکە وەك دەنگەکانی(ح،ع) لە زمانی کوردیدا.**(*عەبولمەجید رەشید ئەحمەد،وانەکانی خوێندنی باڵا(ماستەر)،کۆرسی یەکەم،٢٠٠٥-٢٠٠٦*).

**هەروەها ئەرکی گەورە کردنی دەنگی دەرچوو لە تاڵە دەنگییەکانیش بە یارمەتی کونە لووتەکانی دەبێت.**(*زينب منصور حبيب:٢٠٠٠:٩٢*).

**لە رووی پێکهاتەوە گەروو دیوارێکی تەنکی هەیە و لە چەند ڕیشاڵێکی درێژ و بازنەیی پێکهاتووە،سێ ماسوولکەی گوشاوی تێدایە کە یارمەتی قووتدان دەدات.دیواری گەروو بە پێی ئەرکی لە دوو پەردە پێکهاتووە.بەشی گەرووی لووتی بە پەردەکی لینجی داپۆشراوە بەڵام بەشەکانی تر بە پەردەیەك داپۆشراوە کە پێی دەگوترێت پریتۆن.**

گەروو بە پێی درێژییەکەی کراوە بە سێ بەش:-

أ- ڕێڕەوی لووتی.

ب- ڕێڕەوی زاری.

ت- ڕێڕەوی قورگی.

أ- ڕێڕەوی لووتی:

ڕێڕەوی لووتی یا گەرووی لووتی(Nasopharynx) یان گەرووی سەرەوە (Epipharynx).ئەم بەشەی گەروو لەسەرەوە بە هەر دوو کوونی دواوەی لووت نووساوە و لە خوارەوەش بە گەرووی ناوەڕاست نووساوە،بە هۆی نەرمە گۆشتی پشت مەلاشووش (Uvula) هەر دوو ڕێڕەوی لووتی و دەمی لێك جیادەکرێنەوە.لە کاتی نان خواردندا ڕێڕەوی لووتی دادەخات.هەروەها نەرمە گۆشتی دواوەی مەلاشوو بەرپرسە لە کردنەوە و داخستنی هەر دوو ڕێڕەوی لووتی و دەمی لە بەردەم هەوای دەرچوو لە تاڵە دەنگییەکان.

ب- ڕێڕەوی زاری:

ڕێڕەوی زاری یان گەرووی زاری (Oropharynx) یاخود گەرووی ناوەڕاست (Mesopharynx).ئەم بەشەی گەروو لە پێشەوەی بە هۆی سێیەکی دواوەی زمان (بە ڕەگی زمان) دادەخرێت و لە دواوەش بە سێ ماسولکەی گوشین کۆتایی دێت کە لە هەموو کاتێك کراوەیە تەنیا لە کاتی قووتدان نەبێت دادەخرێت.ستوونی پێشەوەی گەرووش لە دەم جیای دەکاتەوە،زمانە بچکۆڵەش لە قورگی جیا دەکاتەوە.(*حکمت عبدالکریم فریحات:٢٠٠٠:٢٤٧*).

ت- ڕێرەوی قورگی:

ڕێـرەوی قـورگی یـان گـەرووی قـورگی(Laryngopharynx) یـان گـەرووی ژێـرەوە(Hypopharynx).ئـەم بەشـەی گـەروو راسـتەوخۆ بـە قـورگ نووسـاوە و دەکەوێتە هەردوو لای زمانەبچکۆلە.کۆتاییەکەشی دەبێت بە دوو بەشەوە یەکێکیان تایبەتە بە کۆئەندامی هەرس و ئەویتریان تایبەتە بە کۆئەندامی هەناسە.

لە چوار چێوەی ئەم دابەشکردنە دەبینین کە گەروو دەکەوێتە ژێر کاریگەری هەر یـەك لە(قورگ،زمانـە بچـکۆلە،نەرمە مەڵاشوو،نەرمەگۆشـتی پشـت مەڵاشوو،زمان).هەروەهائەوەش دەبینین کە گەروو ئەرکێکی گرنگی هەیە لە کردەی بەرهەمهێنانی دەنگ بەوەی گەروو بۆشاییەکی زرنگانە.جگە لەوەش گەروو یارمەتی بـەهێز کردنـی دەنـگ دەدات لـە پـاش بەرزبوونـەوەی لـە قوڕگـدا.(*صـادق ابـو سليمان:٢٠٠٧:٤.*).

## ٢- بۆشایی لووت یا بۆشاییەکانی لووت:

بۆشایی لووت لە دوو بۆشایی تەسکی وەکو یەك پێك دێت کە بە هۆی ئێسکی لووت و کرکراگەکانی لووت کراوە بە دوو بەشەوە.بۆشایی لووت لە سەرەوە تاکو کاسەی سـەر درێـژ دەبێتـەوە لـە نێـوان هـەردوو چاوەکان،لە ژێـرەوەش مەلاشـوو بنکەکەی پێك دەهێنێت.لە پێشەوە بە هەر دوو کونی دەرەوە دەست پیٚ دەکات و بە هەر دوو کونی ناوەوەش کۆتایی دێت.

بەشی زۆری کردەی هەناسە لە ڕێگای لووتـەوە ئـەنجام دەدرێت.هـەر بۆیـە لـەناو لووت چەند موویەك هەیە کە لە کاتی هەناسە وەرگرتن ئەرکی پاککردنـەوەی هـەوای

هاتوو لە تۆز و خۆل دەبینێ.هەروەها شلەیەکی لینجی تێدایە ئەرکی تەر کردنی هەوای هاتووە.جگە لەمانەش لووت بە پەردەیەك داپۆشراوە کە چەندین لوولەی خوێنی تێدایە ئەرکی گونجاندنی هەوای هاتوو لەگەڵ هەوای ناو سییەکان دەبینێت وە ئەگەر تووشی هەر هەو کردنێك بوو ئەوا ئەو کەسە زەحمەتی دەبینێت لە دەرکردنی دەنگەکان.

بۆشایی لووت وەکو بۆشاییەکی زرنگانە ئەرکی دروستکردنی چەند دەنگێك دەبینی وەك دەنگەکانی{م،ن،نگ}ی زمانی کوردی کە بە دەنگەکانی لووتی ناو دەبرێن.ئەم دەنگانەش بە یارمەتی مەلاشو و نەرمە گۆشتی دواوەی مەلاشوو دروست دەبێت.لە ئەنجامی نزمبوونەوەی مەلاشووی نەرم و ئەو نەرمە گۆشتەی پشت مەلاشوو رێرەوی دەم لەبەردەم هەوای دەرچوو دەگیرێت و هەوا لە رێرەوی لووت دەردەچێت.هەروەها لووت لەگەڵ گەرووی لووتی بە هۆی ئەو پەردە لینجیەی کە دایان دەپۆشێ وەك هێزێکی مژینی زرنگان بۆ ئەو دەنگانە بەکار دێت کە خاوەن لەڕەلەڕەکی بلاون.*(ابرهیم الزریقات:٢٠٠٥:٩٦.)*.

**٣- بۆشایی زار(دەم):**

بۆشایی زار و ئەندامەکانی ناوی بە گرنگترین ئەندامەکانی کۆئەندامی دەنگی دادەنرێن.هەرچەندە ئەرکی سەرەکی بۆشایی زار و ئەندامەکانی ناوی هارین و لەتکردن و پارچە کردنی خۆراکە بەلام لەگەڵ ئەوەشدا رۆلێکی بنەرەت و کاریگەر دەبینێت لە دەرکردنی دەنگەکان(بەرهەمهێنانی دەنگەکان)،بەڵکو دەتوانین بڵێین بۆشایی زار مەکینەی سەرەکی بەرهەمهێنانی دەنگەکانی مرۆڤە،چونکە بەشی زۆری

دەنگەکانی مرۆڤ لە بۆشایی زار دروست دەبن.تەنانەت ئەو دەنگانەش کە لە بەشەکانی تری کۆئەندامی دەنگی دروست دەبن ئەوا بەشێوەیەك لە شێوەکان بۆشایی زار و ئەندامەکانی بەشداری دەکەن لە دەرکردنی دەنگەکە چ بە شێوەی ئەوەی کە هەوایەکە لە دەم بچێتە دەرێ یاخود بە شێوەی رێگرتن بێت لە دەرچوونی هەوا لە ڕێگای دەمەوە.

بۆشایی دەم(زار) بە هەردوو لێوەکان دەست پێدەکات و لە بەشی سەرەوەش بە نەرمە گۆشتی پشت مەلاشووی نەرم و لە خوارەوەش بە بەشی دواوەی زمان کۆتایی دێت.بۆ ئەوەی زیاتر شارەزای ئەندامەکانی بۆشایی دەم و رۆڵیان لە کردەی بەرهەمهێنانی دەنگ بین ئەوا بە کورتی باسیان دەکەین:-

▪ **لێوەکان (The Lips):**

لێوەکان لەو ئەندامانەن کە زۆر بە ئاسانی تونای جوولەیان هەیە و چەند شێوەیەکی جیاواز وەردەگرن بۆ دروستکردنی دەنگی جۆراجۆر.وەك داخستنێکی کاتی لەپاشان کرانەوە وەك لە گۆکردنی دەنگەکانی{ب،پ} یان شێوەی خڕی(بازنەیی) بۆ گۆکردنی دەنگەکانی{ۆ،وو،و} یان کاتێك کە ددانەکانی سەرەوەی دەخرێتە سەر لێوی خوارەوە بۆ گۆکردنی دەنگەکانی{ف،ڤ}.(*غازی فاتح وەیس:١٩٨٤:٣١*).

هەروەها چەندێتی کرانەوەی لێوەکانیش درێژی و کورتی ڤاوڵەکان دیاری دەکەن.

*(عەبدوڵڵا حوسێن،وانەکانی خوێندنی باڵا(ماستەر)،کۆرسی دووەم،٢٠٠٥-٢٠٠٦).*

کەواتە لێوەکان رۆڵێکی گرنگ دەبینن لە گۆڕینی دەنگی زرنگەداری دەرچوو لە تاڵە دەنگییەکان.هەر ئەمەش وایکردووە هەندێك لە زانایان لێوەکان بە بۆشاییەکی زرنگان دانێن.(احمد مختار عمر:١٩٧٦: ٨٣).

هەر کەم و کورتییەك لە لێوەکان بە تایبەتی لێوی سەرەوە کە تووشی لەتبوون دەبێت دەبێتە هۆی کەم و کورتی لە دڕکاندنی هەندێك دەنگ،جگە لەوەش کار لە جێگیر بوونی(دروستبوونی) ددانەکان دەکات.

■ ددانەکان (**Tooth**):

ددانەکان دەبن بە دوو بەش ددانەکانی سەرەوە و خوارەوە،هەر بەشێکیش دەبێت بە چەند جۆرێك (بڕەڕ،کەڵبە،هاڕەڕ).ددانەکان دەور دەبینین لە گۆکردنی هەندێك دەنگ وەك{د،ت،ف،ڤ،ث،ذ،س،ش،ز،ژ} .ئەم دەنگانەش چ بە یارمەتی نووکی زمان بێت یان بە یارمەتی پێشەوەی زمان بێت یاخود ددانەکانی سەرەوە بخرێتە سەر لێوی خوارەوە یان هەوای دەرچوو لە بۆشایی دەم بە ددانەکان بکەوێت.(کمال بشر:٢٠٠٠:١٤١).

کەوتنە خوارەوەی ددانەکان یاخود گۆڕینیان بە ددانی دەستکرد بە تایبەتی ددانەکانی بڕەڕی سەرەوە کە دەبێتە هۆی سەر هەڵدانی هەندێ کەم و کورتی لە گۆکردنی هەندێك دەنگ.چونکە ئەم ددانانە ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە نێو ددانەکانی تر لە گۆکردنی هەندێك دەنگ.

▪ **شەویلگەی خواروو** (Mandible):

**شەویلگەی خواروو بە بنکەی سەرەکی زمان دادەنرێت.هەرچەندە شەویلگەی خواروو ڕاستەخۆ بەشداری ناکات لە گۆکردنی دەنگەکان بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چۆنیەتی جوولانەوەی(بەرزبوونەوە و دابەزینی) دەبێتە هۆکارێکی یارمەتیدەر بۆ جوولانەوە و وەرگرتنی شێوەی جۆراجۆر بۆ هەر یەك لە زمان و لێوی خوارەوە.بەمەش بەشدارییەکی کاریگەر لە بەرهەمهێنانی دەنگەکان دەکات.**(*ابراهيم الزريقات:٢٠٠٥:٩٣*).

▪ **پدوو(پووك)(Alveoli-teeth ridge):**

**پدوو ئەو بەشە جێگیرەیە کە ددانەکانی سەرەوە و خوارەوەی تێدا جێگیر کراوە.پێکهاتەکەی شێوەیەکی کووڕ و دەرپەڕیووی وەرگرتووە.شایانی باسکردنە تەنها پدووی سەرەوە بەشداری دەکات لە گۆکردنی هەندێك دەنگ بە یارمەتی زمانەوە.وەك گۆکردنی دەنگەکانی {ن،ز} لە زمانی کوردیدا.**(*عەبولجەمید ڕەشید ئەحمەد،وانەکانی خوێندنی باڵا(ماستەر)،کۆرسی یەکەم،٢٠٠٥-٢٠٠٦*).

▪ **مەڵاشوو(Palate):**

**مەڵاشوو ئەو ئەندامە ئاخاوتنەیە کە دەکەوێتە دوای پدووی سەرەوە.سەرەوەی مەڵاشوو بنکەی بۆشایی لووت پێکدەهێنێ و ژێرەوەشی دەبێتە سەقفی بۆشایی دەم.مەڵاشوو بەپێی پیکهاتەکەی لە سەقفی بۆشایی دەم دەکرێت بە دوو بەشەوە کە زۆر بە ئاسانی دەتوانرێت لە یەکتر جیا بکرێنەوە:**

١- ڕەقە مەڵاشوو(مەڵاشووی ڕەق-Hard palate):

ئەو بەشەی مەڵاشوو دەکەوێتە دوای پووك و ناوچەکەشی بەوەی لە پووك جیا دەکرێتەوە کە شێوەیەکی قۆپاوی هەیە.(*کمال بشر:٢٠٠٠:١٣٩*).

مەڵاشووی ڕەق هەروەکو لە ناوی هاتووە پێکهاتەیەکی رەقە و توانای جوولەی نییە.بەمەش لە مەڵاشووی نەرم جیا دەکرێتەوە.مەڵاشووی ڕەقیش بە یارمەتی ناوەڕاستی زمانەوە بەشداری دەکات لە دروستبوونی هەندێك دەنگ وەك دەنگی {چ}.(*غازی فاتح وەیس:١٩٨٤:٣١*).

٢- مەڵاشووی نەرم(Soft palate):

ئەو بەشەی مەڵاشوو پێکهاتەیەکی نەرمی هەیە و توانای جووڵانەوەی هەیە(توانای بەرز و نزم بوونەوەی هەیە).بەرز و نزم بوونەوەی مەڵاشووی نەرم دەور دەبینێ لە کردنەوە و داخستنی هەر دوو ڕێرەوی دەم و لووت لە پێش هەوای دەرچوو.ئەگەر مەڵاشووی نەرم نزمبۆوە ئەوا بە یارمەتی نەرمە گۆشتی پشت مەڵاشوو ڕێرەوی دەم دادەخات و ڕێرەوی لووت دەکاتەوە لە بەردەم هەوای دەرچوو لە تاڵە دەنگییەکان.بەمەش ئەو دەنگانە دروست دەبن کە بە دەنگە لووتییەکان ناو دەبرێن،ئەگەر نەرمە مەڵاشوو بەرز بۆوە ئەوا ڕێرەوی لووت دادەخرێت و ڕێرەوی دەم دەکرێتەوە لە بەردەم هەوای دەرچوو.هەروەها مەڵاشووی نەرم بە یارمەتی زمان بەشداری دەکات لە گۆکردنی هەندێك دەنگ وەك {ك،گ} لە زمانی کوردیدا.

هەر کەم و کورتییەك لە مەڵاشوو وەك بوونی بۆشایی (لەتبوون) لە بەشەکانی دەبێتە هۆی لە دەستدانی توانای درکاندنی هەندێك دەنگ،تەنانەت ئەو کەسانەی کە

لە ڕێگای نەشتەرگەرییەوە چارەسەریان بۆ دەکرێت سەر لە نویٚ پێویستیان بە ڕاهێنان هەیە،لەلایەن پسپۆری نەخۆشییەکانی گوتن بۆ چۆنیەتی گۆکردنی دەنگەکان،چونکە زۆربەیان هێشتا بەشێك لە هەوای دەرچوو کە پێویستە لە ڕێگای دەمەوە بنێرنە دەرەوە بۆ گۆکردنی دەنگەکان لە ڕێگای لووتەوە دەنێرنە دەرەوە.ئەمەش جۆرە "مخەمخێکی" پێوە دیارە وەك ئەوەی بە لووتی قسە بکات.

▪ **نەرمە گۆشتی پشت مەلاشوو(Uvula):**

ئەو پارچە گۆشتە بچووکەیە کە بە کۆتایی مەلاشووی نەرم شۆڕبوویتەوە.ئەرکی ئەم نەرمە گۆشتە ئەرکێکی فسیۆلۆژییە ئەویش بریتییە لە داخستنی ڕێڕەوی لووتی (گەرووی لووتی) لە کاتی قووتدانی خۆراك بەلام لەگەلٚ ئەوەشدا رۆلی خۆی هەیە لە دروستکردنی دەنگە لووتی و زارییەکان.جگە لەوەش بە یارمەتی دواوەی زمان دەنگی {ق} دروست دەکات.*(صادق ابو سليمان:٢٠٠٧:٥)*.

▪ **زمان (Tongue):**

زمان چالاکترین ئەندامە لە ئەندامەکانی ئاخاوتن،لەبەر ئەو رۆلە گرنگەی کە زمان دەیبینیٚ لە درکاندنی بەشی زۆری دەنگەکانی مرۆڤ،بۆیە زۆربەی شارەزایانی بواری زمانەوانی زمان وەك زاراوەیەك بەکار دەهێنن بۆ ئاخاوتنی مرۆڤ .

شێوە و چۆنیەتی جوولانەوەی زمان ڕۆلٚ دەبینیٚ لە دروستکردنی دەنگەکان،بۆ نموونە ئەگەر بە شێوەیەکی زۆر خێرا بەرز و نزمبۆوە ئەوا دەنگە کۆنسنانتەکان دروست دەکات بەلام ئەگەر زمان لە بۆشایی لەنگەری گرت ئەوا ڤاولەکان دروست دەکات.زمان بە شێوەیەکی گشتی لێپرسراوە لە درکاندنی ڤاولەکان و شوێنی

درکانـــدنی ڤاوڵـــەکانیش لەســـەر بەشـــەکانی زمـــان دیـــاری دەکرێـــت.(*غـازی فـاتح وەیس:١٩٨٤:٣٠*).

هـــەر چـــەندە لێوەکـــان و شـــەویلگەی خـــوارەوە بەشـــداری دەکـــەن لـــە دڕکانـــدنی ڤاوڵـــەکان.زمان بـــەپێی شـــوێنی لکانـــدنی یـــاخود نزیـــك بوونـــەوەی لـــە بەشـــەکانی سەرەوەی بۆشایی زار کراوە بە چەند بەشێك:

١- ســـەری زمـــان (tib of tongue):نـــووکی زمـــان بەشـــی هـــەرە پێشـــەوەی زمانە،بەشداری دەکات لە درکاندنی دەنگی {د،ت}.هەندێك لە زانایان ئەم بەشەی زمان لەگەڵ پێشەوەی زمان بەیەك بەش دادەنێن.

٢- پێشـەوەی زمـان (blade of tongue):ئـەم بەشـەی زمـان دەکەوێتـە بەرامبـەر پووك و ددان.ئەم بەشە بەشداری دەکات لە درکاندنی هەندێك دەنگ.وەك درکاندنی دەنگی {ڤ}کە ددانەکانی سەرەوە دەکەوێتە سەر پێشەوەی زمان.

٣- ناوەڕاستی زمان (front of tongue):ئەو بەشەی زمان دەکەوێتە بەرامبەر مەلاشووی ڕەق.

٤- دواوەی زمـان (back of tongue):ئـەو بەشـەی زمـان دەکەوێتـە بەرامبـەر مەلاشووی نەرم.

٥- ڕەگی زمان (root of tongue):ئەو بەشە دیواری پێشەوەی گەروو پێك دەهێنێ و بەشداری دەکات لە گۆڕینی شێوەی بۆشایی گەروو.هەندێك لە زانایان ئەم بەشە و دواوەی زمـان بەیـەك بـەش دادەنـێن.(*عبـده عبـد العزيـز قلقيلـة:١٩٧٩:١٧٢،طالـب حسـين علی:١٩٨٩:١٧*).

## (١-٤)كۆئەندامی بیستن (Auditory System):

کۆئەندامی بیستن رۆڵی سەرەکی دەبینێت لە گەشەکردنی زمان لەلای مرۆڤ (منداڵ).کۆئەندامی بیستن ڕۆڵی گواستنەوەی شەپۆڵە دەنگییەکان بۆ دەماخ دەبینێت.شەپۆڵە دەنگییەکانیش بە هۆی گوێی دەرەوە کۆدەکرێنەوە،لە ڕێگای جۆگەی دەرەوەی گوێ شەپۆڵە دەنگییەکان دەگوازرێنەوە بۆ گوێیناوەڕاست.بە هۆی لەرینەوەی پەردەی گوێ سێ ئێسکەکەی ناوەڕاستی گوێ دەلەرنەوە(دەجوولێنەوە).جووڵانەوەی ئێسکەکانی گوێ شەپۆڵ دەنگییەکان دەگۆڕێت بۆ هێزێکی میکانیکی و دەگوازرێتەوە بۆ گوێی ناوەوە.لە گوێی ناوەوەش بە هۆی ڕژانی چەند شلەیەك هێزە میکانیکییەکە دەگەێنرێتە لولپێچ.لولپێچیش ئەم هێزە میکانییکییە دەگۆڕێت بۆ تەزوویەکی کارەبایی.ئەم تەزووە کارەبایەش بە هۆی مووە ڕیشالە دەمارییەکان کۆ دەکرینەوە و رەوانەی کاسە دەماری هەشتەم دەکەن لە شێوەی ترپەی دەماری.کاسە دەماری هەشتەمیش ئەم ترپە دەمارییانە بۆ قەدی دەماخ دەگوازێتەوە،لەوێشەوە بۆ مێشك.لە مێشك ئەو ترپە دەمارییانە جارێکی تر دەکرێتەوە دەنگ تاکو مێشك بتوانێ لێی تێ بگات.(*محمد علی جلاب و میسوم محمد علوان:٢٠٠٧:٣*).

کۆئەندامی بیستن بە پێی پێکهاتە و ئەرکەکانی دەکرێتە چوار بەش:-

١- گوێی دەرەوە.

٢- گوێی ناوەراست.

٣- گوێی ناوەوە.

٤- دەمارەکانی بیستن.

## ١- گوێی دەرەوە (Outer ear):

بەشی دەرەوەی گوێیە.ئەرکی کۆکردنەوەی شەپۆڵە دەنگییەکانە،گواستنەوەی بۆ بەشەکانی ناوەوەی گوێ هەروەها ئەرکی دیاریکردنی سەرچاوەی شەپۆڵە دەنگییەکانیش دەبینێت.

گوێی دەرەوە لە پەڕەی گوێ (Auricle) و جۆگەی دەرەوەی گوێ (Ear Canal) و چینی دەرەوەی پەردەی گوێ (Outer Layer of Eardrum) پێك دێت.(*نورالهدی لوشن:٢٠٠١:١٠١*).

## ٢- گوێی ناوەڕاست (Midle ear):

ئەو بەشەی گوێ وەك بۆشاییەك وایە،پڕە لە هەوا و دەکەوێتە دوای پەردەی گوێ(نێوان گوێ دەرەوە و گوێ ناوەوە).ئەرکی ئەم بەشە ڕێکخستنی هاوبەشییە لە نێوان هەر دوو لای پەردەی گوێ بە یارمەتی جۆگەی ئۆستاکی کە بە ڕێڕەوی لووتی(گەرووی لووتی) بەستراوە.

گوێ ناوەڕاست سێ ئێسکی وردی تێدایە.بە هۆی کاریگەری لە رینەوەی پەردەی گوێ دەجووڵێنەوە.هەروەها گوێی ناوەڕاست ئەرکی گۆڕینی شەپۆڵە دەنگییەکان بۆ هێزێکی میکانیکی دەبینێت.دواتریش ئەم هێزە میکانیکییە بە هۆی ئێسکەکانی ناو گوێی ناوەڕاست دەگوازرێتەوە بۆ گوێی ناوەوە.(*عبد جلال علی:٢٠٠٠:٢*).

### ٣-گوێی ناوەوە (Inner ear):

ئەو بەشەی گوێ وەك بۆشاییەكی ئێسكی وایە،چەند ئەندامێك و جۆگەیەكی تێدایە.هەروەهاهەزاران مووە ڕیشالە دەماری تێدایە.جۆگەكان بە پێی ئەركیان دەكرێن بە دوو بەشەوە:هەندێكیان بە دەركردنی چەند ماددەیەك ئەركی گواستنەوەی لەرەلەرەكان(هێزە میكانیكییەكە) دەبینن و هەندێكیان بە یارمەتی ئەو ماددانەی كە دەریان دەكەن ئەركی ڕێكخستنی هاوسەنگی گوێ دەبینن بە تایبەتی لە كاتی جووڵانەوەی سەر و مل.

گرنگترین ئەندام لە گوێی ناوەوە لولپێچ (Cochlea) و لولپێچە جۆگەیە (Cochlear duct). لولپێچە جۆگە بە هۆی ئەو شلەیەی كە دەریدەكات هێزە میكانیكییەكەی كە لە گوێی ناوەڕاست دروست كراوە لە شێوەی شەپۆڵە بۆ لولپێچ دەگوازێتەوە.لولپێچیش هەڵدەستێ بە گۆڕینی ئەو هێزە میكانیكییە بۆ تەزوویەكی كارەبایی.تەزووی كارەباكەش بە هۆی ڕیشاڵە دەمارییەكانی چوار دەوری لولپێچ كۆ دەكرێتەوە وڕەوانەی كاسە دەماری بیستن دەكرێن.(*ابراهيم الزريقات:٢٠٠٣:٢٤-٢٥*).

### ٤- دەمارەكانی بیستن(كاسە دەمار و ڕیشاڵە دەمارییەكانی نێو گوێ):

ئەو بەشەی كۆئەندامی بیستن لە كاسە دەماری بیستن و ڕیشاڵە دەمارییەكان پێك دێت.ڕیشاڵە دەمارییەكان ئەركی كۆكردنەوە و گواستنەوەی تەزووە كارەباییەكان بۆ كاسە دەماری بیستن دەبینن.كاسە دەماری بیستنیش تەزووە كارەبایەكە بۆ ترپەی دەماری دەگۆڕێت و دەیگوازێتەوە بۆ مێشكۆكە و لەوێشەوە بۆ ناوچەی سەرەكی بیستن لە مێشك.ناوچەی سەرەكی بیستنیش لە مێشك هەڵدەستێ

به گۆڕینی ترپه دەمارییەکان سەر لە نوێ بۆ دەنگەکان(وشە و رستەکان).لەوێشەوە دەنگەکان بۆ ناوچەی ڤێرنیکا دەنێردرێن بۆ شیکردنەوە و ناسینەوەیان و تێگەیشتنیان.(ابراهیم الزریقات:٢٠٠٥:١٠٢).




www.t7di.net وێنەی(١-٣)

# بەشی دووەم:

# وەرگرتنی زمان لای منداڵ

# (٢)(وەرگرتنی زمان لای منداڵ)

## (٢-٠) سەرەتا:

لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی سەرهەڵدانی زمان لای مرۆڤ و نەگەیشتن بە هیچ ئەنجامێکی دیاریکراو و قبووڵکراو وای لە زانایان کرد لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم کە لێکۆڵینەوەکانیان ئاراستەی چۆنیەتی وەرگرتن و گەشەکردنی زمان لە لای منداڵ بکەن بە مەبەستی گەیشتن بە ئەنجامی دیاریکردنی چۆنیەتی سەرهەڵدانی زمان لای مرۆڤ .بۆیە لەمبارەیەوە (ماریۆ بای) دەڵێ:( شتێکی ئاسایی بوو کە توێژەران لێکۆلینەوەکانیان بەرەو وەرگرتنی زمان ببەن لەلای منداڵ.هەر لە کاتی لە دایك بوونیانەوە بۆ ئەوەی تیشك بخەن سەر چۆنیەتی سەرهەڵدان و گەشەکردنی زمان لە لای مرۆڤ،بەڵام ئەو لێکۆڵینانەوەی کە لەسەر منداڵ کران لە چەند حاڵەتێکی سروشتی هیچ ئەنجامێکی ئەوتۆیان نەبوو سەبارەت بە دیارکردنی چۆنیەتی سەرهەڵدانی زمان لای مرۆڤ ،تەنیا ئەو ئەنجامە نەبێت کە منداڵ زمانی ئەو ژینگە وەردەگرێت کە تێدا دەژی.).*(حلمی خلیل:١٩٨٧:٥٧)*.

ئەنجامی ئەم لێکۆڵینانە وایکرد کە بانگەوازی ئەوە بکرێت کە پێویستە زمان بە شێوەیەکی زانستی و بابەتی لێی بکۆڵدرێتەوە.بەمەش بابەتی چۆنیەتی سەرهەڵدان و گەشەکردنی زمان لە لای مرۆڤ پشت گوێ بخرێت.*(یوسف شەریف،وانەکانی خوێندنی باڵا (ماستەر)،کۆرسی یەکەم،٢٠٠٥-٢٠٠٦)*.

بەڵام لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی وەرگرتنی زمان زیاتر گەشەی سەند وە بووە بابەتێك لە بابەتەکانی زمانەوانی دەروونی.

لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی وەرگرتنی زمان لای منداڵ بریتییە لە دیاریکردنی ئەو قۆناخانەی کە منداڵ پێیدا دەڕوات.ئەم قۆناخانەش بە لەدایکبوونی منداڵ دەست پێدەکات تاکو ئەو تەمەنەی(ئەو کاتەی) کە دەتوانێت بە زمانی ئەو ژینگەیەی کە تێدا دەژیت قسە بکات.*(حلمی خلیل:١٩٨٧:٥٦)*.

ئاشنا بوونی توێژەری نەخۆشیەکانی زمان و ئاخاوتن بە چۆنیەتی وەرگرتن و قۆناخەکانی گەشەکردنی زمان لە لای منداڵ وای لێدەکات کە چەند حاڵەتێکی ئاسایی هەیە کە منداڵ لە پێش تەمەنی(٦-٧)ساڵیدا تووشی دەبێت بە نەخۆشییەك لە نەخۆشییەکانی زمان و ئاخاوتن دانەنێت،بەڵکو بە حاڵەتێکی ئاسایی دابنێت کە منداڵ لە کاتی وەرگرتنی زمان تووشی دەبێت.وەك پاش و پێش کردنی دەنگەکانی وشەیەك یان گۆرینی دەنگێك بە دەنگێکی تر یان گۆ نەکردنی هەندێك دەنگ لە کاتی ئاخاوتندا...هتد.

## (٢-١) تیۆرەکانی وەرگرتنی زمان لای منداڵ:

منداڵ لە ماوەیەکی دیاریکراودا بە بوونی مەرجە بایەلۆژی و ژینگەیەکانی زمان دەتوانێت زمانێکی سروشتی وەربگرێت.

ئەو توێژەرانەی کە لە بواری چۆنیەتی وەرگرتنی زمان کاردەکەن لەسەر ئەوە کۆکن کە قۆناخەکانی گەشەکردنی زمان لای منداڵ لەدایك بوونەوە دەست پێدەکات،

لەتەمەنی(٦-٧)ساڵیشدا تەواو دەبێت،بەڵام توێژەران لەسەر شێوەی(چۆنیەتی) وەرگرتنی زمان لای منداڵ کۆك نین،بەڵکو هەریەکە بەجۆرێك لێکی دادەتەوە.هەر یەکەش چۆنیەتی وەرگرتنی زمان بە هۆکارێکی تایبەتی دەبەستێتەوە.بۆیە ئەم جیاوازییە لە بیرورا بووە هۆی سەرهەڵدانی چەند تیۆرێك لەم بوارەدا.

(٢-١-١) **تیۆری لاسایی کردنەوە:**

ئەم تیۆرە باوەری وایە کە چۆنیەتی وەرگرتنی زمان لای منداڵ بە رێگای لاسایی کردنەوە دەبێت.واتە منداڵ لە ئەنجامی لاسایی کردنەوەی ئاخاوتنی ئەو کەسانەی کە لە ژینگەکەی هەن(دەژین) دەتوانێت زمان وەربگرێت،بەبێ ئاماژەکردن بۆ ئەو میکانیزمە دەروونیە و بایەلۆژییانەی کە کار لە وەرگرتنی زمان دەکەن.بۆیە(بریر) دەڵێت:(لاسایی کردنەوە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ وەرگرتنی زمان وە هەروا لاسایی کردنەوە بە قۆناغێکی گرنگ دادەنرێت لە وەرگرتنی زمان).(*صباح حنا هرمز و يوسف حنا ابراهيم:١٩٨٨:١٩٧*).

ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەسەر چۆنیەتی وەرگرتنی زمان کراون لای منداڵ ئەوە دەردەخەن کە منداڵ راستەوخۆ لاسایی ئەو وشە و رستانە ناکاتەوە کە دەیانبیستێ بەوەی سەر لە نوێ دووبارەیان بکاتەوە،بەڵکو منداڵ هەڵدەستێ بەسەر لە نوێ داڕشتنەوەی ئەو وشە و رستانە کە گوێی لێ بووە بۆ دروستکردنی رستەی نوێ کە پێشتر گوێ لێ نەبووە.ئەمەش گرنگترین ڕەخنەیە کە ئاراستەی ئەو تیۆرە کراوە،چونکە ئەگەر مرۆڤ بەشێوەی لاسایی کردنەوە فێری زمان بوایە،ئەوا دەبووایە هەموو مرۆڤەکان یەك فەرهەنگە وشەیان هەبوایە،بەڵکو مرۆڤ لەم حاڵەتدا وەکو

ئامێرێکیان لێ دەهات ئەوەی وەریگرتبا هەر ئەوەی دەردەخست.ئەمەش لەگەڵ راستی زمانە سروشتییەکان ناگونجێت.(*موفق الحمدانی:١٩٨٢:١٣٣*).

بۆیە ئەم تیۆرە سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەست نەهێنا لە شیکردنەوەی چۆنیەتی وەرگرتنی زمان لای منداڵ.

(٢-١-٢) **تیۆری رەوشتییەکان**:

ئەم تیۆرە گرنگی بە هۆکارە دەرەکییەکانی فێربوون دەدات بەشێوەیەکی گشتی و فێربوونی(وەرگرتنی) زمانیش بە شێوەیەکی تایبەتی.بۆیە کردەی وەرگرتنی زمان بە ژینگەکەی دەبەستێتەوە کە ئەرکی پتەوکردن دەبینێت.

ئەم تیۆرە پتەوکردن بە گرنگترین رەگەز دادەنێت بۆ وەرگرتنی(فێربوونی) زمان. پتەوکردنیش هەروەکو ناسراوە ئەو پاڵپشتەیە یان ئەو پاداشتەیە کە منداڵ وەریدەگرێت بەرامبەر بەوەی کە چەند دەنگێکی دەربریوە،یاخود پتەوکردن ئەو ئەنجامەیە کە دەبێتە هۆی زیادکردنی ئەگەری سەرهەڵدانی رەوشتێك.(*صباح حنا هرمز و یوسف حنا ابراهیم:١٩٨٨:١٩٨*).بۆ نموونە کاتێك منداڵ هەڵدەستێ بە دەربرینی چەند دەنگێك ئەوا کەسانی دەوروبەری (ژینگەی)هەڵدەستن بە پتەوکردنی هەندێك دەنگ لەم دەنگانە یان بە هۆی دووبارەکردنەوەی ئەو دەنگانە یان بە هۆی لەباوەش کردنی منداڵەکە.ئەمەش وا لە منداڵەکە دەکات کە ئەو دەنگانە دووبارە بکاتەوە کە جێگای خۆشی بوون لای دەوروبەرەکەی بە مەبەستی بەدەست هێنانی ئەو حاڵەتە هەستییە خۆشییەی کە پێشتر بەدەستی هێنابوو لە ئەنجامی دەربرینی ئەو دەنگانە.(*هدی الناشف:٢٠٠٧:٣١*).

لایەنگیرانی ئەم تیۆرە پێیان وایە کە منداڵ لەدایك دەبێت هیچ توانستێکی تێدانییە کە بتوانێت زمان وەربگرێت،بەڵکو وەرگرتنی زمان لە ئەنجامی ئەو ستراتیژییە گشتییە دەبێت کە بۆ منداڵ دانراوە.واتە زمان بە جۆرە رەوشتێك دادەنێن کە منداڵ لە رێگای هۆشیارکەرەوە و وەڵامدانەوە یاخود لە رێگای هەوڵدان و هەڵەکردن دەتوانێت بەدەستی بهێنێت.(*نجیب الجباری:٢٠٠٦:٢*).

هەرچەندە بیرورای رەوشت کارەکان بۆ ماوەیەکی باش زاڵبوو بەسەر ئەو لێکۆڵینانەی کە لە بواری چۆنیەتی وەرگرتنی زمان دەکران بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا رەوشت کارەکان تووشی چەندین رەخنە بوون و نەیانتوانی وەڵامی ئەو رەخنانە بدەنەوە کە ئاراستەیان کرابوون بە تایبەتی ئەو ڕەخنانەی کە چۆمسکی و چۆمسکییەکان(خۆرسکییەکان) ئاڕاستەیان کردبوون.لەو ڕەخنانە:

١- جیاوازی دەوروبەرەکان یان هۆکارەکانی پتەوکردن دەشێت ببێتە هۆی جیاوازییەکی زۆر لە گەشەکردنی زمان(قۆناخەکانی گەشەکردنی زمان) لەنێو منداڵانی یەك زمان یاخود ببێتە هۆی جیاوازییەکی زۆر لە گەشەکردنی زمان لەنێو منداڵانی زمانە جیاوازەکان بەڵام ئەم بۆچوونە هەڵەیە چونکە گەشەکردنی زمان لەنێو منداڵانی یەك زمان تەنانەت زمانە جیاوازەکانیش وەك ئەوە وایە کە شێوەیەکی نموونەیی و جیهانی وەرگرتبێت،بە بوونی جیاوازی لە بەختی ڕاهێنان و پتەوکردن لەنێو منداڵەکانیش.(*ابراهیم محمد صالح:٢٠٠٧:١٩٩*).

٢- بە بۆچوونی رەوشت کارەکان منداڵ لە رێگای هۆشیارکەرەوە و وەڵامدانەوە(المثیر و الاستجابة) بە بوونی رەگەزی پتەوکردن دەتوانێت فێری زمان

بێت.ئەگەر ئەم بۆچوونە ڕاست بێت ئەوا منداڵ ماوەیەکی زۆری پێویستە تاکو بتوانێت فێری زمان بێت.هەروەها کردەی گەشەکردنی زمانیش لای منداڵ بەپێی ئەم بۆچوونە بەسستی دەروات.بەمەش ناتوانێت ئەو ئاستە پێشکەتووەمان بۆ شی بکاتەوە کە منداڵ لە گەشەکردنی زمان لە ساڵانی یەکەمی تەمەنیدا پێی دەگات.(*هدی الناشف:٢٠٠٧ :٣١*).

هەروەها ئەو هۆکارە دەرەکییانەی کە بەڕەنگاری منداڵ دەبێتەوە لە کاتی گەشەکردنی زمان ناتوانن بە تەنها چۆنیەتی وەرگرتنی زمان و بەرهەمهێنانی زمان بەپێی سیستەمێکی زمانی ڕاست بۆمان شی بکاتەوە.لەم بارەیەوە چۆمسکی دەڵێ:( کەس ناتوانێت باس لە هۆشیاکەرەوە و وەڵامدانەوە بکات لە شیکردنەوەی ڕۆنانە تێکچڕاوەکانی زمان.).(*موسى رشيد حتاملة(القسم الثاني):٢٠٠٧* ).

(٢-١-٣) **تیۆری خۆڕسکی(هەرەمەکی_فیتری):**

چۆمسکی بە ڕێبەری ئەم تیۆرە دادەنرێت.لایەنگیرانی ئەم تیۆرە باوەریان وایە کە:(مرۆڤ کاتێك لە دایك دەبێت بە شێوەیەکی خۆرسکی چەمکێکی غەریزی(زانینێکی هۆشەکی) لەگەڵی لە دایك دەبێت.ئەو چەمکە بە شێوەیەکی خۆڕسکی لە دەماخی ئەو کەسەیە.).واتە ئەو چەمکە بەهرەیەکی خواییە بۆ مرۆڤ و دەبێتە بنەمایەك بۆ وەرگرتنی زمان لای منداڵ.ئەو زانیارییە هۆشەکییەش لە دەماخی منداڵ قۆناخ بە قۆناخ پێویستی بە گەشەکردن هەیە.(*سەلام ناوخۆش:٢٠٠٥ :٥٩*). چۆمسکی وای دەبینێ کە منداڵ کاتێك لە دایك دەبێت

ئامـادەکراوە بـە کۆئەنـدامێك کـە بـە کۆئەنـدامی وەرگرتنـی زمـان( Language Acquisition Device) ناودەبرێت.

ئەم کۆئەندامە وەك سەندوقێك وایە دەکەوێتە ناوچەیەك لە ناوەندە کۆئەندامی دەمار.ئەم کۆئەندامە(LAD) وا لە منداڵ دەکات کە بتوانێت ڕێزمان و یاساکانی زمانێك لەو ڕستە و ڤاکۆبلەرییانەی ئەو زمانەی کە لەژینگە زمانییەکەی هەیە بەهۆی بیستنەوە دەریان بهێنێت.واتە منداڵ کاتێ گوێی لەو نموونە زمانییانە(ڕستە و ڤاکۆبلەرییەکان) دەبێت هەڵدەستێ بە شیکردنەوەیان لە مێشك.مێشکیش بە فیترە ئەو توانستەی تێدایە بۆ شیکردنەوەی زمان و دەرهێنانی ئەو ڕەگەز و یاسایانەی کە سیستەمی گشتی بەرهەمی هێناون و دواتریش ئەمباریان دەکات.(*یحیی عبابنة و امنة الزعبی:٢٠٠٥:٦١*).

بۆ سەلماندنی بۆ چوونەکانیان خۆرسکییەکان(چۆمسکییەکان) لێکۆلینەوەیەکی زۆریان ئەنجامدا بۆ گەیشتن بە ئەنجامێك کە بۆچوونەکانیان بسەلمێنن و گەیشتنە چەند ئەنجامێك:

١- ناتوانرێ لەو کاتەدا دەست نیشانی ئەو کۆئەندامە(LAD) بکرێت کە لە مێشکی مرۆڤدا هەیە و یارمەتی وەرگرتن و گەشەکردنی زمان دەدات لای منداڵ بەڵام دەکرێ لە داهاتوودا بەهۆی پێشکەوتنی زانستی بگەینە دەست نیشانکردنی ئەو کۆئەندامە.

٢- لێکچوونی چۆنیەتی وەرگرتن و قۆناخەکانی گەشەکردنی زمان لای منداڵ بە جیاوازی ژینگە زمانییەکان و هۆکارەکانی فێرکردن کە لە ئەنجامیدا منداڵ هەر وەکو

قسەپێکەرانی زمانێك دەتوانێت بەو زمانە قسە بکات.ئەم ئەنجامە بووە هۆکارێك بۆ پشتگیری کردنی بۆچوونی چۆمسکییەکان.(*فارس کمال نظمی:٢٠٠٧:١*).

هەروەها ئەو ئەنجامە چۆمسکییەکانی هاندا بۆ ئەوەی بڵێن:( ئەگەر چۆنیەتی وەرگرتن و قۆناخەکانی گەشەکردنی زمان لای منداڵ وەك یەك بن بە جیاوازی ژینگە زمانییەکان بۆ ناکرێ بگوترێ کە زمان دیاردەیەکی خۆڕسکی و بۆماوەییە و لای منداڵ گەشە دەکات هەروەکو کردەی ڕۆیشتن بێت لای منداڵ کە منداڵ بە چەند قۆناخێك تێدەپەرێ تاکو دەتوانێت بڕوات.

لینبێرگ وای دەبینێ کە توانستی مرۆڤ لە بەرهەمهێنان و تێگەیشتنی زمان تایبەتمەندییەکی بۆماوەییە و تایبەتە بە مرۆڤ .هەروەها زمانیش لەسەر چەند میکانیزمێکی بایەلۆژی بنیادنراوە کە دەور دەبینن لە گەشەکردنی زمان لای منداڵ.ئەم میکانیزمانەش بریتین لە:-

١- کۆئەندامی دەنگی.

٢- کۆئەندامی بیستن.

٣- ناوچەکانی زمان لە مێشکدا.[*موسی رشید حتاملة(القسم الثانی):٢٠٠٧*].

بۆچوونی بۆماوەیی زمان زانایانی هاندا بۆ گەران بە دوای ئەو جینەی کە بەرپرسە لە وەرگرتنی زمان لای منداڵ.لە ئەنجامی کۆمەلێك لێکولینەوە زانایانی بەریتانی گەیشتنە دەست نیشان کردنی یەکەم جینە کە پەیوەندیدارە یاخود پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە کردەی گۆکردن و ئاخاوتن.ئەم جینەیەش بە ناوی(SPCH1) ناسراوە.دەکرێ بگوترێ دۆزینەوەی ئەم جینە ڕێگا خۆشکەرێکە

بۆ تێگەیشتنی یان شیکردنەوەی کردەی گەشە کردنی زمان لای منداڵ و دیارکردنی ئەو ڕێگایەی کە منداڵ بەهۆیەوە دەتوانێت زمان وەربگرێت.(*مرکز جدة للنطق و السمع:٢٠٠٧:١*).

لەم تیۆرەدا دەتوانین بگەینە چەند ئەنجامێك:-

١- مرۆڤ تاکە گیانلەبەرە کە دەتوانێ فێری زمان بێت.

٢- دەماخی مرۆڤ توانستێکی تێدایە(پێدراوە) بۆ فێربوونی ئەو زمانەی کە لە ژینگەکەی هەیەتی.ئەم توانستەش بە کۆئەندامی وەرگرتنی زمان دەناسرێت.

٣- ئەم توانستە بۆماوەییە مەرجی سەرەکییە بۆ وەرگرتنی زمان.(*موسى رشيد حتاملة(القسم الثانى):٢٠٠٧*).

هەرچەندە بیرۆکەی خۆرسکی باڵی کێشا بەسەر ئەو لێکۆڵینانەوەی کە لە بواری زمانەوانی دەروونی و دەروونناسی و فێرکردن دەکران بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تووشی چەندین ڕەخنە بوو بە تایبەتی بانگەوازی باوەڕ هێنان بە خۆڕسکی و بۆماوەیی زمان.بۆیە ئەوانەی کە ڕەخنەیان لەم تیۆرە گرت پێشنیاری ئەوەیان کرد لە جیاتی باوەر هێنان بە بوونی ئەگەری توانستێکی بۆماوەیی ئامارژە بە بوونی ئامادەباشییەکی بایەلۆژی بکرێت کە لای مرۆڤ هەیە بۆ کارلێکردن لەگەڵ ژینگەکەی بۆ بە دەست هێنانی(وەرگرتنی) زمان.(*هدى الناشف:٢٠٠٧:٣٢*).

(٢-١-٤) **تیۆری مەعریفیەکان:**

ئەم تیۆرە کە ڕێبەرەکەی (پیاجیە)یە جیاوازە لەگەڵ تیۆرەکانی تر بەوەی ئەم تیۆرە وای دادەنێت کە وەرگرتنی زمان لە ڕێگای تێگەیشتنێکی مەعریفییەوە ڕوودەدات کە ئامرازەکەی "تێبینی کردنە".واتە منداڵ لە ئەنجامی شارەزابوون بە

ژینگەیەوە یان لە ئەنجامی ئەو شارەزاییەی کە لە ژینگەکەی وەریدەگریت زمان بە دەست دێنێت نەك لەڕێگای هۆشیارکەرەوە و وەڵامدانەوە.

جگە لەمەش ئەو تیۆرە بەوە لە تیۆری هۆشەکی و خۆرسکییەکەی چۆمسکی جیا دەبێتەوە کە باوەریان وایە کە بنەما گشتییەکانی مەعریفەت بنەمایەکی بایەلۆژی هەیە بەڵام ناکرێ بگوترێ بۆماوەیین.

ئەنجامی ئەو لێکۆڵینانەوەی کە لەسەر چۆنیەتی وەرگرتنی زمان لای منداڵ کران گەیشتنە ئەنجامێك کە ماوەیەك هەیە لە تەمەنی منداڵ کە بە ماوەی تەنگاتاو(حرجە) دادەنرێت بۆ گەشەکردنی زمان.ئەو ماوەیەش لە دایکبوونەوە دەست پێدەکات تاکو تەمەنی (١٠) ساڵی بەردەوام دەبێت.بۆیە ئەگەر ژینگەی زمانی بۆ ئەو منداڵە لەو ماوەیەدا نەڕەخسا ئەوا منداڵەکە ناتوانێت فێری زمان بێت هەرچەندە دواتر ژینگەی زمانیشی بۆ ڕەخسا.(*فارس کمال نظمی:٢٠٠٧:٣*).

ئەم ئەنجامەش دژی ئەو بۆچوونەیە کە دەڵێ:(زمان شتێکی خۆرسکییە).ئەم ئەنجامە هۆکارێك بوو بۆ پشتگیری کردنی بۆچوونی (بیاجیە) دەربارەی بوونی ئامادەباشییەکی بایەلۆژی(توانستێك لای مرۆڤ بۆ وەرگرتنی زمان).

بەپێی ئەم تیۆرە وەرگرتنی چەمکە هۆشەکییەکان بە پێش وەرگرتنی هێما زمانییەکان دەکەوێت کە دەلالەت لەو چەمکانە دەکات.بۆیە بیاجیە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە وێنە هۆشەکییەکان لە ڕێگای ئەو ئامارژە زمانییانەی کە لە ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی هەیە دروست نابێت،بەڵکو وێنە هۆشەکییەکان سەرەتا بەشێوەی وێنە خودی نازمانی لەناو مێشکی ئەو منداڵە دروست دەبێت،بەڵام لەبەر ئەوەی

زمـان ئامرازێکـه بـۆ بـیر و بیریـش بـەبێ زمـان بـوونێکی کۆمەڵایـەتی نابێت.بۆیـه منداڵ(مرۆڤ) ناچار دەبێت کە زمان بەکار بهێنێت بۆ دەربرینـی بەمەبەستی ئاشکرا کردنی ئەو ئاستە مەعریفییەی کە پێگەیشتووە لـه ئـەنجامی گـەڕان و لێکۆڵینـەوە لـه ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی.(*محمد الترتوري:٢٠٠٧:٣،فارس كمال نظمي:٢٠٠٧:٢*).

ئـەم تیـۆرە لەگـەڵ ئـەوەی تـوانی تـا ڕادەیـەك هەنـدێك لایـەنی گەشـەکردنی مـەعریفی لای مـرۆڤ شـی بکاتەوە،بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا تووشـی چـەندین ڕەخنـە و پرسیار بۆوە کە نەیتوانی وەڵامیان بداتەوە.وەك:

١-ئـەم تیـۆرە زیـاتر گرنگـی بـە کـردەی بیرکردنـەوەی رووت دەدات لای مـرۆڤ بـە شـێوەیەکی گشـتی و هـەرزەکاران و پێگەیشـتوو بەشـێوەیەکی تایبەت،بەرامبـەر بەوەش ئەم تیۆرە گرنگییەکی ئەوتۆ نادات بە توانستی هۆشـەکی لای منـداڵ.(*موسی رشيد حتاملة(القسم الثاني):٢٠٠٧*).

لێـرە پرسـیارێك دێتـە پـێش ئـەو تیـۆرە ئـەویش ئەوەیـە ئەگـەر منـداڵ توانسـتێکی هۆشەکی ئەوتۆی نەبێت لە تەمەنی پێش چوونە قوتابخانە.باشە چۆن ئەو منداڵـە بـە توانای کەسێکی پێگەیشتوو بە تایبەتی لەتەمەنی (٦) ساڵیدا دەتوانێت زمـان بـەکار بهێنێت؟

٢- ئەوانەی کە لـە بواری فێرکـردن کـار دەکـەن دەڵـێن هـەر چـەندە بنـەمای مـەعریفی مـەرجێکی پێویسـتە بۆ ئـەوەی وشـەکان واتـا وەربگـرن هـەروەکو تیۆرەکـەی بیاجیـە دەڵێ،بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا نابێتـە تـەنها مـەرجێك یـان خاڵێـك بـۆ شـیکردنەوەی وەرگرتنی زمان لای منداڵ،ئەگـەر نـا چـۆن  دەتـوانین سـەرهەڵدانی وشـەی یەکـەم لای

منداڵ شی بکەینەوە؟ بۆیە بەبێ بوونی پاڵپشتی کۆمەڵایەتی وەرگرتنی زمان لای منداڵ شیناکرێتەوە.(*هدی الناشف:٢٠٠٧:٣٦*).

جگە لەمەش ناکرێ ئەو شارەزاییە کەمە کە مرۆڤ هەیەتی بەراورد بکرێت لەگەڵ ئەو توانستە زمانییەی کە مرۆڤ هەیەتی لە دروستکردنی رستە و دەربرینە جیاجیاکان،چونکە مرۆڤ بە هیچ شێوەیەك ناگاتە شارەزاییەکی تەواو لە بوارە مەعریفییەکان.واتە ناکرێ ئەو زمانە دەوڵەمەندە بە یاساکانی رێزمانی و دەنگی ببەسترێتەوە بەو شارەزاییەی کەمەی کە مرۆڤ لە ژیانی بە دەستی دێنێت.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێن کردەی وەرگرتن و گەشەکردنی زمان لای منداڵ بەهۆی کارلێکردنی توانست و ژینگەی زمانی روودەدات،هەر کەم و کورتییەك لە یەکێك لە تایەی ئەم تەرازووە دەبێتە هۆی کەم و کورتی لە کردەی وەرگرتنی زمان لای ئەو منداڵە.

### (٢-٢)قۆناخەکانی گەشەکردنی زمان لای منداڵ:

گەشەکردنی زمان لەلای منداڵ بە چەند قۆناخێك تێدەپەرێ.هەر بە لەدایك بوونی منداڵەوە دەست پێدەکات تاکو تەمەنی (٦)ساڵی بەردەوام دەبێت.منداڵ لەو ماوەیەدا بە تەواوی ئەو زمانە وەردەگرێت کە لە ژینگەکەیدا هەیە.

دیار کردنی قۆناخەکانی گەشەکردنی زمان لەلای منداڵ رێکەوتنێکی ئەوتۆی لەسەر نییە لە نێوان توێژەران ئەم بوارە،بەڵکو هەرتوێژەرێك بەپێی بیروباوەری خۆی قۆناخەکانی گەشەکردنی زمانی منداڵی دیار کردووە.بۆنموونە:(فێرث)پێی وایە کە قۆناخەکانی گەشەکردنی زمانی منداڵی دەبێ بەو قۆناخانە ببەسترێتەوە کە گۆڕان

له ژیانی منداڵدا دەکەن.بۆیە قۆناخەکانی گەشەکردنی زمانی منداڵ بەم شێوەیە دەخاتە روو:

١- قۆناخی لە دایك بوون(Narsery): ئەم قۆناخە بە لەدایك بوونەوە دەست پێدەکات و لە پێش توانای دانیشتن کۆتایی دێت.

٢- قۆناخی دانیشتن(Sitting up):لەم قۆناخەدا قۆناخی قسە و یاری کردن دەست پێدەکات.

٣- قۆناخی بە سك ڕۆیشتن(Crawling):لەم قۆناخەدا جیهانی منداڵ فراوانتر دەبێت لە جیهانی دانیشتن،چونکە منداڵ دەتوانێت بجووڵێتەوە.

٤- قۆناخی ڕۆیشتن بە یارمەتی(walking with help): لەم قۆناخەشدا جیهانی منداڵ فراوانتر دەبێت لە جیهانی بە سك ڕۆیشتن.بەمەش وشە فەرهەنگییەکانی منداڵ روو لە زیادبوون دەکات.

٥- قۆناخی ڕۆیشتن(Walking Alone):لەم قۆناخەدا منداڵ بە تەنیا بۆ شوێنەکانی نزیك ماڵەوە دەچێت.

٦- قۆناخی چوونە دەرێی ماڵەوە(Walking out side):لەم قۆناخەدا منداڵ زیاتر سەربەستە لە پێشتر بۆ هاتوچۆ و جووڵانەوە و تێکەڵ بوون.

٧- قۆناخی چوونە قوتابخانە:قۆناخی چوونە قوتابخانە لەو کۆمەڵگایانەی کە قوتابخانەی تێدایە یان قۆناخی پەروەردەکردنی تایبەت کە منداڵ لە ژینگەی خۆی وەریدەگرێت بۆ ئەو کۆمەڵگایانەی کە قوتابخانەی تێدا نییە.ئەم قۆناغە بە گرنگترین قۆناخ دادەنرێت لە نێو قۆناخەکانی تر.

(فیـرث) وای دەبینـیٚ کـە هـەر قۆناخیـك لـەم قۆناخانـە کاریگـەری خـۆی هەیـە لەسـەر منـداڵ بـۆ ئـەوەی لایـەنێك لـە لایەنـەکانی زمـانی ئـەو کۆمەڵگایـە فێربێـت کـە تێـدا دەژێت.(*محمود السعران:١٩٦٣:٣٩*).

بەڵام (یەسپرسن) پێشنیاری (٣) قۆناخ دەکات بۆ گەشەکردنی زمانی منداڵ کە ئەمانەن:-

١- قۆناخی گریان(قیژە کردن).

٢- قۆناخی گڕوگاڵکردن.

٣- قۆناخی قسەکردن: ئەم قۆناخە دابەش دەبێت بۆ دوو قۆناخی تر:-

١- ئەو ماوەیەی کە بە ماوەی زمانی منداڵی(Little Language) ناودەبرێت.ئەو ماوەیەی کە منداڵ تێدا زمانێکی تایبەت بە خۆی دەبێت.

٢- ماوەی زمانی هاوبەش-باو(Common Language):ئەویش ئەو ماوەیەیە کە تێدا منداڵ دەکەوێتە ژێر ڕکێفی زمانی ئەو ژینگەیەی کە تێدا دەژێت.(*حلمی خلیل ١٩٨٧:٥٩*).

گەشەکردنی کارزانی زمانیش لای منداڵ بە پێی سیستەمێکی کاتی دیاریکراو دەبێت کە لە دایکبوونەوە دەست پێدەکات و لە تەمەنی (٦)ساڵیدا کۆتایی پێ دێت.

منداڵ لەو ماوەیەدا یاسا و دەستورەکانی زمانێك بە تەواوی وەردەگرێت و لە مێشکی دەچەسپێت.پاش ئەوەی کە منداڵ لەو ماوەیەدا(ماوەی گەشەکردنی زمان لای منداڵ) هەڵستاوە بە گشتاندنی یاساکان بەسەر کەرستەکانی زمان(وشە و فەرهەنگە زمانییەکەی)،شارەزابوون بە دروستی و نادروستی گشتاندنەکانی و

راستکردنەوەی ئەوانەی کە لەگەڵ سیستەمی زمانەکە ناگونجێن.(*نعوم جومسکی :١٩٩٠:٣٣-٣٤*).

دیارکردن و تایبەتیکردنی ئەو ماوەیە بۆ وەرگرتنی زمان لای منداڵ وای لە لینبێرگ(١٩٦٧) کرد کە بڵێت:(ئەو توانستەی کە لە دەماخی منداڵ کار دەکات بۆ وەرگرتنی زمان،دوای شەش ساڵی وردە وردە بەرەو لاوازی دەچێت چونکە ڕۆنانی(داڕشتنی)دەماخ گۆڕانێکی بایەلۆژی بەسەر دێت لە فێربوونی زمانەوە بۆ فێربوونی زانین دەچێت.بۆیە دەتوانرێت بگوترێت کە شەش ساڵی یەکەمی تەمەنی منداڵ تایبەتکراوە بە وەرگرتنی زمانەکان).(میسون نیال:٢٠٠٦:١).

ئەگەر شەش ساڵی یەکەمی تەمەنی منداڵ تەنها بۆ وەرگرتنی زمان بێت.ئایا منداڵ لە ماوەیەدا تەنها ئەو زمانە وەردەگرێت کە لە ژینگەکەیدا هەیە یان ئەو توانستەی تێدایە کە زیاتر لە زمانێك وەربگرێت؟

ئەو لێکۆڵینانەی کە لەم بارەیەوە کراوە بە تایبەتی لە وڵاتانی یەکێتی ئەورووپی گەیشتنە چەند ئەنجامێك:

١- منداڵ توانستێکی سروشتی تێدایە بۆ وەرگرتنی زمانی نوێ جگە لەو زمانەی کە لە ژینگەکەیدا هەیە.ئەم توانستەش بە تێپەربوونی تەمەن وردە وردە نامینێت.

٢- مێشکی منداڵ لە (٣) ساڵی یەکەمدا دەگاتە لوتکەی گەشەکردنی.بۆیە ڕووبەڕووکردنەوەی منداڵ لەگەڵ زمانێکی تر یان چەند زمانێك دەبێتە هۆی وررووژاندنی خانەکانی مێشك،لە ئەنجامیشدا دەبێتە هۆی وەرگرتنی زمانەکان.(*جمال حامد جاهین:٢٠٠٧:٣*).

توانستی وەرگرتنی زمانیش لای منداڵ بە دوو شێوەی جیاواز سەرهەڵدەدات کە هەرێکیان بە پێی بەرنامەیەکی تایبەت و دیاریکراو گەشە دەکات:

١- توانستی دەربڕین(درکاندن):ئەو توانستەیە کەوا لە منداڵ دەکات لە ڕێگای ئاخاوتنەوە پەیوەندی بە دەوروبەری بکات و پێداویست و بیروراکانی خۆی دەربڕێت.

٢- توانستی درککردن(تێگەیشتن):ئەم توانستەش بریتییە لە تێگەیشتن و وەرگرتن و ئەمبارکردنی وشە و زاراوەکان و چارەسەرکردنی زمان.(*عبدالله الصقر:٢٠٠٧:١*).

توانستی درککردن زووتر لە توانستی دەربرین لەلای منداڵ گەشە دەکات کە لە مانگی چوارەمەوە دەست پێ دەکات(منداڵ لەو ماوەیەدا کۆئەندامی بیستنی دەکەوێتە کار)،بەڵام درکاندنی وشەی یەکەم لە تەمەنی دە مانگی دەبێت.هەر چەند منداڵ کاتێك لە دایك دەبێت هەر دوو توانستی دەربڕین و درککردنی لە گەڵی لە دایك دەبێت بەڵام ئەم توانستانە لە مانگەکانی یەکەمی ژیانیدا بەستراوەن بە بیستن،لە پاشان توانستی درکاندن و بەکار هێنانی زمان گەشە دەکات.(*محمد علی کامل:٢٠٠٣:٦*).

(٢-٢-١)**توانستی دەربڕین(درکاندن):**

گەشەکردنی توانستی دەربڕین لای منداڵ دەکرێت بە چەند قۆناخێك:

١- قۆناخی گریان.

٢- قۆناخی گروگاڵکردن.

٣- قۆناخی ئاماژەکردن.

٤- قۆناخی وشەی یەکەم.

٥- قۆناخی رستەی یەك وشەی.

٦- قۆناخی ئاخاوتنی تەلەگرافی.

٧- قۆناخی ئاخاوتنی تەواو.

توێژەرەکان (٣) قۆناخی یەکەم بە قۆناخی پێش زمانی لە قەڵەم دەدەن،چونکە منداڵ هێشتا لەم قۆناخانەدا توانای دەربرینی وشەی یەکەمی نییە.(*ابو مريم:٢٠٠٧:١*).

**١- قۆناخی گریان(قیژە کردن):**

ئەم قۆناخە بە گریانی یەکەم لە پاش لە دایکبوونەوە کە لە ئەنجامی چوونە ژوورەوەی بە هێزی هەوا لە قورگەوە بۆ سییەکان روودەدات،دەست پێدەکات و تاکو مانگی پێنجەم بەردەوام بێت.لەوانەشە تا کۆتایی ساڵی یەکەمیش بخایەنێت بەڵام وەکو شێوەی پێشتری نابێت.

منداڵ لەو ماوەیەدا بە هۆی گریانەوە یان قیژە کردنەوە دەیەوێت مەبەستێکی ویژدانی دەرببڕێت.وەك:برسی بوون،تووره بوون...هتد.هەر بۆیە هەندێك ئەم قۆناخە لە دوای گریانی لە دایك بوونەوە بە قۆناخی دەنگە ویژدانییەکان دادەنێن.

(*عەبدولواحید ئەلوافی:٢٠٠٧:١٥٤*).

لە نزیکی تەمەنی سێ مانگی منداڵ هەڵدەستێ بە درکاندنی دەنگی داڕژاو کە لە ڤاوڵ و کۆنسنانتێك پێکهاتووە(منداڵ لەو ماوەیەدا هەڵدەستێ بە دەربرینی بڕگە.).منداڵ هەر لەو تەمەندا ئەو دەنگانە دەردەبڕێت کە لە هەموو زمانە

سروشتیەکاندا هەیە بەڵام وردە وردە ئەو دەنگانە کە لە زمانەکەیدا نییە بە هۆی نەبیستنیەوە لە دەوروبەری لە دەستی دەدات.(*هدی الناشف:٢٠٠٧:٢٣*).

منداڵ لە تەمەنی(٣-٦) مانگیشدا بە لاسایی کردنەوەیەکی لەسەر خۆ هەڵدەستێ بۆ ئەو دەنگانەی کە لە دەوروبەری دەبیستێت بەبێ ئەوەی لێی تێ بگات.جگە لەوەش بە ئەمبارکردنی ئەو دەنگانەش هەڵدەستێ کە دەیانبیستێ.پاشانیش بەرێکخستن و دەربڕینی ئەو دەنگانە هەڵدەستێ کە ئەمباری کردوون بە شێوەیەکی نزیک لە دەنگەکانی زمان،بەڵام ئەو دەنگانەی کە دەریان دەبڕێت هیچ واتایان نییە.(ابراهیم الزریقات:٢٠٠٥:٤١).

## ٢- قۆناخی گڕوگاڵکردن:

ئەم قۆناخە لە مانگی شەشەمەوە دەست پێدەکات تاکو مانگی نۆیەمی تەمەنی منداڵ بەردەوام دەبێت.

گڕوگاڵکردنی منداڵیش بریتییە لە دووبارەکردنەوەی زنجیرەیەك لە دەنگە ڤاوڵ و کۆنسنانتەکان.ئەو برگانەی کە منداڵ دروستی دەکات لە کاتی گڕوگاڵکردن وشەی زمان نین بەڵکو شێوەیەکی نزیك لە وشە وەردەگرێت.شایانی باسکردنە هەندێك لەو برگانە لای منداڵ دەمینێنەوە و دەبنە بنەمایەك بۆ قسە کردن.

گڕوگاڵکردنی منداڵ سەرەتا شێوەی یاری کردن بە ئەندامەکانی کۆئەندامی دەنگی وەردەگرێت(سەرەتا شێوەیەکی هەرەمەکی وەردەگرێت)بەڵام دواتر وردە وردە گڕوگاڵکردن شێوەیەکی کۆمەڵایەتی وەردەگرێت بۆ جێ بەجێ کردنی پێداویستەکانی بەکاری دەهێنێت.

منـداڵیش لـەو کاتانـەی کـە کەسـانێك لـە ژینگەکـەی هـەبوون زیـاتر دەسـت بـە گڕوگاڵکردن دەکەن.دەنگەکانیش لە کاتی گڕوگاڵکردندا پەیتا پەیتا دەست بە زیاد بوون دەکەن.(*امال صادق و فؤاد ابو حطب:١٩٩٩:٢٠٩*).

منـداڵ لـەم قۆناخـەدا فێری جوولانـەوەی زمـانی دەبێت لـە نـاو دەمیدا.هـەروەها فێـری ڕاگرتنـی شـەویلگەی خـوارەوەی دەبێت.ئەمـەش هـەنگاوێکی گرنگـە بـۆ جۆراوجۆر کردنی دەنگەکان.(*محمد الزين:٢٠٠٦:٢*).

### ٣- قۆناخی ئاماژەکردن:

ئەم قۆناخە لە کۆتاییەکانی ساڵی یەکەم دەست پێدەکات.منداڵ ئاماژەکردن بۆ بە دەسـت هێنـانی شـتێك یـاخود بـۆ دەربڕینـی نـارەزایی بەرامبـەر بە شـتێك بـەکار دەهێنێت.منـداڵ لـەو ماوەیـەدا فێـری هەنـدێك ئامـاژەکردن دەبێـت کـە شـێوەیەکی کۆمەڵایەتی لە خۆ دەگرێت.وەك:جوڵاندنەوەی دەستی بە مەبەستی سڵاو کردن یان خواخافیزی کردن.یاخود جووڵاندنەوەی سەری بۆ ڕازی بوون و ڕازی نەبوون لەسـەر شتێك.

منداڵ لە کاتی ئاماژەکردنەدا هەوڵدەدات جۆرە دەربڕینێك دەربڕێت.(*هدى الناشف:٢٠٠٧:٢٦*).

### ٤- قۆناخی وشەی یەکەم:

ئـەم قۆناخـە بـە گـرنگترین قۆنـاخ دادەنرێـت لـە نێـو قۆناخـەکانی گەشـەکردنی زمان.منـداڵ لـەم قۆناخـەدا دەکەوێتـە نـاو قۆنـاخی بـەکارهێنانی زمـان( Language

یـاخود ئـەم قۆناخـە بـە قۆنـاخی گەشـەکردنی زمـانی(Linguistic Usage) Development) دادەنرێت.(*حلمی خلیل:١٩٨٧:٦٨*).

هـەر چـەندە دەسـت نیشـانکردنی مـاوەی گـۆکردنی وشـەی یەکـەم لای منـداڵ زەحمەتـە بـەڵام زانایـان دەڵـێن:( منـداڵ لـە نێـوان مـانگی١٠-١٢ وشـەی یەکـەم گۆدەکات.).لەوانـەش گـۆکردنی وشـەی یەکـەم تـاکو کۆتاییـەکانی سـاڵی دووەمـی دوابکەوێت.لەبەر ئەو جیاوازییـەی کـە لـە نێو منـداڵان هەیـە لـە رووی گەشـەکردنەوە لەلایەنی جەستەیی و هۆشەکییەوە.(هدی الناشف:٢٠٠٧:٢٦).

یەکەم وشە کە منداڵ دەریدەبڕێت بریتییە لەناوی کەسێکی نزیکی یاخود ناوی ئـەو شـتەی کـە خۆشـی دەوێت.ئـەو وشـەیەش کـە دەریـدەبڕێت یـان لـە یـەك برگـە پێکهاتووە یـان دووبارەکردنـەوەی هـەمان برگەیە.وەك:دادا،تاتا،ماما،بابا...هتـد.واتا منداڵ ئەو دەنگانە دەردەبڕێت کە بە بەشی پێشەوەی بۆشایی زار دەردەبڕێن،چونکە ماسـوولکەکانی ئـەم ناوچـەیە لای منـداڵ لـەو ماوەیـەدا زیـاتر و زووتـر گەشـەیان کردووە لەچاو ماسوولکەکانی تری کۆئەندامی دەنگی.(*فؤاد البهی:١٩٩٨:١٥٧*).

### ٥- قۆناخی رستەی یەك وشەی:

زەخیرەی وشـەکان لای منـداڵ لـە دوای گـۆکردنی وشـەی یەکـەم زیـاد دەکـات و دەگاتە نزیکـەی (٥-٨) وشـە لـە کۆتـایی سـاڵی یەکەم.لـە ئـەنجامی ئەمـە گۆڕانێك لـە شـێوازی ئاخـاوتنی منـداڵ روودەدات.بـەوەی منـداڵ پێشـتر وشـەکانی تـەنیا بـە مەبەستی ناولێنان بەکار دەهێنا بەڵام ئـەمجارەیان بە مەبەسـتی دەربڕینـی رسـتەیەك بەکار دەهێنی.

منــدالٚ لــەم قۆناخــەدا کــە وشــەیەك دەدرکێنــی مەبەســتی رســتەیەکی خــاوەن واتایە(منـدالٚ لـەو ماوەیـەدا وشـە لـە شـوێنی رسـتەیەکی تـەواو بـەکار دەهێنیٚ).بـۆ نموونە کاتێك کە دەلٚیٚ:(بابە) لێرە دەیـەوێت مەبەسـتێك بگەیـەنێت ئـەم مەبەسـتەش بەپێی ژینگەکەی دەگۆڕێت.وەك بابە هەڵمگرە یان بابە لە کوێیە؟...هتد.

**٦- قۆناخی ئاخاوتنی تەلەگرافی(لێکدانی وشە):**

قۆناخی ئاخاوتنی تەلـەگرافی یـان قۆنـاخی لێکـدانی وشـەکان.مندالٚ لەتەمـەنی (١٨-٢٤) مانگیـدا فێـری لێکـدانی وشـە دەبێـت بـۆ دەربرینـی بیرێـك(فێری دەربرینـی رستەی کورت دەبێت کە لە دوو وشە پێکهاتووە.).

ئـەو رسـتانەی کـە منـدالٚ دەریـان دەبرێـت تـەنیا وشـە سـەرەکییەکانی رسـتە لـەخۆ دەگرێت.رســتەکانی نیشــانە و ئامرازەکان(وشــە ئەرکییــەکان)ی تێــدا نییە.بۆیــە شـێوازی قسـەکردنەکەی بـە ئاخـاوتنی تەلـەگرافی(Telegraphic speech) نـاو دەبرێت.*(ابراهيم الزريقات:٢٠٠٥:٤٤).*

هـەر لـەو ماوەیـەدا دیاردەیـەك کـە بەدیاردەی(تەقینـەوەی نـاوزانی- Naming explosion) ناودەبرێـت لای منــدالٚ ســەرهەڵدەدات.لە چــەند هەفتەیەکـدا منــدالٚ دەتوانێـت نزیکـەی(٤٠٠) وشــە دەرببرێت.ئەمــەش لــە ئــەنجامی زوو گەشــەکردنی توانستی درککردن بەو وشانە کـە لەسـەرەتای سـالٚی دووەمـی تەمەنیـەوە زوو گەشـە دەکات.*(ابراهيم الزريقات:٢٠٠٥:٤٣).*

**٧- قۆناخی ئاخاوتنی**

**تەواو:**

منداڵ لەتەمەنی (٢٤-٣٠) مانگیدا وردە وردە

لایەنە سینتاکسی ئەو رستانەی که دەریان دەبرێت بەرەو باشی دەچێت.رستەکانیشی درێژتر و واتاکەشی روونتر دەبێت.هەرچەندە هەندێك جار وشە قووتدەدا،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم رستانە هەر واتایان هەیە.جگە لەمانە منداڵ لەو ماوەیەدا وشە ئەرکییەکان لەناو رستەکانی بەکار دێنێت.

لە تەمەنی (٣-٤) ساڵیدا ژمارەی ڤاکۆبلەرییەکانی لە نێوان(٣٠٠-٤٠٠) ڤاکۆبلەری دەبێت و دریژی مامناوەندی رستەکانیشی دەگاتە(٣-٤) وشە.

رستەکانی لەرووی ڕۆنانەوە تەواون.رستەکانیشی لەوەی پێشتر درێژتر و تێکچڕژاوتر دەبن.تەنانەت دەتوانێت دوو رستەی سادەش بەهۆی ئامرازی بەستنەوە بەیەکەوە بیانبەستێتەوە،هەندێك جاریش بەبێ ئامراز لێکیان دەدات.هەر چەندە هەندێك جار هەڵە دەکات لە بەکار هێنانی جێناوەکان.

لەرووی گۆکردنەوە لە (٨٠٪) ئەو فۆنیم و وشانەی کە گۆیان دەکات گۆکردنەکەیان تەواوە.(*عبدالله الصقر:٢٠٠٧:٣*).

لە تەمەنی(٤-٥) ساڵیشدا خەزینەی فەرهەنگی منداڵیش لە دوو هەزار وشە تێدەپەرێت.واتە منداڵ لەو تەمەندا دەتوانێت زیاتر لەو وشە و رستانە بگات کە دەیانبیستێ و بە هەمان شێوەش دەتوانێت بەکاریان بهێنێت و رستەکانیشی فراوانتر و ئالۆزتر دەبن.(*امال صادق و فؤاد ابو حطب:١٩٩٩:٢٣٥*).

لە تەمەنی (٥-٦) ساڵیدا منداڵ ئەو زمانەی کە لە ژینگەکەیدا هەیەتی بە تەواوی وەریدەگرێت و بەهەمان شێوازی ژینگە زمانییەکەی دەتوانێت قسە بکات.منداڵ

دەتوانێ رستەکانی درێژتر و تێکچڕاوتر بکات.هەروەها رستەکانی لەرووی دارشتنەوە(ڕۆنانەوە) تەواون.بەهەمان شێوەش لەرووی گۆکردنەوە ئەو وشە و فۆنیمانەی کە گۆیان دەکات تەواون.

**(٢-٢-٢)توانستی درککردن(درککردنی دەنگە زمانییەکان):**

توانستی درککردن بە دەنگەکانی زمان هۆکاری سەرەکییە بۆ گەشەکردنی توانستی دەربرین لای منداڵ.گەشەکردنی ئەم توانستە پشت بە کۆئەندامی بیستن و ناوچەکانی زمان لە مێشک وەك(ناوچەی سەرەکی بیستن،ناوچەی ڤێرنیکا) دەبەستێت.

ئەم توانستە بە پێش توانستی درکاندن دەکەوێت.منداڵ سەرەتا لەگەڵ دەنگەکانی زمان ئاشنا دەبێت.پاش ئاشنا بوون بە دەنگەکانی زمان قۆناخی تێگەیشتن و قسەکردن و بەستنەوەی دەنگەکان(ڤاکۆبلەریەکان) بە واتاکانیان دێت.(*ابراهيم الزريقات:٢٠٠٥:٤١*).

هەر چەندە منداڵ کاتێك کە لەدایك دەبێت کۆئەندامێکی ئامادەکراوی هەیە بۆ بیستن بەڵام کردەیی بیستنی دەنگەکان پەیتا پەیتا گەشە دەکات.منداڵ لە کاتی گڕوگاڵکردندا دەرك بەو دەنگە زمانیانە دەکات کە لە ژینگەکەیدا هەن.بەڵگەش بۆ ئەمە هەموو منداڵێك بەیەك شێوە و لەیەك کاتدا گڕوگاڵ دەکەن تەنانەت ئەو منداڵانەی کە کەڕیشن بە هەمان شێوە گڕوگاڵ دەکەن،بەڵام لەبەر ئەوەی گوێیان لە دەنگی خۆیان نابێت(دەنگی خۆیان نابیستن) ئەوا زوو بە زوو ئەم گڕوگاڵکردنە لە دەست دەدەن.بۆیە باشتر وایە ئەو منداڵانەی کە کەڕن لە کاتی گروگاڵکردندا

ئاوێنەکیان لە پێش دابنرێت تاکو جوولەی لێوەکانی خۆی ببینێت و بەردەوام بێت و بتوانێت فێری "زمانی لێوی" بێت.*(محمد الزين:٢٠٠٦:٤)*.

منداڵ لە تەمەنی (٦) مانگیدا دەست بە درککردنی ئەو دەنگانە دەکات کە لە زمانەکەیدا هەن.

گوێگرتن لە شێوە دەنگییەکان بە تایبەتی ئەو شێوە دەنگییانەی کە بەردەوام گوێ لێدەبێت وەك ناوی خۆی لە تەمەنی (٤-٤,٥) مانگیدا لەلای منداڵ دەست پێدەکات.*(ابراهيم الزريقات:٢٠٠٥:٤٢)*.

لە تەمەنی (٧-١٢) مانگیدا منداڵ ئەو وشانە دەزانێت کە بەربڵاون.وەك( پەرداخ، پێڵاو،مەمە،شەربەت...هتد.).هەروەها هەندێك ڕێنمایش جێ بەجێ دەکات.وەك (مەکە،وەرە ئێرە).لەو ماوەیەش منداڵ زیاتر گوێ لە ئاخاوتن دەگرێت بە تایبەتی کاتێك کە قسەی لەگەڵدا دەکرێت.(ابراهيم الزريقات:٢٠٠٥:٤٢).

هەر لەو تەمەنەشدا منداڵ بە تەواوی ئەو دەنگانە لە دەست دەدات کە لە زمانەکەیدا نییە.

لە تەمەنی (١-٢)ساڵیدا درك بە ئەندامەکانی لەشی دەکات و لێکیان جیا دەکاتەوە و ئاماژە بە ئەندامەکانی لەشی دەکات ئەگەر لێی داواکرا.هەروەها هەندێك داخوازی جێ بەجێ دەکات.

لە تەمەنی (٢-٣) ساڵیشدا درك بە ناوی ئەندامانی خێزانی دەکات.هەر لەو تەمەنەشدا منداڵ دەتوانێ شتەکان لە یەکتر جیابکاتەوە بە پێی ئەو جیاوازییەی کە

لــە نێــو شــتەکاندا هەیە. جگــە لەمــەش دەتــوانێ جیــاوازی لــە واتــای وشــەکانی وەك(ڕۆیشت،راوەستە،گەورە،بچووك،کەم،زۆر،سەرەوە،ژێرەوە...هتد).

هــەروەها دەتــوانێ داخوازییــەك جــێ بــەجێ بکــات کــە دوو کــاری تێــدا بێــت.(*ابراهیم الزریقات :٢٠٠٣: ٨٩*).

لە تەمەنی(٣-٤) ساڵیدا کارزانی گوێگرتن لای منداڵ گەشە دەکات،لە ڕێگاشیەوە دەیـەوێت فێـری شـێوازی دەربـرین بێت.هـەر لـەو تەمەنەشـدا دەتوانێـت جێناوەکـان لەیەکتر جیا بکاتەوە و جیاوازیش لە نێوان ئاوەڵناوەکان بکات و دەتوانێت وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە بە (کێ،چۆن،لە کوێ) دەکرێت بداتەوە.

لــە تەمــەنی(٤-٦)ســاڵیدا ڕێــژەی ئــەو وشــانەی کــە تێــی دەگــات روو لــە زیــاد بوونە. گوێش لەو قسانە دەگرێت کە لە پێشی دەکرێت و تێشیان دەگات.هـەروەها سەرنج دەداتە ئەو چیرۆکە کورتانەی کە بۆی دەگێرنەوە.

ئەو داخوازییانەش جێ بەجێ دەکات کە لە چەند هەنگاوێك پێکهاتووە و دەتوانێ بـە شـێوەیەکی روونـیش وەڵامـی ئـەو دەربرینانـە بداتـەوە کـە لـە چـەند رسـتەیەکی لێکدراو و ئالۆز پێکهاتووە.(*عبدالله الصقر:٢٠٠٧: ٣*).

**(٢-٣)ئەو هۆکارانەی کە کار لە گەشەکردنی زمان لای منداڵ دەکەن:**

ئەو لێکۆلینەوانەی کە لەسەر منداڵ کراون لـە نێـو کۆمـەڵگا جیاجیاکـانی مرۆڤ بە جیاوازی زمانەکانیانەوە ئەوە دەردەخەن کە قۆناخەکانی گەشەکردنی زمان لە ناو هەموو کۆمەڵگەکان وەکو یەکن،بەڵام لەگەڵ ئەمەشـدا جیـاوازی هەیـە لـە نێـو خـودی منداڵەکان(تەنانـەت منـداڵانی یـەك زمـانیش) لـە رووی:چۆنیەتی گەشـەکردن،ژمارەی

وشە فەرهەنگییەکانی کە منداڵ هەیەتی.ئەم جیاوازییەش لە نێو منداڵان بەچەند هۆکارێکی بایەلۆژی و دەروونی و ژینگەیی بەندە.

**(٢-٣-١)هۆکارە بایەلۆژییەکان:**

گەشەکردنی زمان لای منداڵ پەیوەستە بە گەشەکردنی کۆئەندامەکانی (دەمار،دەنگی،بیستن) و ڕادەی گونجان لە نێوان ئەم کۆئەندامانە و چەندێتی بە ئەنجامی گەیاندنی کارەکانیان.(*نعوم جومسکی:١٩٩٠:١٩-٢٠*).

بۆ نموونە گەشەکردنی توانستی دەربڕین پەیوەستە بە ڕادەی گەشەکردن و ڕاهێنانی ئەندامەکانی ئاخاوتن لەسەر دەربڕین.هەروەها پەیوەستیشە بە سەلامەتی کۆئەندامی بیستن و چۆنیەتی کارکردنی کۆئەندامی دەمار.

ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لە بواری فسیۆلۆژییەوە کراون ئەوە دەردەخەن کە ناوچەکانی زمان لە مێشکدا هەموو بەیەکەوە بە شێوەیەکی گونجاو گەشە ناکەن.بۆ نموونە ناوچەی درککردن و تێگەیشتنی زمان لە پێش ناوچەی بەکار هێنانی زمان گەشە دەکات.(*صباح و یوسف:١٩٨٨:٢٥٣*).

هەر چەند منداڵ کاتێك لەدایك دەبێت کۆئەندامێکی دەنگی و بیستنی ئامادەکراوی هەیە بەڵام ئەرکەکانیان ئەنجام نادەن تاکو ڕاهێنانی پێنەکرێت.

هەر کەم و کورتیەك لە هەر کۆئەندامێك لەم کۆئەندامانە گەشەکردنی زمان پێوە کاریگەر دەبێت.لەوانەشە ببێتە هۆی دواکەوتنی گەشەکردنی زمان یاخود سەرهەڵدانی هەندێك نەخۆشی زمان و ئاخاوتن لای منداڵ.(*هدى الناشف:٢٠٠٧:٤٢*).

بۆیە هەر چەند منداڵ لەلایەنی تەندرووستییەوە بە تایبەتی لەلایەنی جوولەییەوە باش بێت ئەوا گەشەکردنەکەی لە رووی زمانییەوە بەرەو باشتر دەچێت.هەروەها ئەگەر دەمار و ئەندامەکانی کۆئەندامی بیستنیش هیچ کەم و کورتیان نەبێت ئەوا توانستی درککردن زووتر گەشە دەکات.(*صباح و یوسف:١٩٨٨:٢١٨*).

**(٢-٣-٢) ڕادەی گەشەکردنی هۆشەکی و زیرەکی لای منداڵ:**

زیرەکی و بیرکردنەوە پەیوەندییەکی توند و تۆڵیان بە وەرگرتن و گەشە کردنی زمانەوە هەیە.

وەرگرتنی زمان لای منداڵ مەرجی یەکەمە لە گەشەکردنی ئەرکە هۆشەکییەکانی وەك:(توانستی بیستنی دەنگ،تێگەیشتنی ئاخاوتن،توانستی دەربڕینی دەنگەکان).هەر چەند زمان لای منداڵ گەشەی کرد و بەرەو پێش چوو ئەوا ڕادەی توانستی هۆشەکی ئەو منداڵە بەرەو زیادبوون دەچێت،چونکە زمان هۆکاری(ئامرازی) سەرەکییە بۆ گەشەکردنی زانیاری و چەمك و بیرەکان.

گەشەکردنی زمان گەشەکردنی بیری بە دواوەیە و بە پێچەوانەش راستە.کەواتە پەیوەندییەکی وەك یەك هەیە لە نێوان زەخیرەی وشەکانی کەسێك و ڕادەی زیرەکی،چونکە ئەو کەسانەی کە بیرکردنەوەیەکی قووڵ و فراوانیان هەیە ئەوا ناچار دەبن بە دوای زانیاری بگەڕێن.لە ئەنجامی ئەم گەڕانەش کۆمەڵێك بیر لەلایان کۆدەبێتەوە.بیگومان بەشێك لەم بیرانە کۆمەڵێك چەمك و واتای بەرجەستە و رووت لەخۆ دەگرن کە بەستراون بەو وشە و هێما زمانیانەی کە ئاماژەیان بۆ دەکەن.(*هدی الناشف:٢٠٠٧:٤٤*).

هەرچەند ڕادەی زیرەکی لای منداڵ زیادبوو ئەوا توانستی تێگەیشتنی روو لە زیادبوون دەکات و هەر چەند ڕادەی زیرەکی نزم بۆوە ئەوا ریژەی وشە و ڕۆنانەکان کەمتر دەبێت.ئەمەش وای لێدەکات توانای دەربرین و تێگەیشتن لای منداڵ کەم ببێتەوە.

(٢-٣-٣) **ڕەگەز:**

گەشەکردنی زمان بەپێی جۆری ڕەگەزی منداڵەکە جیاوازە.ئەو لێکۆلینانەی کە لەو بوارەدا کراون ئەوە دەردەخەن کە توانستی وەرگرتنی زمان(توانستی درککردن و توانستی دەربڕین) زووتر لای ڕەگەزی مێ سەرهەڵدەدات.بۆ نموونە قۆناغی گڕوگاڵکردن زووتر لەلای کچان سەرهەڵدەدات.هەروەها جۆراوجۆر کردنی دەنگەکانیش لە کاتی گڕوگاڵکردندا لە لای کچان زیاترە لە هی کوڕان.ئەم جیاوازییەش پەیتا پەیتا لەگەڵ گەشەکردنی تەمەن زیاتر بە دەردەکەوێت.(*صباح و یوسف:١٩٨٨:٢١٩*).

هەندێك لە توێژەران باوەریان وایە کە ئەم جیاوازییە لە نێوان هەردوو ڕەگەزەکە لە رووی چۆنیەتی گەشەکردنی زمان لایان بۆ ئەو جیاوازییە بایەلۆژیانە دەگەرێتەوە کە لە نێوانیان هەیە.بەڵگەشیان ئەوەیە کە ناوچەکانی زمان لە میشکدا زووتر لە لای ڕەگەزی مێ گەشە دەکات.

هەندێکی تر باوەریان وایە کە ئەم جیاوازییە بۆ هۆکاری رۆشنبیری دەگەرێتەوە. بەڵگەشیان ئەوەیە کە دایك زیاتر لەگەڵ کچ قسە دەکات وەك ئەوەی لەگەڵ کوڕ.

جگـە لـەوەش کۆمـەڵگا زیـاتر قسـە لـە کـچ وەردەگرێـت وەك ئـەوەی لـە کـوڕ وەربگرێت.(*سامی سلطی عریفج:٢٠٠٢: ١١٢*).

**(٢-٣-٤)هۆکارە ژینگەییەکان:**

ژینگە فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ وەرگرتنی زمان و منداڵ زمانی ئەو ژینگەیە وەردەگرێت کە تێیدا دەژیت،بۆیە ڕادەی گەشەکردنی زمان بە پێی ژینگەکەی دەگۆڕێت بە تایبەتیش ژمارەی ڤاکۆبلەرییەکان و شێوازی ئاخاوتنەکەی.کەواتە پەیوەندییەك هەیە لە نێوان ئەو زەخیرە وشەیەی کە منداڵ هەیەتی لەگەڵ ئاستی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەو خێزانەی(ژینگەی) کە تێیدا دەژی.بۆ نموونە ئەو منداڵانەی کە ئاستی رۆشنبیری خێزانەکانیان بەرزە ئەوا زووتر توانستە زمانیەکان لایان گەشە دەکات و زەخیرەی وشەکانیشی زوو بە زوو زیاد دەکات،چونکە خێزانەکانیان زیاتر هانیان دەدەن بۆ قسە کردن.بە پێچەوانەش ئەو منداڵانەی کە ئاستی رۆشنبیری خێزانەکەنیان نزمە ئەوا زەخیرەی وشەکانیان کەم دەبێت بەمەش توانستە زمانیەکانیان کەم دەبێت یاخود گەشەکردنی زمان لایان دوادەکەوێت.

هەروەها ئەو منداڵانەی کە لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری بەرز دەژین ئەوا زووتر و باشتر و ڕوونتر قسە دەکەن لەو منداڵانەی کە لە ژینگەیەکی نزمتر دەژین،چونکە ئەو منداڵانە لە ژینگەیەك گەشە دەکەن پریەتی لە ئامرازە خۆش گوزارییەکان کە وایان لێ دەکات زەخیرەی ڤاکۆبلەرییەکانیان زیاد بکات.(*صباح و یوسف:١٩٨٨: ٢٢٠*).

گـەورە و بچـووکی خێــزان و زنجـیرەی ژمــارەیی منــداڵ لــە نێــو ئەنــدامانی خێزانەکەیـدا دوو هۆکـاری تـرن کـە کـار لـە گەشـەکردنی زمـان لای منـداڵ دەکـەن.بۆ نموونـە ئـەو منداڵـەی کـە یەکـەمجار لـە دایـك دەبێـت لـە خێزانێـك ئـەوا گەشـە کردنـی زمانییەکەی باشتر و روونتر دەبێـت لـەو منداڵـەی کـە پـاش چـەند بـرا و خوشـکێك لـە دایك دەبێت.لەبەر ئەوەی چانسی ئاخاوتنی(پەیوەندی کردنی) لەگەڵی زیـاتر دەبێـت لەو منداڵانەی کە دواتر(لە پاش منداڵی یەکەم) لە دایك دەبن.

هەروەها ئەو منداڵەی کە لـە خێزانێکـی بچـووك لـە دایـك دەبێـت باشـتر گەشـە دەکـات وەك ئەو منداڵەی کە لە خێزانێك بژیت کە ژمارەی ئەندامانی زۆر بێت،چونکە منـداڵ لە خێزانی بچووك زیاتر گرنگی پێدەدەریت.(*صباح و یوسف:١٩٨٨:٢٢٢*).

# بەشی سێیەم:

# نەخۆشی زمانگرتن

# لە نێو منداڵانی کورددا

# (٣) نەخۆشی زمانگرتن

# لە نێو منداڵانی کورددا

**(٣-٠)سەرەتا:**

پەیوەندیکردنی زارەکی بە هۆکاری سەرەکی دادەنرێت بۆ مرۆڤ کە بەهۆیەوە دەتوانێت کارلێکردن لەگەڵ دەوروبەری بکات بە مەبەستی گۆڕینەوەی بیروڕا...لەگەڵیاندا.واتا زمان و ئاخاوتن بەشێکن لە کردەی پەیوەندیکردن کە بە ئەرکی سەرەکی زمان دادەنرێت.

پەیوەندیکردنی زارەکی بۆ ئەوەی بگاتە ئەنجام،ئەوا پێویستی بە چەند پاژێك دەبێت کە بریتین لە:(نێرەر،وەرگر،هێما،بابەت،پەیام،کەناڵ).ئەم پاژانە بە پێکهێنەری پەیوەندی ئاخاوتن دادەنرێن.

سیستەمی پەیوەندی کردن کاتێ سەرکەوتوو دەبێت،ئەگەر (وەرگر) لە مەبەستی(نێرەر) بگات و (نێرەر)ان شارەزایی کەلتووری یەك بن و پەیامەکەیان ڕاستەخۆ و مەبەست داربێ و تەم و مژاوی نەبێت.(*عەبدولواحید موشیر دزەیی:٢٠٠٥:٥٦*).

بەڵام هەموو کاتێك پەیوەندیکردن سەرکەوتوو نابێت لە نێوان (نێرەر) و (وەرگر)،لەوانەشە تووشی کەم و کورتی بێت.جا ئەم کەم و کورتییە چ لە ئەنجامی نەبوونی توانستی بەکارهێنانی هێما و پەیام... بە شێوەیەکی گونجاو لە لای هەر یەك لە (نێرەر) یان (وەرگر).وەك:ئەوانەی کە تووشی نەخۆشی مەنگۆلی بوونە یان

ئەوانەی توانستی ئەقڵیان کەمە،یان ئەم کەم و کورتییە لە ئەنجامی هەندێك کەم و کورتی لە ناردن و وەرگرتنی زانیاری بێت.وەك:ئەو کەسانەی تووشی جۆرێك لە جۆرەکانی ئەفازیا دەبن.

**(٣-١)پۆلینکردنی کەم و کورتییەکانی(نەخۆشییەکانی) پەیوەندیکردن:**

کەم و کورتییەکانی پەیوەندیکردن(Communication disorders) ئەو کەم و کورتییانە لەخۆ دەگرن کە تووشی ڕەگەزە سەرەکییەکانی ئاخاوتن و زمان و بیستن دەبێت و بەم پێیەش دەکرێن بە سێ جۆر:-

١- نەخۆشییەکانی زمان(Language disorders):

نەخۆشییەکانی زمان دوو جۆر نەخۆشی لە خۆ دەگرن:

أ- نەخۆشییە گەشەییەکان.وەك:دواکەوتنی گەشەکردنی زمان بەهۆی کەم عەقڵییەوە(کەم فام).

ب- ئەفازیا.

٢- نەخۆشییەکانی ئاخاوتن(گوتن)(Speech disorders):

نەخۆشییەکانی ئاخاوتن دەکرێن بە چەند جۆرێك:

أ- نەخۆشییەکانی گۆکردن.وەگ گۆڕینی دەنگێك بە دەنگێکی تر.

ب- نەخۆشییەکانی چینی دەنگ.وەك:کەسێك دەنگەکەی لە شێوەی دەنگی کچان بچێت.

پ- نەخۆشییەکانی ڕەوانی لە ئاخاوتن(Fluency disorders).

وەك:زمانگرتن،خێرایی قسەکردن.

٣- **نەخۆشییەکانی بیستن**:ئەم نەخۆشییانەش دوو جۆرن:

أ- هەستی دەماری.وەك گوێ گرانبوونی پیری.

ب- پەیوەندیکردنی.وەك:هەوکردنی گوێی ناوەڕاست.(*ابراهيم الزريقات:٢٠٠٥:١٩*).

**(٣-٢) نەخۆشی زمانگرتن:**

زمانگرتن نەخۆشییەك لە نەخۆشییەکانی گوتن.توێژەرانی بواری نەخۆشییەکانی زمان و گوتن بە چەند شێوەیەك پێناسەیان کردووە:

وینگێت(Wingate) وا پێناسەی زمانگرتن دەکات کە لەم خاڵانەدا بەرچاو دەکەوێت:

١- پچرانی دووبارەکراوە لە ڕەوانی دەربڕینی گوتەکان.

٢- لەگەڵ ڕۆنانە ئەرکییەکان لە کاتی ئاخاوتن و بێدەنگی ڕەوشتی بەرەنگاربوونەوە دەبینرێت.

٣- بوونی هەندێك حالەتی هەڵچوون کە کار لەئاخاوتن دەکات بە باشی یان خراپی،بێ ئەوەێ ئەم حالەتانە پەیوەندی بە ئاخاوتنەوە هەبێت.(*ابراهيم الزريقات:٢٠٠٥:٢٢٨*).

هەروەها (ئەریکسۆن) وا پێناسەی زمانگرتن دەکات:(زمانگرتن بریتییە لە دووبارەکردنەوەی دەنگ و برگە گوتەیەکان و درێژکردنەوەی پێویست بۆ ڕەوشتە زێدە جوولەییەکان).

فرایبێرگ و ڕۆس دەڵێن:(زمانگرتن بریتییە لە بەرەو پێش نەچوونی ئاخاوتن بە شێوەیەکی ڕەوان(ئاسایی).ئەم بەرەو پێش نەچوونەی ئاخاوتنیش یان بەهۆی

وەستان دەبێت لە کاتی ئاخاوتندا یان بەهۆی درێژکردنەوە و دووبارەکردنەوەی هەندێك دەنگ وبرگە و وشەکان دەبێت.(*مانع الذبیانی:٢٠٠٦: ١*).

پاش ئەوەی پێناسەکانمان خستەروو سێ دیاردەی سەرەکی زمانگرتن هەستی پێدەکرێت ئەوانیش:(دووبارەکردنەوەی دەنگ یان وشەیە،درێژکردنەوەی دەنگ و وشە،وەستان لە کاتی قسەکردندا هەرچەندە قسەکەر هەوڵدەدات قسە بکات بەڵام ناتوانێت بۆیە دەوستێت لە قسەکردن.).

## (٣-٣) <u>**نیشانەکانی نەخۆشی زمانگرتن:**</u>

نەخۆشی زمانگرتن هەندێك نیشانەی هەیە کە بە هۆیانە دەتوانرێت ئەو کەسە دەست نیشان بکرێت کە نەخۆشی زمانگرتنی هەیە.نیشانەکانیش دەکرێن بە دوو بەش:-

١-نیشانە بینراوەکان.

٢- نیشانە نەبینراوەکان.

### (٣-٣-١) <u>**نیشانە بینراوەکان**</u>:

ئەو نیشانەن کە کەسی بەرامبەر یان گوێگر هەستیان پێدەکات یاخود دەیانبیستێ.نیشانەکانیش دەکرێن بە دوو جۆرە رەوشت:

أ- رەوشتە سەرەکییەکان(گوتییەکان).

ب- رەوشتە لاوەکییەکان.

**أ- ڕەوشتە سەرەکییەکان(ڕەوشتە گوتەییەکان):**

**لەکاتی ئاخاوتندا زمانگر تووشی سێ ڕەوشتی گوتەی دەبێت یان سێ ڕەوشتی گوتەی لە ئاخاوتنی زمانگر هەستی پێدەکرێت کە ئەمانەن:**

**١- دووبارەکردنەوەی دەنگ یان وشە یان ڕستەی کورت.**

**٢- وەستان لە کاتی ئاخاوتندا.**

**٣- درێژکردنەوەی دەنگێك یان بڕگەیەك.**

- **دووبارەکردنەوە(Repetitons):**

**دووبارەکردنەوە گرنگترین نیشانەی جیاکەرەوەیە بۆ نەخۆشی زمانگرتن و بەدیارترین نیشانەی زمانگرتنیش دادەنرێت کە بریتییە لە دووبارەکردنەوەی دەنگێك یان بڕگەیەك یان وشەیەك،بەشێوەیەکی یەك بە دوایەکەوە دەبێت،بە ڕادەیەك کە گوێگر هەستی پێدەکات.تەنانەت گوێگر یەکسەر هەست بە ناتەواویەك لە ئاخاوتنی ئەو کەسە دەکات و دەشزانێت ئەو کەسە زمانی دەگیرێت.** ( *؟:٢٠٠٧:٣)*.**وەك:**

**- نەورۆزێ چووبووینە چووبوینە سەفرەی لەگەڵ لەگەڵ مالی خزممان.**

**- هەندێك جار نەنەنەنەدەچووینە دەرێ.**

**- بەس بەس لەلەلەلە هەولێرێ پیاسەمان دەکرد.**

**دەقی(٢) لا(C).**

**- لەلە چل مەتری.**

**- بەبەبەبەرامبەر سەمووني....**

– بەبەبەس بەسبەینان لەگەڵ مامۆستا حەحەمەدی دەدەڕۆم.

– ئەئەویش گوتی سبەینێ دەدەدەڕۆم وەوەڵامی.....

دەقی(٣) لا(C).

▪ **وەستان(Blocking):**

وەستان لەناکاو لە کاتی قسەکردندا نیشانەیەکی تری زمانگرتنە.ئەم وەستانە بەبێ ویستی زمانگرەکە روودەدات.هەرچەندە زمانگر لە کاتی قسەکردندا دەیەوێت بەڕەنگاری ئەم وەستانە بێت لە ئاخاوتندا بەڵام سەرکەوتوو نابێت و ناتوانێت بۆ ماوەیەك بەردەوام بێ لە قسەکردندا.وەك:

– لە O لە ماڵێ.*

– O برام .

– ب O برام پاڵی پێوەنام و بەرOبوومەوە.

دەقی(١) لا(b).

–چل مەتری،بOبە....بەرامبەر.....

– Oبەرخ و تاوانبارەکە،دلڤین و ژینگە،Oقوتابی.

– دڵڤین و ژینگە باسی O هانی دەڵێ.....

دەقی(٣) لا(C).

توێژەرانی نەخۆشییەکانی زمان و گوتن دەڵێن:(وەستان لە ئاخاوتن لە ئەنجامی نەجووڵاندنەوەی تاڵە دەنگییەکان روودەدات.).هەر بۆیە هەندێك بۆ ئەوە چوون کە

* (O= وەستانێکی کورت لە کاتی ئاخاوتندا).

بلـۆككردن لــه ئــەنجامی گرژبوونــەوەی ماســوولکەکانی قــورگ روودەدات،بــەڵام لێکۆلینەوە نوێیەکان ئەوەیان دەرخستووە کە گرژبوونەوەی ماسوولکەکانی قورگ لە لای مرۆڤی (ئاسا)یش روودەدات بە تایبەتی لە کاتی هەڵچووندا.بۆیە ناکرێت وەستان لە قسەکردندا لە لای زمانگر بە گرژبوونەوەی ماسوڵکەکانی قورگ ببەسترێتەوە.

شایانی باسکردنە حاڵەتی بلۆککردن لە سەرەتای دەست پێکردن بە دەربرینی وشە و ڕستەکان روودەدات.(*الوردة البيضاء:٢٠٠٧:١٠*).

- **درێژکردنەوە(Prolongation):**

درێژکردنەوەی دەنگ ڕوویەکی تری زمانگرتنە یاخود درێژکردنەوەی دەنگ نیشانەیەکی تری زمانگرتنە.درێژکردنەوەی دەنگیش لای زمانگر بە جۆرێکی هەست پێنەکراو دەبێت بە ڕادەیەك یەکسەر گوێگر هەست بە جۆرە ناتەواوییەك لە ئاخاوتنی ئەو کەسە دەکات.(*الوردة البيضاء:٢٠٠٧:١١*).وەك:

- خ:::ۆ نەئێشا.
- ل::ە لە ماڵێ.
- چ::او قوچانێ.

دەقی(١) لا(b).

- لەگەڵ خ::زمان گەمم دەکرد.
- هەندێك د::دادانیشتین.* دەقی(٢) لا(C).

---

* (:= ئەوەندە جارەی دووبارەکردنەوەی دەنگەکە).

ماوەی درێژکردنەوەی هەر دەنگێکیش  لای زمانگر لە نێوان(٢-٣٠)چرکە دەبێت.

**ب- رەوشتە لاوەکییەکان:**

لــە کــاتی زمــانگرتن چــەند رەوشــتێکی لاوەکــی دەبینرێــت لــە ئاخــاوتنی قسەکەر.واتە زمانگر لە کاتی قسەکردندا چەند رەوشتێك ئەنجام دەدات.وەك:

١- سەرفکردنی توانستێکی زۆری جەستەیی لە کاتی قسـەکردندا.بۆ نموونـە کاتێك زمانگر تووشی بلۆککردن دەبێت هێزێکی زۆر سەرف دەکات بۆئەوەی چەند دەنگێك دەربڕێت.

٢- چاو قوچاندن لە کاتی قسەکردندا بە تایبـەتی لـەو کاتـەی کە تووشـی زمـانگرتن دەبێت.

٣- سووربوونەوە یان تێکچوونی شێوەی دەم و چاو.

٤- گرژبوونەوەی ماسوولکەکانی ناوچەی گەروو.

٥- جوولاندنەوەی زێدەی هەندێك ئەندامـەکانی لـەش.وەك جوولاندنـەوەی دەسـت و پێیەکانی...هتد.(*ابراهيم الزريقات:٢٠٠٥:٢٢٩،فادی فهمی صبيح:٢٠٠٦:٢*).

**(٣-٣-٢) نیشانە نەبینراوەکان:**

ئەم نیشانانەن کە کەسی بەرامبەر(گوێگر) راستەوخۆ هەستیان پێناکات تاکو لە رێگایانەوە بزانێت کە قسەکەر نەخۆشی زمانگرتنی هەیە.شایانی باسکردنە نیشـانە نـەبینراوەکانیش  زیـاتر لـە لای کەسـی پێگەیشـتوو دەبینرێت،چـونکە زمـانگر لـەم تەمەندا هەست بەوە دەکات کە کێشەیەکی هەیە لە قسەکردندا.

نیشانە نەبینراوەکانیش ئەمانەن:

• گۆڕینی ئەو وشانەی کە زمانگر هەست دەکات لێیان دەگیرێت بە وشەی تر کە بەئاسانی لە دەمی دێتە دەرێ و تێدا زمانی ناگیرێت.

• کاتێك کە باس لە بابەتێك دەکرێت و دەبێتە میحوری باسکردن و زمانگریش دەزانێت ئەگەر بە شێوەیەکی راستەوخۆ باس لەو بابەتە بکات ئەوا زمانی دەگیرێت.بۆیە لە کاتی ئاخاوتنیدا پەنا دەباتە بەر ئەوەی کە بەدەوری بابەتەکە بسوورێتەوە و بە شێوەیەکی ناراستەوخۆش باس لە بابەتەکە بکات بۆ ئەوەی تووشی زمانگرتن نەبێت.

• خۆ دزینەوە لە ئاخاوتن و کاتێکیش پرسیاری لێ بکرێت بە شێوەیەکی راست و دروست وەڵام ناداتەوە.ئەم کارەشی بە مەبەستی خۆ رزگارکردن دەبێت لە دەربڕینی هەندێك وشە و دەنگ کە دەزانێت زمانی لێیان دەگیرێت.(*ابراهیم الزریقات:٢٠٠٥ :٢٢٩*).

**(٣-٤)هۆیەکانی زمانگرتن:**

تاکو ئێستا رێکەوتنێکی گشتگیری لەسەر دەست نیشانکردنی(دیارکردنی) ئەو هۆکارانە نییە کە دەبنە هۆی زمانگرتن.بۆیە هەر توێژەرێك بە پێی بۆچوونی خۆی سەرهەڵدانی نەخۆشی زمانگرتن بۆ جۆرە هۆکارێك دەگەڕێنێتەوە،هەیانە زمانگرتن بۆ هۆکاری ئەندامی- بۆماوەیی دەگەڕێنێتەوە،هەیانە زمانگرتن بە هۆکاری ژینگەی-کۆمەڵایەتی دەبەستێتەوە،هەشیانە بۆ هۆکاری نیرۆ-ماسوولکەیی دەگەرێنێتەوە،هەندێکی تریش زمانگرتن بە هۆکاری دەروونی دەبەستێتەوە.

نەزانینی هۆکاری سەرهەڵدانی زمانگرتن هۆکارێك بوو بۆ هاتنە مەیدانی چەند تیۆرێك کە هەر یەکێکیان هەوڵدەدات بە بەڵگە راستی تیۆرەکەی خۆی بسەڵمێنێت و

نەخۆشـــی زمــانگرتنیش بــەو هۆکــارە ببەســتێتەوە کــە ئــەو تیــۆرە بــە هۆکــاری سەرەکی(بنەرەت) دەیزانێت(دایدەنێت).*(الوردة البیضاء:٢٠٠٧: ١١)*.

**(٣-٤-١) تیـۆری باڵادەسـتی لایـەکی مێشـك( Cerebral Dominance Theory):**

بەپێی ئەم تیۆرە نەخۆشی زمانگرتن لە ئەنجامی کەم و کورتی(تێکچوونی) بایـەلۆژی یـان بـەهۆی کـەم و کـورتی دەمـاری و فسـیۆلۆژی تێکچـڕاو لـە مێشـکی زمانگرەکـە سـەرهەڵدەدات.ئەم کـەم وکورتییـەش لـە ئـەنجامی ونبـوونی باڵادەسـتی لایەکی مێشك بەسەر لایەکەی تری روویداوە(سەری هەڵداوە).ونبوونی باڵا دەستی لایەکی مێشك بەسەر لایەکی ترەوە دەبێتە هۆی لە دەستدانی کۆنترۆڵکردنی جوولـە بەکار هاتووەکانی ئاخاوتن.*(ابراهیم الزریقات:٢٠٠٥: ٢٣٥)*.

لایـەنگیرانی ئـەم تیـۆرەش دەڵێن:(زۆربـەی ئـەو کەسـانەی کـە تووشـی زمـانگرتن دەبن،ئـەو کەسـانەن کـە لای ڕاسـتی مێشـکیان باڵادەسـتە بەسـەر لایـەکی تـری مێشکیان.). بەڵگەشـیان ئەوەیـە ئـەو کەسـانە سـەرەتا هـیچ کـەم و کورتییـەکیان نییە،بەڵام کاتێك فەرمانیان پێدەکرێت کەوا ئیش و کارەکانیـان بـە دەسـتی ڕاسـت ئەنجام بدەن(لە بنەرەتدا ئەوانە ئیش و کارەکانیـان بـە دەسـتی چـەپ ئـەنجام دەدەن) ئەوا تووشی زمانگرتن دەبن.بۆیە هەر کاتێك ئەمانە گەڕانەوە سەر ئەوەی کە ئیش و کارەکانیان بە دەستی چەپ بکـەن لـە جیـاتی دەسـتی ڕاسـت ئـەوا تووشـی زمـانگرتن نابن یاخود زمانگرتنەکەیان چاك دەبێتەوە.*(الوردة البیضاء:٢٠٠٧: ١١)*.

**(٣-٤-٢) تیۆری بۆماوەیی(Genitic theory):**

ئـەم تیـۆرە هـۆی سـەرهەڵدانی نەخۆشـی زمـانگرتن لای منـداڵ بـۆ هۆکـاری بۆماوەیی دەگەڕێنێتەوە.بە پێی ئەو توێژینەوانەی کە لەسەر ئەو بنەماڵانە کراون کە نەخۆشـی زمانگرتنیـان هەیە.ئەگـەری سـەرهەڵدانی زمـانگرتن بـۆ بنەمایـەکی جینـی دەگەڕێنـەوە کـە بەرپرسـە لـە سـەرهەڵدان و گەشـەکردن و بـەردەوامی زمـانگرتن لای هەندێك لە زمانگرەکان.

هەرچەندە تاکو ئێستا نەتوانراوە دەست نیشانی ئەو جینەیە بکرێت کە بەرپرسـە لـە سـەرهەڵدانی نەخۆشـی زمانگرتن،بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا لایـەنگیرانی ئـەم تیـۆرە سوورن لەسەر ئەوەی کە زمانگرتن بنەمایەکی بۆماوەیی هەیـە و پشـت بـەو راسـتییە دەبەستن بۆ سـەلماندنی تیۆرەکـەیان کـە دەڵێت:(تـاکو ئێسـتا نـەتوانراوە هـیچ کـەم و کورتییـــەکی بایـــەلۆژی دەســـت نیشـــان بکرێـــت کـــە ببێتـــە هـــۆی ســـەرهەڵدانی زمانگرتن،بۆیە زمانگرتن لە ئەنجامی بوونی بنەمایەکی بۆماوەیی سەری هەڵداوە).

هەرچـەندە لـە داهـاتوودا ئەگـەر تـوانرا ئـەو جینەیـە دەسـت نیشـان بکرێـت کـە بەرپرسە لە سەرهەڵدان و گەشەکردنی زمانگرتن لای منداڵ،دەبێ ئەو راستییە لە بیر نەکەین کە سەرهەڵدان و گەشەکردنی هەر جینەیەك لای مرۆڤ پێویسـت بـە هـەبوونی چەند هۆکارێکی ژینگەیی دەکات،چونکە هۆکـارە ژینگەیـەکان هۆکـاری سـەرەکین لـە سـەرهەڵدان و گەشـەکردنی هـەر جینەیـەك کـە بـەپرس بێـت لـە سـەرهەڵدانی هـەر نەخۆشییەك.وەك نەخۆشی(شێرپەنجە).واتا نەڕەخسانی هۆکـارە ژینگەیـەکان نابێتـە هۆی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ئەم جینەیە،بۆیە ئەم بۆچوونە(بۆچـوونی بۆمـاوەیی)

زێتر پێویستی بە توێژینەوە هەیە تاکو بتوانێت چۆنیەتی سەرهەڵدان و گەشەکردنی زمانگرتن لای زمانگر دەست نیشان بکات.*(ابراهیم الزریقات:٢٠٠٥:٢٣٦)*.

**(٣-٤-٣) تیۆری نیرۆ- فسیۆلۆژی:**

بەپێی ئەم تیۆرە زمانگرتن لە ئەنجامی نەخۆشییەکی دەماری-ماسوولکەیی سەری هەڵداوە یاخود زمانگرتن لە ئەنجامی بوونی کەم و کورتی لە چۆنیەتی کارکردنی دەمارەکانی مێشك روویداوە(سەری هەڵداوە) بە تایبەتی ئەو دەمارانەی کە ئەرکیان گواستنەوەی فراوانە لە مێشکەوە بۆ ئەندامەکانی تری لەش.

هەروەکو زانراوە هەر لایەکی مێشك بەرپرسە لە جۆرە ئەرك و فەرمانێك، کردەی زمانیش(ئاخاوتن) لە ئەنجامی کارکردنی پێکەوەی ناوچەکانی هەر دوو لای مێشك ئەنجام دەدرێت.هەر کەم کورتییەکیش لە بە ئەنجام گەیاندنی هەر کردەیەك لە هەر لایەکی مێشك دەبێتە هۆی کەم و کورتی لە تەواوی کردە ئەنجام دراوەکە.

تێروانینی ئەم تیۆرەش ئەوەیە کە زمانگرتن لە ئەنجامی کەم و کورتی بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکی دەمارەکانی لایەکی مێشك روودەدات.ئەم کەم و کورییەش دەبێتە هۆی باش کارنەکردنی ماسوولکەکانی گوتن و نەبوونی گونجان لە نێوان ئەم ماسوولکانە لەشێوەی کارکردنەوە کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ماسوولکەکان بە هەمان توانستەوە هەموو پێکەوە ناتوانن کار بکەن.کەواتە زمانگرتن لە ئەنجامی سستی کارکردنی دەمارەکانی لایەکی مێشك لەچاو لایەکەی تری مێشك روودەدات.*(الوردة البیضاء:٢٠٠٧:١١)*.

**(٣-٤-٤) تیۆری زمانەوانی دەروونی دەمارناسی( Nerou Psycohliguistic Theory):**

**ئاخاوتنی ئاسایی دوو ڕەگەزی سەرەکی پێویستە ئەوانیش:-**

**١- سیستەمی زمانییە(النظام اللغوی**-linguistic system).

**٢- سیستەمی ئەو پەری زمانە(النظام ما وراء اللغوی**-Paralinguistic).

**ئەم دوو سیستەمە بەهۆی چەند یەکەیەکی دەماریی سەربەخۆ کۆنترۆڵ دەکرێت و هەر دووکشیان بە سیستەمی دەرچووە هاوبەشەکان کۆتاییان دێت.**

**لەکاتی ئاخاوتندا گونجانێکی کاتی و دینامیکی ورد لە نێوان ئەو دوو سیستەمە دەکرێت تاکو بتوانن بگەنە دەرچووە هاوبەشەکان(مخرجات مشترك).هەر کەم و کورتییەکیش لە چۆنیەتی گونجانی ئەم سیستەمانە یان دواکەوتنی هەر سیستەمێك لەمانە لە بە ئەنجام گەیاندنی کاری خۆی دەبێتە هۆی تێکچوونی ریتمی ئاخاوتنی ئاسایی،کەوا گوێگر زوو هەست بەو تێکچوونە دەکات و دەزانێت کەوا قسەکەر توانای کۆنترۆڵکردنی سیستەمی دەرچووە هاوبەشەکانی لە دەستداوە کە بەهۆیەوە قسەکەر تووشی زمانگرتن بووە.واتا زمانگرتن بە پێی تێروانینی ئەم تیۆرە لە ئەنجامی لە دەستدانی کۆنترۆڵکردنی سیستەمی دەرچووە هاوبەشەکان ڕوودەدات.***(ابراهیم الزریقات:٢٠٠٥:٢٣٦)*.

**(٣-٤-٥) تیۆری دەست نیشانکردن:**

**ئەم تیۆرە لای(جۆنسون) خراوەتە ڕوو.ئەم تیۆرە پێی وایە هەندێك هۆکار هەن لە ژینگەی خێزانی منداڵەکە بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ بەشداری دەکەن(بەرپرسن) لە**

ســــەرهەڵدان و گەشـــەکردنی زمـــانگرتنی منـــداڵ بـــە تایبـــەتی منـــداڵی بچووك.هۆکارەکانیش بریتین لە:(لێدان،قسە پێ گوتن،هەرەشەکردن) لەلایەن دایك و باوکەوە.بۆ نموونە ئەو مندالانەی کە هێشتا لە قۆناغی وەرگرتن و گەشەکردنی زمانن تووشی زمانگرتنێکی گەشەی دەبن،بەڵام لەبەر نەبوونی شارەزایی دایك و باوکی منداڵ و بەمەبەستی ئامۆژگاریکردنی منداڵەکەیان بەوەی چۆن قسە بکەن،منداڵەکەیان تووشی ئەوە دەکەن کە ترسێك لە لای دروست بێت و نەتوانێت بە باشی قسە بکات یان دایك و باوك کاتێك داوا لە منداڵەکەیان دەکەن کە وشەیەك بەزۆری دەربڕێت کە لەگەڵ توانای منداڵ ناگونجێت،چونکە هێشتا لەرووی گەشەکردنەوە نەگەیشتووتە ئەو ئاستەی کە بتوانێت هەندێك دەنگ دەربڕێت.لە ئەنجامدا منداڵ ناتوانێت ئەو دەنگانە دەربڕێت و تووشی زمانگرتن دەبێت.

ئەم تیۆرە لەسەر سێ ئەگەر بنیات نراوە:-

١- دایك و باوك یەکەم کەسن کە دەست نیشانی زمانگرتن لای منداڵەکانیان دەکەن.

٢- ئەوەی دایك و باوکی منداڵ بە زمانگرتنی لە قەڵەم دەدەن،لە راستیدا زمانگرتنی منداڵەکەیان زمانگرتنی نەخۆشی نییە،بەڵکو زمانگرتنێکی ئاساییە کە منداڵ تووشی دەبێت لە کردەی وەرگرتن و گەشەکردنی زمانی منداڵ.

٣- سەرهەڵدان و گەشەکردنی زمانگرتنی منداڵ دوای کردەی دەست نیشانکردن لەلایەن دایك و باوکی منداڵەکەوە دەبێت و زمانگرتنیش وەك نەخۆشییەکی گوتن لە

لای منـــدالْ دەرئەنجامێکـــە بـــۆ کردەوەکـــانی دایـــك و بـــاوکی منداڵەکـــە.*(الـــوردة البیضاء:۲۰۰۷:۱۲)*.

**(۳-٤-٦) تیۆری ململانێ نێوان کردن و نەکردن(ویستن و نەویستن):**

ئـــەم تیـــۆرە پێوایـــە کـــە زمـــانگرتن لـــە ئـــەنجامی ململانـــێ نێـــوان دوو ئارەزوو:ئـــــارەزووی قســـــەکردن،ئارەزووی بـــــێ دەنگی(قســـــە نـــــەکردن) سەرهەڵدەدات.ململانێ نێوان ئەم دوو ئارەزووە کرۆکی زمانگرتنەکەیە لای زمانگر لە کاتی ئاخاوتندا.زمانگر لە نێوان ئەم دوو ئارەزووە:ئارەزووی قسەکردن بە مەبەستی پەیوەندی کردن بە بەرامبەرەوە و ئارەزووی بێدەنگی لە ترسی زمانگرتن دێت و دەچێت.ئەمەش واتای ئەوەیە کە هەر دوو ئارەزووەکە لە نێو خودی زمانگر بەهایەکی پۆزەتیڤ و ئەویتر نێگەتیڤ دروست دەکات،بۆیە ئەگەر زمانگر لایەنی بێدەنگی وەرگرت ئەمە واتای ئەوەیە کە دەستبەرداری پەیوەندیکردن دەبێت کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا کێشەیەکی بۆ دروست دەکات و واشی لێ دەکات هەست بە دامرکاندن بکات،ئەگەر زمانگریش لایەنی قسەکردنی گرتەبەر،ئەوا دەتوانی بگاتە ئارەزووی پەیوەندیکردن.لە کاتی قسەکردنیشدا(پەیوەندیکردندا) تووشی زمانگرتن دەبێت.دیسان بە هەمان شێوە چەند هەستێك لە خودی زمانگرەگەکە دروست دەبێت.وەك:شەرم کردن.*(الوردة البیضاء:۲۰۰۵:۱۲)*.

**<u>(۳-٥) جۆرەکانی زمانگرتن:</u>**

چەند جۆرە زمانگرتنمان هەیە کە لە لای منداڵ سەرهەڵدەدات، بە پێی کاتی

(تەمەنی) تووشبوون و ئەو ماوەیەی کە زمانگرتنەکە دەیخایەنێت لە یەك جیا دەکرێنەوە و دەکرێن بە سێ جۆر:-

١- زمانگرتنی گەشەیی(Developmental Stuttering):

ئەم جۆرە زمانگرتنە بە چەند شێوەیەك لە لای منداڵی بچووك لە نێوان تەمەنی(٢-٤)ساڵیدا سەرهەڵدەدات و بۆ ماوەیەکی کورت لە لایان دەمینێتەوە دواتر چاك دەبنەوە.زمانگرتنی گەشەی لە لای زۆربەی منداڵان لەو ماوەیەدا سەرهەڵدەدات،لەوانەیە لە ئەنجامی کامڵ نەبوونی وەرگرتنی زمان یان کامڵ نەبوونی ئەندامەکانی کۆنترۆڵکردنی کردە قسەییەکان سەرهەڵبدات.

شایانی باسکردنە توێژەرانی بواری نەخۆشییەکانی زمان و گوتن ئەم جۆرە زمانگرتنە(ئەم حاڵەتە) بە نەخۆشی زمانگرتن دانانێن،بەڵکو بە حاڵەتێکی ئاسایی وەرگرتن و گەشەکردنی زمان دادەنێن لە لای منداڵ.بۆیە پێویستە توێژەری بواری نەخۆشییەکانی زمان و گوتن ئاشنا بێ بە کردەی وەرگرتن و چۆنیەتی گەشەکردنی زمان لای منداڵ.(*ابراهیم الزریقات:٢٠٠٥:٢٤١*).

٢- زمانگرتنی میانڕۆ:

ئەم جۆرە زمانگرتنە لەنێو منداڵانی تەمەن(٦-٨)ساڵی سەرهەڵدەدات. ماوەیەك ئەم جۆرە زمانگرتنە لای منداڵ دەمینێتە کە بە (٢-٣)ساڵ دادەنرێت. دوای ئەو ماوە زمانگرتنەکە لایان نامینێت،منداڵەکانیش لە خۆوە چاك دەبنەوە،بە ڕادەیەك کە هیچ نیشانەی زمانگرتنیان لا نامینێت.(*مینوو:٢٠٠٧:٢*).

٣- زمانگرتنی بەردەوام:

زمانگرتنی بەردەوام بە ترسناکترین جۆری زمانگرتن دادەنرێت،چونکە لای منداڵ دەمینێتەوە و گەشەش دەکات.بۆیە پێویستە زوو چارەسەر بکرێت ئەگەر نا زمانگرتنەکە وردە وردە گەشە دەکات بەبوونی هەندێك هۆکاری یارمەتیدەر بۆ گەشەکردنی زمانگرتن.وەك:(هەڵوێستی خراپی دایك و باوك و دەوروبەر بەرامبەر بە چۆنیەتی ئاخاوتنی زمانگر،رادەی هەستکردنی منداڵەکە بە تێکچوونی ئاخاوتنی"هەستکردنی بە نەخۆشییەکە"،...هتد).

زمانگرتنی بەردەوام لەنێو منداڵانی تەمەن(٣,٥-٨,٥) ساڵی سەرهەڵدەدات.لەوانەیە لە تەمەنی(٥)ساڵی و دوای (٥) ساڵیش سەرهەڵبدات.*(ابراهیم الزریقات:٢٠٠٥:١٤١)*.

**(٣-٦)<u>قۆناخەکانی زمانگرتن:</u>**

زمانگرتن(زمانگرتنی بەردەوام) بە چەند قۆناخێك تێدەپەرێت لە کاتی گەشەکردنەکەیدا.هەر قۆناخێکیش لەم قۆناخانەی زمانگرتن خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی کە بەهۆیانەوە لەیەکتر جیا دەکرێنەوە.*(عادل عوض الغامدی:٢٠٠٧:١)*.

زمانگرتنی بەردەوامیش بە چەند قۆناخێك تێپەر دەبێت:

**- قۆناخی یەکەم:**

قۆناخی یەکەمی زمانگرتن بە زمانگرتنی سادە ناودەبرێت.منداڵ لە تەمەنی پێش چوونە قوتابخانە،لە تەمەنی(٢-٦)ساڵیدا تووشی دەبێت.ئەم قۆناخە بەوە دەناسرێت کە زمانگرتنەکە بریتییە لە سەرەتای تێکچوونی ریتمی ئاخاوتنی

ئاسایی(سەرەتای سەرهەڵدانی کەم و کورتی لە ئاخاوتنی ئاسایی) بەهۆی دووبارەکردنەوەی سەرەتای رستەکان.

منداڵ لەم قۆناخەدا هەست بەوە ناکات کە کێشەیەکی هەیە بە ناوی زمانگرتن،بەڵکو ئەم دیاردەیەشی(زمانگرتنەکە) لەلای سەیر دەبێت کە تووشی دەبێت.(*ابراهیم الزریقات:٢٠٠٥:٢٤١*).

زۆربەی توێژەرانی بواری نەخۆشییەکانی زمان و گوتن ئەم قۆناخەی زمانگرتن بە قۆناخێکی نەخۆشی زمانگرتن لە قەلەم نادەن،بەڵکو بە حاڵەتێکی ئاسایی سەیری دەکەن کە منداڵ لە کاتی وەرگرتن و گەشەکردنی زمان تووشی دەبێت.بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم قۆناخەی زمانگرتن وەك دراوێك وایە کە دوو رووی هەیە روویەکیان نەخۆشی زمانگرتنە و رووەکەی تریشی زمانگرتنی ئاساییە کە منداڵ لە کاتی گەشەکردندا تووشی دەبێت.بۆیە لەم حاڵەتەدا سەرکەوتوو نابن لە دانانی سنورێك لە نێوان زمانگرتنی ئاسایی و نەخۆشی زمانگرتن.

چارەسەرکردنی ئەم قۆناخەش لە رێگای ئامۆژگاریکردنی ئەو کەسانە دەبێت کە دەکەونە دەوروبەری زمانگرەکە.(*عادل الغامدی:٢٠٠٧:١*).

**- قۆناخی دووەم:**

ئەم قۆناخە بە زمانگرتنی سەرەتایی دەناسرێت.ئەم قۆناخە لەنێو منداڵانی تەمەن(٦-٨)ساڵیدا سەرهەڵدەدات و دەکرێ ئەم قۆناخە بە سەرەتای دەست پێکردنی نەخۆشی زمانگرتن دابنێین.لەم قۆناخەدا منداڵ هەست بەوە دەکات کە کێشەیەکی هەیە بەناوی زمانگرتنەوە و زمانگرتنیش لەلای زمانگر لە بەشێکی

زۆری ئاخاوتنەکەی بە دەردەکەوێت و لەم قۆناخەدا زمانگرتن شێوەیەکی پێشکووتووتر وەردەگرێت لە چاو قۆناخەکەی پێشوودا.*(ابراهیم الزریقات:٢٠٠٥:٢٤٢)*.

هەر لەم قۆناخەشدایە هەندێك رەوشتی لاوەکی بەستراو بە نەخۆشی زمانگرتن لای زمانگرەکان سەرهەڵدەدات.وەك:چاوقوچاندن...هتد.

ستراتیژییەتی چارەسەرکردنی زمانگرتنیش لەم قۆناخەشدا بە هەمان شێوەی قۆناخی پێشووتر دەبێت.*(عادل الغامدی:٢٠٠٧:١)*.

**- قۆناخی سێیەم:**

ئەم قۆناخە بە زمانگرتنی مامناوەندی دەناسرێت.لەم قۆناخەدا زمانگرتن لە لای زمانگر لە چەند بار و دەنگ و وشەیەکی دیاریکراوی زمانەکە دەردەکەوێت کە زمانگر خۆی دەیانناسێتەوە.بۆیە رەوشتی خۆدزینەوە لەو دەنگ و وشانەی کە تێدا دەگیرێت لەلای سەرهەڵدەدات.رەوشتی خۆدزینەوەش بە چەند شێوەیەك لەلای دەردەکەوێت.وەك:گۆرینەوەی ئەو وشانەی کە تێدا زمانی دەگیرێت بە وشەی تر کە دەتوانێت بە ئاسانی گۆیان بکات.

بەڵام هێشتا لەلای رەوشتی خۆدزینەوە لە ئاخاوتن سەری هەڵنەداوە،بەڵکو زۆر بە ئاسانی ئاخاوتن لەگەڵ کەسێك دەکات ئەگەر قسەی لەگەڵ کرد.جێگای ئاماژە پێکردنە ئەم قۆناخەی زمانگرتن لە نێو ئەو منداڵانە دەبینرێت کە لە دوا قۆناخی منداڵی و سەرەتای قۆناخی هەرزەکاری دان.*(ابراهیم الزریقات:٢٠٠٥:٢٤٢)*.

**- قۆناخی چوارەم:**

ئەم قۆناخە بە زمانگرتنی پێشکەتوو دەناسرێت و زمانگر دەگات بە دوا

قۆناخی نەخۆشی زمانگرتن.زمانگریش لە تەمەنی (١٤)ساڵی دەگاتە ئەم قۆناخە.لەم قۆناخەدا هەستی ترس و دیاردەی شەرم کردن و رەوشتییەکانی تری زمانگرتن بە تەواوی دەردەکەوێت.زمانگر لەم قۆناخەدا لە ئاخاوتن دەترسێ،چونکە دەترسێ نەوەکو لە کاتی ئاخاوتندا تووشی زمانگرتن بێت.هەرچەند لەم قۆناخەدا شارەزاییەکی تەواوی پەیدا کردووە و دەزانێت لە چ دەنگ و وشەیەك دەگیرێت.بۆیە هەوڵدەدات خۆی لەم وشانە رزگار بکات.جگە لەوەش هەوڵی خۆدزینەوە دەدات کاتێك کە ئاخاوتنی ئاراستەی کرا لە ترسی ئەوەی نەوەکو بگیرێت.(*عادل عوض الغامدی:٢٠٠٧:١*).

هەر لەم قۆناخەشدایە شپرزەیی و دڵەراوکێ لەگەڵ ئاخاوتنی زمانگرەکە بە دەردەکەوێت.واتە لەم قۆناخەدا زمانگر متمانەی بە خودی خۆی نابێت و هەوڵدەدات خۆی تووشی ئاخاوتن نەکات،چونکە وا هەست دەکات ئەگەر قسە بکات تووشی گاڵتە جاری دەبێت.بۆیە وای پێ باشترە کە بە گۆشەگیری بمینێتەوە.

هەر چەند لەم قۆناخەدا زمانگر فێری ئەوە دەبێت کە لە ئاخاوتن(قسەکردن)دا خۆی بدزێتەوە،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی زۆری زمانگرەکان هەوڵی ئەوە دەدەن کە چەند رێگایەك دابهێنن بۆ ئەوەی رزگاریان بێت لە زمانگرتن لە کاتی ئاخاوتندا.(*ابراهیم الزریقات:٢٠٠٥:٢٤٢*).

وەك ئەوەی زمانگر هەوڵدەدات بە هێواشی(لەسەرخۆ) قسە بکات تاکو تووشی زمانگرتن نەبێت و کەسی بەرامبەریش هەستی بە نەخۆشییەکەی نەکات،ئەمە

لەلایەك.لەلایەکی ترەوە بتوانێت دەست بەسەر ئەو برە هەوایە بگرێت کە لە سییەکانی ماوەن.(*مینوو:٢٠٠٧:١*).

چونکە هەندێك لە توێژەرانی ئەم بوارە باوەریان وایە کە زمانگرتن لە ئەنجامی تێکچوونی کردەی هەناسە(هەناسەدان و هەناسەوەرگرتن) روودەدات و دەڵێن:( زمانگر لە کاتی ئاخاوتنیدا هەوایەکی زۆری سییەکانی بۆ بەرهەمهێنانی دەنگێکی کەم بەکار دەهێنێت(فریێ دەداتە دەرێ).بەمەش هەوایەکی کەم دەمینێتەوە بەرامبەر بەو دەنگە زۆرانەی کە دەیەوێت بەرهەمیان بهێنێت و بۆیە تووشی زمانگرتن دەبێت،چونکە ئەو برە هەوایەی کە لە سییەکان ماون بەشی ئەو دەنگە زۆرانە ناکات کە دەیەوێت بەرهەمی بهێنێت.).(*العطیفی:٢٠٠٦:٢*).

## (٣-٧) نەخۆشی زمانگرتن و زمانگرتنی ئاسایی:

ئەگەر ئاخاوتنی ئاسایی(سروشتی-ڕەوان) بەوە پێناسە بکەین کە:(ئاخاوتنێکی ڕەوانە و وشە و رستەکان بەشێوەیەکی وێکچووی یەك بەدوای یەکەوە دێن بەبێ وەستان و دووبارەکردنەوە و درێژکردنەوە،زمانگرتنیش وەك نەخۆشییەك وا پێناسەی بکەین:(زمانگرتن ئەو جۆرە ئاخاوتنەیە کە پریەتی لە دووبارەکردنەوە و وەستان و درێژکردنەوە.).باشە ئەگەر ئەو دوو پێناسەیە قبوڵ بکەین دەبێ هەموو مرۆڤ بە زمانگر لە قەڵەم بدەین.چونکە ئاخاوتنی مرۆڤی ئاسایی بەبێ وەستان و دووبارەکردنەوە و درێژکردنەوە نابێت.بۆیە پێویستە سنوورێك لە نێوان ئەم دووجۆرە زمانگرتنە(زمانگرتنی نەخۆشی لەگەڵ زمانگرتنی ئاسایی)دابنێن.

هەروەكو پێشتر ئاماژەمان پێكرد ئاخاوتنی ئاسایی چەند وەستان و دووبارەكردنەوە و درێژكردنەوەی تێدایە.ئەم چەند جارەی وەستان و درێژكردنەوە و دووبارەكردنەوەیە لە ئاخاوتن لە ئەنجامی بوونی چەند هۆكارێكەوە روودەدەن.لەوانەیە ئەم هۆكارانە دەروونی بن یا ژینگەیی بن یان لە ئەنجامی كەمی شارەزایی قسەكەر بێت دەربارەی ئەو بابەتی كە قسەی لەسەر دەكات.لەوانەش بە مەبەستی سوود وەرگرتن بێت لە چەند ساتێك تاكو بتوانێت بیرەكانی خۆی كۆبكاتەوە.بۆ نموونە كەسێك كاتێك داوای شتێك دەكات لە كەسێكی گەورەتر لە خۆیەوە لەرووی ئیدارییەوە یان لەرووی كۆمەڵایەتییەوە لەوانەیە تووشی زمانگرتن بێت.جگە لەوەش لە ترسان و شەرمان ڕەنگی دەم وچاویشی تێك دەچێت.ئەگەر بەپێی پێناسەی زمانگرتن و ئەو دیاردانەی كە پەیوستن بە زمانگرتن ئەوا دەبێت ئەم حاڵەتە بە زمانگرتن لە قەڵەم بدەین،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین ئەم حاڵەتە بە نەخۆشی زمانگرتن لە قەڵەم بدەین،تەنانەت ئەگەر ئاخێوەر لە ٧٪-١٠٪ ئەو وشانەی دەربڕیوە زمانیشی گیرا هەر بە نەخۆشی لە قەڵەم نادرێت.(*مینوو:٢٠٠٧:٢*).

چونكە بەپێی پێوەری نەخۆشی زمانگرتن ئەو كەسە نەخۆشی زمانگرتنی هەیە كە رێژەی زمانگرتنەكەی لە ١٠٪ وشە گۆكراوەكان بێت.واتە ئەگەر قسەكەر لە كاتی ئاخاوتنیدا لە ١٠٪ وشەكانی گۆكراو گیرا ئەوا نەخۆشی زمانگرتنەی هەیە و ئەگەر لەم رێژەییەش كەمتر بێت ئەوا ئەو كەسە كەسێكی ئاساییە و زمانگرتنەكەشی بە زمانگرتنی ئاسایی لە قەڵەم دەدرێت.(*ابراهیم الزریقات:٢٠٠٥:٢٤٣*).

نەخۆشی زمانگرتنی و زمانگرتنی ئاسایی هەر بەو ڕێژەی١٠٪ وشە گۆکراوەکان لەیەك جیاناکرێتە.چونکە زمانگری نەخۆش بەردەوام زمانی ناگیرێت لە کاتی ئاخاوتندا.لەم حاڵەتەشدا نیشانەیەکی ترمان هەیە کە بەهۆیەوە دەتوانین زمانگری نەخۆش لە زمانگری ئاسایی جیا بکەینەوە ئەویش ئەو ماوەیەیە کە زمانگر زمانی تێدا دەگیرێت.دیاردەی درێژکردنەوە و دووبارەکردنەوە و وەستان لەلای ئاخێوەری ئاسایی بۆ ئەوە بەکار دێت تاکو بتوانێت بیرەکانی خۆی کۆبکاتەوە و ترس لە لەشی دەربکات.ئەم کردەیەش(دووبارەکردنەوە و وەستان و درێژکردنەوە) لەلای ئاخێوەری ئاسایی لەرووی کاتەوە کاتێکی کەم دەخایەنێت،بەڵام کردەی دووبارەکردنەوە ووەستان و درێژکردنەوە لای زمانگری نەخۆش بە شێوەیەك دەبێت کە گوێگر پێشتر هەستی پێنەکردووە،لەرووی کاتیشەوە ئەم کردەیە ماوەیەکی زۆر دەخایەنێت کە لە نێوان(٢-٣٠)چرکە دەبێت.لەئاکامیشدا گوێگر لە ئاخاوتنی ئەو کەسەوە دەزانێت کە ئەو کەسە کەسێکی ئاسایی نییە.

کەواتە ئێمە لە ڕێگای ماوەی زمانگرتن و ڕێژەی زمانگرتنەکە دەتوانین هەر دوو شێوەی زمانگرتن(زمانگرتنی نەخۆشی لە زمانگرتنی ئاسایی) لەیەك جیا بکەینەوە.

**(٣-٨) زمانگرتن لە نێو منداڵانی کورد:**

ڕێگاکانی دیارکردنی نەخۆشی زمانگرتن بەپێی شێوازی ڕاهێنانی تیۆری و پراکتیکی کە توێژەری نەخۆشییەکانی زمان و گوتن پێی ڕادەهێنرێت دەگۆڕێت.دیارکردن و دەست نیشان کردنی هەر حاڵەتێکی نەخۆشی زمانگرتن بە مەبەستی دانانی بەرنامەیەکی گونجاو بۆ چارەسەر کردنی ئەم حاڵەتە ئەنجام

دەدرێت.چارەسەر کردنی هەر حاڵەتێکی زمانگرتن جیاوازە لەگەڵ حاڵتێکی تر.ئەم جیاوازییەش بۆ جیاوازی تەمەن و ماوەی تووشبوونەکە دەگەڕێتەوە.

ئەرکی توێژەری نەخۆشی زمانگرتن تەنیا دەست نیشان کردنی ئەو نیشانانە نییە کە منداڵ لە کاتی زمانگرتندا دەینوێنێت.وەك:(دووبارەکردنەوە،وەستان، درێژکردنەوە)،بەڵکو پێویستە ئەو هۆکارانەش دەست نیشان بکات کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی زمانگرتن لای منداڵ.*(ابراهیم الزریقات:٢٠٠٥:٢٤٢)*.

هەروەها دەبێ ئەو هەڵوێستانەش(وەڵامدانەوەش) دەست نیشان بکات کە گوێگر دەینوێنێت بەرامبەر بە زمانگرتنی منداڵەکە.بۆ نموونە: لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکەکانی ئەم کارە.ڕۆژێك سەردانی قوتابخانەی...م کرد.تێبینی ڕووداوێکم کرد کە جێگای سەرسوورمان بوو،لەوانەشە ئەم ڕووداوانە ڕۆژانە دووبارەببێتەوە. ڕووداوەکەش ئەوەیە مامۆستایەك پرسیاری لە قوتابییەکی کرد کە زمانی دەگیرا و کاتێکیش قوتابیەکە هەڵسا وەڵامی مامۆستاکە بداتەوە،تۆزێك زمانی گیرا و نەیتوانی بە شێوەیەکی ڕەوان وەڵامی مامۆستاکەی بداتەوە.لەم کاتەدا(لەکاتی ئاخاوتنی قوتابییەکە) مامۆستاکە هاوارێکی لەسەر قوتابییەکە کرد و گوتی:(پتە پتە مەکە.دانیشە تۆ نازانی).ئەم هەڵوێستەی مامۆستاکە هەڵوێستێکی نەگەتیف بوو بەرامبەر بە زمانگرتنی قوتابییەکەی.لەوانەشە ئەم هەڵوێستەی مامۆستا ببێتە هۆکارێك بۆ زیادبوونی زمانگرتنی قوتابییەکە لەکاتی ئاخاوتندا بە تایبەتی بەرامبەر بە مامۆستاکانی.جگە لەوەش ئەم هەڵوێستەی مامۆستا دەبێتە هاندەرێك کە هاوپۆلەکانی ئەم قوتابییە گاڵتەی پێ بکەن.

دیارکردنی هەر حاڵەتێکی زمانگرتن بەهۆی ئەنجامدانی چەند چاوپێکەوتن و تاقیکردنەوە و تێبینی کردنی راستەخۆ ئەنجام دەدرێت کە توێژەری نەخۆشی زمانگرتن لەگەڵ زمانگر و دەوروبەرکەی ئەنجامی دەدات.ئەم کردانەش بۆیە ئەنجام دەدرێت تاکو توێژەری نەخۆشی زمانگرتن سەرکەوتوو بێت لە دیارکردنی حاڵەتەکانی زمانگرتن،چونکە بەبێ ئەنجامنەدانی ئەم کردارانە،توێژەر ناتوانێت حاڵەتی نەخۆشییەکە دیاری بکات و نازانێت کە ئەم حاڵەتە بە نەخۆشی زمانگرتن دەژمێردرێت یان نا،ئەگەر نەخۆشی زمانگرتن بێت،باشە چ جۆرێکە؟ئەگەر جۆری زمانگرتنەکەش لە جۆری زمانگرتنی بەردەوام بێت،دەبێت لە چ قۆناغێك بێت؟ کەواتە توێژەری نەخۆشی زمانگرتن بە ئەنجامدانی کردەکانی(چاوپێکەوتن،تاقیکردنەوە،تێبینی کردن) دەتوانێت وەڵامی ئەو پرسیارانەی سەرەوە بداتەوە،کاتێکیش وەڵامی ئەو پرسیارانەی داوە دەتوانێت ستراتیژییەتی چارەسەرکردنی ئەم حاڵەتە دەست نیشان بکات.کەواتە دیارکردنی هەر حاڵەتێکی ئەم نەخۆشییە پێویست بەوە دەکات کەوا توێژەری ئەم بوارە دۆسیێیەکی تەواوی لەسەر هەبێت.ئەم دۆسیێیەش هەموو ئەو زانیارییانە لە خۆ دەگرێت کە توێژەر لە ئەنجامی چاوپێکەوتن و تاقیکردنەوە و تێبینی کردن بەدەستی هێناوە.زانیارییەکانیش دەربارەی (مێژووی سەرهەڵدانی نەخۆشی زمانگرتن لای منداڵەکە،ژینگەی منداڵەکە،ئەو ماوەیەی کە تووشی زمانگرتن بووە،...هتد.).کۆمەڵەی ئاخاوتن و بیستنی ئەمریکی(ASHA) پێوایە کە دەبێت زانیارییەکان لەسەر چەند لایەنێکی پەیوەست بە زمانگرەکە بێت کە بریتیە لە:

١- مێژووی زمانگرتن له نێو خێزانی(بنەماڵەی) زمانگر.

٢- زمانگرتن کەی لای منداڵەکە سەری هەڵداوە؟

٣- زمانگرتنی منداڵەکە لە(٦) مانگ زیاترە یان کەمترە.

٤- زمانگر چ نەخۆشییەکی تری هەیە لە نەخۆشییەکانی زمان و گوتن،چونکە زۆربەی ئەوانەی کە تووشی دواکەوتنی زمان بوونە،دواتر تووشی نەخۆشی زمانگرتنیش دەبن.

٥- پێش ئەوەی ئەو منداڵە تووشی زمانگرتن بێت چی روویداوە؟(ASHA:٢٠٠٦:٢).

لەبەر رۆشنایی ئەو دەرئەنجامانەی سەرەوە ئێمە هەڵساین بە پراکتیزەکردنی ئەم بۆچوونانە و گەیشتینە دیارکردنی چەند حاڵەتێکی زمانگرتن لە نێو منداڵانی کوردا کە پێنج لەم حاڵەتانە وەکو نموونەیەك دەخەینە روو*:

**حاڵەتی یەکەم**:زەینەب قوتابیە لە پۆلی پێنجەمی بنەرەت.لە تەمەنی(٥)ساڵیدا تووشی زمانگرتن بووە.زەینەب برایەك و چوار خوشکی هەیە و باوکی نەماوە،خۆشی کچە بچووکی ماڵەوەیە.

لە کاتی چاوپێکەتن لەگەڵ دایکی زەینەب چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد،لەوانە:

توێژەر:دایکی زەینەب پێش ئەوەی زەینەب تووشی زمانگرتن بێت،چی روویدا؟

---

* هەرچەند ئێمە (٢٠) حاڵەتمان دەست نیشانکردبوو لە نەخۆشی زمانگرتن،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەمانتوانی زانیاری تەواو دەبارەی هەر(٢٠) حاڵەتەکە کۆبکەینەوە،لەبەر بوونی هەندێك هۆکار لەوانە:بەشی زۆری بنەماڵەکان رێگربوون لە کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر منداڵەکانیان،جگە لەوەش سەیرکردنی حاڵەتی منداڵەکانیان وەکو شتێکی تابۆ کە نابێ کەس دەستی لێ بدات.

دایکی زەینەب: زەینەب پێش باوکی بمرێت هیچ کەم و کورتییەکی نەبوو،بەڵام کاتێك باوکی مرد تووشی زمانگرتن بوو.

ت:چۆن؟

دایکی زەینەب:کاتێك باوکی زەینەب مرد زەینەب نووستبوو.تەمەنی زەینەبیش ئەو کاتە (٥)ساڵان دەبوو.کاتێك لاشەی باوکیان هێناوە خەڵکێکی زۆر کۆبۆوە و ئێمەش دەگریان.لەم کاتەدا زەینەب لە خەو هەڵسا کە ئەم دیمەنەی بینی(خەڵکێکی زۆر، لاشەی باوکی) زەینەب ترسا نەیتوانی قسە بکات و کاتێکیش قسەی کرد هەستمان بەوە کرد زمانی دەگیرێت.

ت:کەسێکی تر هەیە لە خێزانەکەتان یان بنەماڵەکەتان زمانی بگیرێت؟

دایکی زەینەب:نەخێر منداڵەکانم هیچ کەم و کورتی ئاخاوتنیان نییە،بەڵام مامێکی من زمانی دەگیرێت.

ت:لەماڵەوە چۆن مامەڵە لەگەڵ زەینەب دەکەن؟

دایکی زەینەب:زۆر ئاگامان لە زەینەبە،تەنانەت ناهێلین بچێتە دەرەوەش یاری لەگەڵ منداڵان بکات.

ت:برا و خوشکەکانی زەینەب ئامۆژگاری زەینەب دەکەن کە چۆن قسە بکات؟

دایکی زەینەب:بەڵێ هەندێك جار کە برا و خوشکەکانی توورە دەبن هاواری لەسەر دەکەن و پێی دەڵێن:(بە باشی قسە بکە).

لە کاتی چاوپێکەوتنمان لەگەڵ زەینەب هەندێك پرسیارمان لێکرد.وەك:

ت:زەینەب کێ هاورێتە لە قوتابخانە؟

زەینەب:دوو کچ هەنە کە ناویان..... زۆر برادەرمن.

ت:بۆچی لەگەڵ قوتابییەکانی تری هاوپۆڵت برادەر نی؟

زەینەب: هەندێ لە هاوپۆڵەکانم گاڵتەم پێدەکەن و زۆریش رقم لە ...ە،چونکە پێم دەڵێ:(پەپەپە).

ئێمە لە ئەنجامی ئەو چاوپێکەوتنانەی کە لەگەڵ زەینەب و دەووبەرەکەیماڵەوە و قوتابخانە ئەنجامماندا و ئەو تاقیکردنانەوەی کە لەگەڵ زەینەبمان کرد و لەگەڵ ئەو دیاردانەی کە پەیوەست بوون بە زەینەب و ژینگەکەی گەیشتینە ئەنجامێك بۆ حاڵەتی زەینەب:

١- نەخۆشی زمانگرتن لەلای زەینەب لە تەمەنی(٥)ساڵی سەریهەڵداوە،کەواتە زمانگرتنەکەی زەینەب لە جۆری زمانگرتنی بەردەوامە کە لەوانەیە لەلای منداڵی لەتەمەنی(٥)ساڵی و دوای (٥)ساڵیش سەرهەڵبدات.

٢- زمانگرتنەکەی زەینەب لە قۆناخی سێیەمی زمانگرتنی بەردەوامە،زەینەبیش هەست بەوە دەکات کە زمانی دەگیرێت و دەشزانێ لە چ دەنگێك(فۆنیمێك) یان وشەیەك زمانی دەگیرێت،بۆیە زۆر جار لە کاتی خوێندنەوەدا هەندێك وشەی نەدەگوت و دەیگوت:(ئەو وشەیە چییە؟)،کاتێکیش ئێمە وشەکەمان بۆ دەخوێندەوە دووبارەی نەدەکردەوە.هەر چەندە ئێمە چەند جارێك داوامان لێدەکرد کە وشەکان دووبارەبکاتەوە،بەڵام دووبارەیانی نەدەکردەوە.

٣-ژینگەی ماڵەوە هۆکارێکە بۆ زیادبوونی زمانگرتنەکەی زەینەب،چونکە رێگا بە زەینەب نادەن تاکو لەگەڵ خەڵك تێکەڵ بێت.ئەم رەوشتەی ماڵەوەی زەینەبیش لە

ترسی ئەوەیە نەوەکو زەینەب زمانی بگیرێت لە کاتی ئاخاوتندا لەگەڵ خەڵکدا کە ببێتە شایەنی گاڵتە پێکردن.

٤- ژینگەی قوتابخانەی زەینەب رۆڵێکی کاریگەری هەیە لە گەشەکردنی زمانگرتنی زەینەب.هەر چەندە زەینەب باسی ئەوەی کرد کە هەندێك قوتابی هەیە گاڵتەی پێدەکەن،بەلاّم ئەوە گرنگ نییە بەڵکو ئەوەی لە هەمووان گرنگتر ئەوەیە کە مامۆستاکانی زەینەب راستەخۆ رۆڵیان هەیە لە گەشەکردن و زیادبوونی زمانگرتنی زەینەب.ئەم رۆڵەی مامۆستاکانی زەینەبیش لە گەشەکردنی زمانگرتنی زەینەب بە چەند شێوەیەك خۆیان دەنوێنن:-

أ- هەروەکو زەینەب باسی دەکات و دەڵێت:(مامۆستایەکان زۆر جار کاتێك هەڵم دەستێنن من هێشتا قسەم تەواو نەکردووە پێم دەڵێن دانیشە و جارێکی تر بە باشی بخوێنە،کەچی من شتەکە دەزانم،بەلاّم رێگام پێنادات قسە بکەم).

ب- هەندێك لە مامۆستاکان لەبەر ئەوەی دەزانن کە زەینەب زمانی دەگیرێت هەڵیناستێنن بۆ وەلاّمدانەوەی پرسیارەکانیان لە ترسی ئەوەی نەوەکو زمانی بگیرێت،خۆ ئەگەر هەڵیبستێنێ باشتر دەبێ و زەینەب و قوتابییەکانی هاوپۆڵیش وردە وردە زمانگرتنە قبوولْ دەکەن کە ئەمەش لەوانەیە ببێتە هۆکارێك بۆ کەمکردنەوەی زمانگرتنی زەینەب،بە پێچەوانەی ئەمەش لەوانەیە زمانگرتنەکەی زەینەب بەرەو خراپتر بڕوات.

٥- زەینەب لەبەر ئەوەی زۆر رێگای پێنەدراوە کە قسە بکات زۆر حەزی لەوەیە کە کەسێك قسەی لەگەڵ دەکات و پێی بڵێ من برادەری تۆم.تەنانەت زۆر جار لە کاتی

چاوپێکەوتندا باسی کۆمەڵێك مەسەلەی دەکرد کە ئێمە هیچ ئاگامان لەو مەسەلانە نەبوو.

**حاڵەتی دووەم:** ئەحمەد قوتابی پۆلی سێیەمی بنەڕەتە،لە تەمەنی(٣,٥)ساڵ تووشی زمانگرتن بووە.ئەحمەد لەگەڵ برایەکی تری بەیەکەوە لە دایك بوونە کە ناوی موحەممەدە.ئەحمەد قوتابییەکی زۆر زیرەکە و زۆربەی مامۆستاکانی خۆشیان دەوێت.

لە کاتی چاوپێکەوتنەمان لەگەڵ دایك و باوکی ئەحمەد هەندێك پرسیارمان لێکردن لەوانە:

ت:پێش ئەوەی زمانگرتن لای ئەحمەد رووبدات چ روویدا؟

ماڵەوەی ئەحمەد:ئەحمەد لە تەمەنی(٣,٥) ساڵ دەبوو،کاتی هاوین بوو،ئێمەش لە سەربان دەنووستین.رۆژێك ئەحمەد بە تەنها دێتە خوارەوە و کاتێکیش دێتە خوارەوە لەسەر قادرمە(پەیژ) پشیلەیەکی ڕەش دەبینێت و دەترسێ.ئەحمەدیش لەگەڵ ئەم رووداوە تووشی زمانگرتن دەبێت.(ئەوەی ئێمە تێبینیمان کرد دایك و باوکی ئەحمەد وایان لە ئەحمەدیش کردبوو کەوا باوەر بەو رووداوە بکات،چونکە ئەحمەد دەیگووت:(مامۆستا من لە پشیلەی ڕەش دەترسێم،لەبەر ئەوەی پشیلەی ڕەش وای لەمن کردووە کەوا زمانم بگیرێت.).

ت:کەسێکی ترتان هەیە زمانی بگیرێت؟

دایکی ئەحمەد:نەخێر.

ت:باوکی ئەحمەد چۆن دەروانیتە هەڵس و کەوتی ئەحمەد؟

باوکی ئەحمەد:ئەحمەد زۆر دووره پەرێزە،بەڵام موحەممەدی برای وانییە و زۆریش لەگەڵ خەڵك تێکەڵ دەبێت وەکو پیاویش مامەڵە دەکات.

ت:ئەحمەد لەگەڵ برا و خوشکەکەی لەسەر خواردن و تەلەفزیۆن و یاری شەر ناکات؟

دایکی ئەحمەد:نەخێر.ئەحمەد زۆر فەقیره و لە پاش هەمووانیش دەست بۆ شتەکان دەبات.

جگە لەم پرسیارانە چەند پرسیارێکمان لە ئەحمەد کرد.وەك:

ت:کامە مامۆستات لە هەمووان خۆشتر دەوێ؟

ئەحمەد:هەموو مامۆستاکانم خۆش دەوێ تەنیا مامۆستا... نەبێت،چونکە زوو زوو پێم دەڵێ:(پتە پتەی مەکە و دانیشە.).

ت:کاتێك زەنگی تەلەفۆن لێدەدرێت کێ هەڵیدەگرێت؟

ئەحمەد:دایکم.

ت:ئەگەر دایکت ئیشی هەبوو،کێ تەلەفۆن هەڵدەگرێت؟

ئەحمەد:موحەممەد.

ت:ئەی تۆ تەلەفۆنی هەڵناگری؟

ئەحمەد:با.هەندێك جار من تەلەفۆن هەڵدەگرم و ئەگەر باوکیشم بوو یەکسەر پێم دەڵێ:(تەلەفۆنەکەی بدە دایکت،تۆ نازانی قسە بکەی.).

لە حاڵەتەکەی ئەحمەدیش گەیشتینە چەند ئەنجامێك:

١- زمانگرتنەکەی ئەحمەد لە جۆری زمانگرتنی بەردەوامە و لە قۆناخی دووەمدایە.

٢- ئەحمەد لەگەڵ ئەوەی هەست بەوە دەکات کە کێشەیەکی هەیە لە کاتی ئاخاوتندا کە ناوی زمانگرتنە،بەڵام هێشتا شارەزای ئەو دەنگ و وشانە نەبووە کە تێدا زمانی دەگیرێت،بۆیە لەم قۆناخەدا هێشتا ترسی زمانگرتنی لەلای پەیدا نەبووە.

٣- براکەی ئەحمەد لەبەر ئەوەی لە ماڵەوە و قوتابخانەش لەگەڵ ئەحمەدە رێگا بە ئەحمەد نادات قسە بکات و زوو بە زوو وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە و ناهێڵێت ئەحمەد قسە بکات،بەڵکو وای لە ئەحمەد کردووە رۆڵی تەماشەکەر ببینێت.بۆیە باشتر وایە ئەحمەد تۆزێك لە براکەی دوور بکەوێتەوە تاکو مەودای ئاخاوتنی هەبێت.

٤-باشکردنی جووڵانەوەی دایك و باوکی ئەحمەد لەگەڵ ئەحمەد بە تایبەتی کاتێك کە زمانی دەگیرێت.هەروەها ئامۆژگاریکردنی دایك و باوکی ئەحمەد کەوا دەست هەڵگرن لە ئامۆژگاریکردنی ئەحمەد کە بە مەبەستی چاککردنەوەی شێوازی ئاخاوتنی ئەحمەدە.

٥- باشکردنی شێوازی مامۆستاکان بەرامبەر بە زمانگرتنی ئەحمەد و رێگادان بە ئەحمەد بۆ تەواوکردنی ئاخاوتنەکەی لە کاتی وەڵامدانەوەی پرسیاری مامۆستاکان.

**حاڵەتی سێیەم**:ڕێمان قوتابیەکی پۆلی دووەمی بنەرەتە،لە تەمەنی (٣,٥-٤) ساڵ تووشی زمانگرتن بووە.

لە کاتی چاوپێکەوتن لەگەڵ بنەماڵەی ڕێمان هەندێك پرسیارمان لێکردن لەوانە:

ت:کەی هەستتان کرد کە ڕێمان زمانی دەگیرێت؟

بنەماڵەی ڕێمان:ڕێمان کە گەیشتە تەمەنی (٣,٥-٤) ساڵ هەستمان کرد زمانی دەگیرێت.

ت:چیتان کرد کاتێك کە هەستتان کرد کە ڕێمان زمانی دەگیرێت؟

بنەماڵەی ڕێمان:بردمانە دکتۆر.

ت:دکتۆر چی گوت؟

بنەماڵەی ڕێمان:دکتۆر گوتی:(لەوانەیە ترسا بێت و هیچ چارەسەرییەکیشی نییە.).

ت:ئێوە دڵتەنگن بە زمانگرتنی ڕێمان؟

بنەماڵەی ڕێمان:بەڵێ،چونکە خەڵك گاڵتەی پێدەکەن.

ت:پێش ئەوەی ڕێمان تووشی زمانگرتن بێت چی ڕوویدا؟

بنەماڵەی ڕێمان:نەخێر،هیچ ڕووی نەداوە.

ت:کەسێکی نزیکی ڕێمانی هەیە زمانی بگیرێت؟

بنەماڵەی ڕێمان:بەڵێ،ڕێمان خالێکی هەیە کە زمانی دەگیرێت.

کاتێکیش کە چاوپێکەوتنمان لەگەڵ ڕێمان ئەنجامدا تێبینی ئەوەمانکرد کە ڕێمان منداڵێکی شەرمن و ترسنۆك نییە،ئاگاشی لەوە نییە کە زمانی دەگیرێت و زمانگرتنەکەشی بۆ نەبوویتە کێشە.

لە حاڵەتەکەی ڕێمان گەیشتینە چەند ئەنجامێك:

١- هۆکاری سەرەکی زمانگرتنەکەی ڕێمان بۆماوەییە،بە بەڵگەی ئەوەی خالێکی ڕێمانیش نەخۆشی زمانگرتنی هەیە.هەروەها ڕێمانیش تووشی چ ڕووداوێك نەبووە تاکو زمانگرتنەکەی بەو ڕووداوە ببەسترێتەوە.

٢- زمانگرتنەکەی ڕێمان لە قۆناخی دووەمی زمانگرتنی بەردەوامە،زمانگری ئەم قۆناخەش هەست بەوە ناکات کە کێشەیەکی گەورەی هەیە لە کاتی ئاخاوتندا،بۆیە پێویستە لەسەر ژینگەی ڕێمان مامەلەیەکی باشی لەگەڵ بکەن و بە هیچ شێوەیەك وای لێ نەکەن کە هەست بکات کە کەم و کورتییەکی هەیە لە کاتی ئاخاوتندا.

**حاڵەتی چوارەم:** ڤینۆس قوتابیە لە پۆلی سێیەمی بنەرەت،لە تەمەنی(٤) ساڵیدا تووشی زمانگرتن بووە.

لە کاتی چاوپێکەوتنمان لەگەڵ ڤینۆس چەند پرسیارێکمان لێکرد.وەك:

ت:ئێوە ماڵەوە چەند کەسن،چەند برا و خوشکت هەیە؟

ڤینۆس:ئێمە(٥) کەسین،جگە لە دایك و باوکم برا و خوشکێکم هەیە.منیش کچە گەورەی ماڵەوەم.

ت:دایك و باوکت چ ئیش دەکەن؟

ڤینۆس:دایکم ژنی ماڵەوەیە و باوکیشم هیچ ئیش ناکات چونکە نەخۆشە.

ت:باوکت چیەتی؟

ڤینۆس:باوکم پشتی دێشی و چاویشی کۆرەبووە.

ت:ئەی دایکت خۆ نەخۆش نیە؟

ڤینۆس:دایکم نەخۆش نیە،تەنیا لاڵە.

لە کاتی چاوپێکەوتنمان بە خاڵی ڤینۆس چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد،لەوانە:

ت:جگـه لـه دایکـی ڤینـۆس کەسـی ترتـان هەیـە کـە کـەم و کـورتی هـەبێت لـە پەیوەندیکردنە،بە تایبەتی زمانگرتن؟

خاڵی ڤینۆس:بەڵێ.کەسی ترمان هەیە کە کەم و کورتی هەبێت لە پەیوەندیکردندا.

ت:پێش ئەوەی ڤینۆس تووشی زمانگرتن بێت چ روویندەداوە؟

خاڵی:نەخێر هیچ روویندەداوە.

ت:ڤینۆس چ نەخۆشی هەیە؟

خاڵی:بەڵێ.ڤینۆسی نەخۆشی(گەشکە-فێ)ی هەیە.

ت:هەوڵتاننەداوە چارەسەری ڤینۆس بکەن؟

خاڵی:نەخێر.جارێ ئێمە هەر خەریکی باوکین.

ت:دیارە ئێوە ماڵی ڤینۆس بەخێو دەکەن؟

خاڵی:ئـەمن و ئامۆزاکـانم مـاڵی ڤینـۆس بـە خێـو دەکەین،چـونکە بـاوکی ڤینۆسـیش ئامۆزامە.

لە حاڵەتەکەی ڤینۆسیشدا گەیشتینە چەند ئەنجامێك:

١- حاڵەتەکەی ڤینۆس لە قۆناخی دووەمی زمانگرتنی بەردەوامە.

٢- ڤینـۆس هەسـت بـەوە دەکـات کـە کێشـەیەکی هەیـە لـە کـاتی ئاخاوتنـدا نـاوی زمانگرتنە،بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا هەسـت دەکـەیت ئـارەزووی ئاخـاوتنی هەیە،بۆیـە باشترین نەخشە بۆ چارەسەرکردنی حاڵەتەکەی ڤینۆسی ئەوەیە:

أ-گرنگی دان بـە ڤینـۆس تـاکو هەسـت نـەکات کـە شـتێکی کـەمترە لـە منـداڵانی تـری هاوتەمەنی بەوەی کە باوکی کۆرەیە و دایکشی لاڵە.

ب- دووركەوتنەوەی ژینگەی ڤینۆس لە دەربڕین چەند دەربڕینێك لە پێش ڤینۆس.وەك:(ڤینۆس زمانی دەگیرێت،ڤینۆس نەخۆشی گەشكەی هەیە.).چونكە لەوانەیە ئەم دەربڕینانە لە داهاتوودا حاڵەتەكەی ڤینۆس بەرەو خراپی ببات.

٣- لەوانەیە هۆكاری سەرەكی زمانگرتنەكەی ڤینۆس بۆماوەیی بێت،بەڵام دەبێ ئەوەش لەبیر نەكەین كە كەم و كورتی لە پەیوەندیكردن لە نێوان هەردوو نیوە گۆی مێشك(ڕاست و چەپی) كە بە هۆی ڕیشاڵە تەنە ڕەقەكان ئەنجام دەدرێت دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی نەخۆشی گەشكە.هەروەها هەندێك لە تیۆرەكان هۆكاری سەرهەڵدان و پەرەسەندنی نەخۆشی زمانگرتن بۆ كەم و كورتی لە بە ئەنجام گەیاندنی ئەركی دەمارەكان دەگێرنەوە،بۆیە دەكرێ هۆی سەرهەڵدانی زمانگرتنەكەی ڤینۆس بۆ كەم و كورتی لە بە ئەنجام گەیاندنی ئەركی دەمارەكان بگێردرێتەوە.

**حاڵەتی پێنجەم:** سەهەند قوتابیە لە پۆلی سێیەمی بنەرەت،لە تەمەنی(٨) ساڵیدا تووشی زمانگرتن بووە.

لە كاتی چاوپێكەوتنمان لەگەڵ باوكی سەهەند چەند پرسیارێكمان لێكرد:

ت:سەهەند كەی تووشی زمانگرتن بووە؟

باوكی سەهەند:سەهەند لە تەمەنی(٨) ساڵیدا تووشی زمانگرتن بووە.پێشتریش هیچ زمانی نەدەگیرا لە كاتی ئاخاوتندا،بەڵكو وەكو ئێمەی قسەی دەكرد.

ت:پێش ئەوەی سەهەند تووشی زمانگرتن بێت،چ ڕوویندابوو؟

باوكی:نەخێر هیچ ڕوویندابوو.

ت:چەند دەبێت سەهەند تووشی زمانگرتن بووە؟

باوکی:(٨-٩) مانگ دەبێ،سەهەند تووشی زمانگرتن بووە.

ت:کەسێك هەیە لە بنەماڵەکەتان زمانی بگیرێت؟

باوکی:نەخێر.

ت:هیچ لە منداڵەکانت جگە لە سەهەند پێشتر تووشی زمانگرتن نەبووە.

باوکی:برایەکی گەورەتر لە سەهەندی،هەر لەو تەمەنەی ئێستای سەهەند تووشی زمانگرتن بوو،بەڵام بە خۆی چاك بۆوە.

ت:ئێوە نیگەران نین بە زمانگرتنەکەی سەهەند؟

باوکی:من بە زمانگرتنەکەی سەهەند زۆر نیگەرانم.

ت:هەوڵتان نەداوە چارەسەری زمانگرتنەکەی بکەن؟

باوکی:جارێك لە دوکتۆرێکم پرس:ئایا دەتوانن چارەسەری زمانگرتن بکەن.

لە وەڵامدا دکتۆرەکە پێی گوتم:(ئێمە شارەزایەکی ئەوتۆمان نیە دەربارەی چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەم نەخۆشیانە،وازیشی لێ بهێنە خۆی چاك دەبێتەوە.

ت:کاتێك سەهەند تووشی زمانگرتن دەبێت،ئێوە هەوڵنادەن چارەسەری زمانگرتنەکەی بکەن بە ئامۆژگاریکردن؟

باوکی:من ماوە ماوە ئامۆژگاری دەکەم بەوەی کە لەسەرخۆ قسە بکات،چونکە کاتێك لەسەرخۆ قسە دەکات زمانی ناگیرێت.

ت:سەهەند کاتێك لەگەڵ جەنابت قسە دەکات زیاتر ناگیرێت لەوەی کە لەگەڵ دایك و برا و خوشکەکانی قسە دەکات؟

باوکی:بەڵێ.کاتێك سەهەند قسە لەگەڵ من دەکات زیاتر دەگیرێت وەك لەو کاتەی کە لەگەڵ دایك و براو خوشکەکانی دەکات.

کاتێکیش لەگەڵ سەهەند دانیشتین چەند پرسیارێکمان لێکرد.وەك:

ت:ئێوە لەماڵەوە چەند کەسن؟

سەهەند:بە دایکم و باوکم (٧) کەسین.

ت:دایك و باوکت چ ئیش دەکەن؟

سەهەند:دایکم مامۆستایە،باوکیشم بەلێندەرە.

ت:مامۆستاکانت خۆش دەوێت؟

سەهەند:بەڵێ،هەموویانم خۆش دەوێت.

ت:لە وانەکانت زیرەکی؟

سەهەند:بەڵێ،زۆر زیرەکم.

ت:مامۆستاکانت زوو زوو هەڵدەستێنن؟

سەهەند:من زوو زوو هەڵدەستم.

ت:هیچ جار مامۆستا نەیگوتووە تۆ دەرسەکەت نازانی و دانیشە؟

سەهەند:نەخێر.

ت:لەگەڵ هاوپۆلەکانت یاری دەکەیت؟

سەهەند:بەڵێ.هەموو جارێ تۆپانی و یاری تریان لەگەڵ دەکەم.

ت:هیچ لە هاوپۆلەکانت گاڵتەت پێناکەن یان هیچت پێناڵێن؟

سەهەند:نەخێر هیچم پێناڵێن.

له حاڵەتەكەی سەهەندیش گەیشتینە چەند ئەنجامێك:

١- زمانگرتنەكەی سەهەند لە جۆری زمانگرتنی میانرۆیە،بە بەڵگەی ئەوەی سەهەند لە تەمەنی(٨)ساڵیدا تووشی زمانگرتن بووە*.

٢- سەهەند هێشتا هەست بەوە ناكات كە كێشەیەكی هەیە لە كاتی ئاخاوتندا كە ناوی زمانگرتن.ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە زمانگرتنەكەی سەهەند تەنیا چەند مانگێكی بەسەر تێپەریوە(ڕۆیشتووە) و نەگەیشتۆتە قۆناخێكیش وای لێ بكات كە هەست بكات كێشەیەكی هەیە لە كاتی ئاخاوتندا.

٣- لەبەر ئەوەی زمانگرتنەكەی سەهەند لە جۆری زمانگرتنی میانرۆیە،هەروەكو زانراو ئەم جۆرە زمانگرتنە(٢-٣)ساڵ لای منداڵ دەمینێتەوە و دواتریش بە خۆی چاك دەبێتەوە،بۆیە باشترین پلان بۆ چارەسەركردنی حاڵەتەكەی سەهەند ئەوەیە:ژینگەی سەهەند ئامۆژگاری بكرێت كە تێكەڵی زمانگرتنەكەی سەهەند نەبن،بە تایبەتی باوكی و چیتر ئامۆژگاری سەهەند نەكات،ئەگەر نا لەوانەیە زمانگرتنەكەی سەهەند لە جۆری میانرۆ ببێتە جۆری بەردەوام.

لە كۆتاییدا دەتوانین بڵێین ئەركی توێژەری نەخۆشی زمانگرتن هەر ئەوە نییە كە نیشانەكانی زمانگرتن دەست نیشان بكات بە ڕێگای چاوپێكەوتن و تاقیكردنەوەی منداڵەكە،بەڵكو ئەركیشی دەست نیشانكردنی ئەو ژینگە ئاخاوتنانەیە كە منداڵەكە تێدا تووشی زمانگرتن دەبێت.هەروەها ئەركی هەڵسەنگاندنی ئەو كۆمەڵگایەش دەبینێت كە منداڵەكەی تێدا دەژێت.

---

* سەیری جۆرەكانی زمانگرتن بكە لە لاپەڕەكانی(٨٦-٨٧).

ئەوەی ئێمە تێبینیمانکرد ئەوەیە کە کۆمەڵگای کوردی بە تێروانینێکی گاڵتە جارییەوە دەروانێتە نەخۆشی زمانگرتن و گاڵتەش بەو کەسانە دەکرێت کە زمانیان دەگیرێت لە کاتی ئاخاوتندا و گرنگیش بە رۆڵی ئەو کەسانە نادرێت کە ئەندامێکن لەو کۆمەڵگایەدا کە لەوانەیە رۆڵێکی بەرچاویان هەبێت لە پێشخستنی ئەم کۆمەڵگایە.دەتوانین بڵێین چەند شتێك هەیە کە زمانگری ئێمە(زمانگری کوردستان) لە زمانگری ولاتانی پێشکەوتوو،ولاتانی دەوروبەری کوردستانیش جیا دەکاتە کە گرنگتریان ئەمانەن:

١- زمانگرتن لەلای ئێمە جێگای گاڵتە جارییە و پێش ئەوەی منداڵەکەش بزانێت زمانگرتن چییە و هەست بە زمانگرتنی خۆی بکات دەوروبەرەکەی زوو بە زوو تێیدەگەیێنن کە کێشەیەکی هەیە لە ئاخاوتندا،کەچی کۆمەڵگای تر زیاتر گرنگی بەو منداڵانە دەدات تاکو هەست نەکات کەوا کێشەیەکی هەیە لە ئاخاوتندا یاخود لە پەیوەندیکردندا.

٢- کەمی شارەزایی کۆمەڵگای کوردی بە گشتی و دایك و باوکی منداڵ(زمانگر) بەتایبەتی لە جۆرەکانی زمانگرتن و چۆنیەتی چارەسەر کردنیان وای لێکردوون ئەگەر بە شێوەیەکی راستەخۆ نەبێت،ئەوا بە شێوەیەکی ناراستەخۆ بەشداری بکەن لە گەشەکردنی زمانگرتنی منداڵەکە،بەوەی زمانگر لە هەر ژینگەیەك بە مەبەستی چاککردنەوەی ئاخاوتنی زمانگرەکە ئامۆژگاری منداڵەکە دەکەن کەوا دەبیَ بەم شێوەیە قسە بکەیت و بەم شێوەیە قسە نەکەی.ئەمەش خۆی لێ خۆیدا دەبێتە هۆکارێك وا لە منداڵ دەکات هەست بەوە بکات کە کێشەیەکی هەیە لە

ئاخاوتندا،بەڵام لە کۆمەڵگای تردا ڕێگا بە منداڵ دەدەن کەوا قسە بکات و ئەگەر زانیشیان زمانی دەگیرێت هەر گوێی لێ دەگرن و قسەی نابرن.

٣- زمانگرتنی منداڵ لە کۆمەڵگای ئێمە قبوڵنەکراوە وەکو کێشەیەکی گەورەی چارەسەر نەکراویش سەیری دەکرێت،بەڵام لە کۆمەڵگای تر زمانگرتنی منداڵ قبووڵکراوە وەکو کێشەیەکیش سەیری ناکرێت،چونکە دەزانن ڕێژەی ٨٠٪-٩٠٪ لە خۆیەوە چاك دەبێت ئەگەر دەوروبەرەکەی منداڵ،تێکەڵی زمانگرتنەکەی منداڵەکە نەبوون.

<u>(٣-٩)چەند ڕاستییەك دەربارەی نەخۆشی زمانگرتن:</u>

چەند ڕاستەیەك هەیە دەربارەی نەخۆشی زمانگرتن و پێویستە توێژەری بواری نەخۆشی زمانگرتن شارەزایی هەبێت دەربارەی ئەو ڕاستییانە،ڕاستتیەکانیش بەم شێوەیەی خوارەوەیە:-

١- زمانگر لە کاتی ئاخاوتندا لە هەموو کات و بارێکی زمانی تووشی زمانگرتن نابێت،بەڵکو هەندێ حاڵەت هەیە زمانگر وەکو کەسێکی ئاسایی قسە دەکات، تەنانەت دەتوانین بڵێین زمانگر لەم حاڵەتانەدا بەهیچ شێوەیەکیش تووشی زمانگرتن نابێت.حاڵەتەکانیش ئەمانەن:-

- ئەگەر زمانگر لەگەڵ خۆی(لە پێش خۆی) قسەی کرد و کەسیش لە دەوروبەری نەبوو تووشی گیران نابێت.

- ئەگەر زمانگر لەگەڵ کەسێکی بچووکتر لە خۆیەوە لەرووی تەمەنەوە قسەی کرد تووشی زمانگرتن نابێت.

ئەوەی ئێمە تێبینیمان کرد لە کاتی چاوپێکەوتن لەگەڵ دایک و باوکی منداڵەکان زۆر باسی ئەوەیان دەکرد کە منداڵەکانیان زیاتر حەز لەوە دەکەن یاری لەگەڵ کەسێك بکەن لەرووی تەمەنەوە لە خۆیانەوە بچوکتر بێت.بۆیە زۆربەیان دەیانگووت:(زمانگرتنی منداڵی ئێمە حاڵەتێکی دەروونییە ئەگینا بۆ لە کاتی بە تەنیا ئاخاوتن یان لە کاتی ئاخاوتن لەگەڵ کەسێکی بچووکتر لەخۆیەوە لەرووی تەمەنەوە تووشی زمانگیران(زمانگرتن)نابێت.).(أسيرة الأحلام:٢٠٠٧:٣).

- جگە لەم دوو حاڵەتی سەرەوە زۆر کات منداڵ لە کاتی ئاخاوتندا لەگەڵ کەسێك کە خۆشی بوێت و بزانێت گرنگی بە زمانگرتنەکەی نادات و ئامۆژگاری ناکات تاکو قسەکانی بە چاکی بکات،لەم کاتەنەدا زمانگر زۆر بە کەمی تووشی زمانگرتن دەبێت.چونکە هەست بەوە دەکات کە گوێگر قبوولی دەکات و رێز لە چۆنیەتی ئاخاوتنی دەگرێت.

٢- زمانگر لە کاتی گۆرانی گوتندا تووشی زمانگرتن نابێت،بەڵکو گوتنەکانی بە جۆرێك دەبێت کەوا لە گوێگر دەکات بڵێت ئەو کەسە کەسێکی ئاساییە.

دەبێ ئەوە بزانین کە لە کاتی گۆرانی گوتندا چینی دەنگی ئەو کەسە گۆرانی بەسەر دێت،چونکە چینی دەنگی هەر کەسێك جیاوازە لە کاتی ئاخاوتن و گۆرانی گوتندا و دەڵێن مرۆڤ لە کاتی گۆرانی گوتندا چینێکی بەرزتر بەکار دێنێت لەو چینە دەنگییەی کە لە کاتی ئاخاوتندا بەکاری دێنێت.*(ابراهيم الزريقات:٢٠٠٥:٢٣٠)*.جگە لەمەش میکانیزمی هەناسەدان و هەناسە وەرگرتن لە کاتی گۆرانی گوتندا جیاوازە لەگەڵ میکانیزمی هەناسەدان و هەناسە وەرگرتن لە کاتی ئاخاوتندا،بۆیە هەندێك لە

توێژەرانی بواری نەخۆشییەکانی زمان و گوتن پێشنیاری ئەوە دەکەن :(بۆ ئەوەی زمانگر لە کاتی ئاخاوتندا تووشی زمانگرتن نەبێت پێویستە چەند جارێك ڕاهێنان بکات لەسەر کردەی هەناسەدان و هەناسە وەرگرتن بە تایبەتی هەناسەدانی سکی لە پێش دەست پێکردن بە ئاخاوتن.).(*یاوەری دیهقانی:١٩٩٩:٨*).

٣- زمانگر لە کاتی خوێندنەوەدا زۆر بەکەمی تووشی زمانگرتن دەبێت،چونکە خوێندنەوە وەکو ئاخاوتن نییە.خوێندنەوە کردەیەکی لەسەر خۆیە،بەڵام ئاخاوتن کردەیەکی خێرایە و پێویستە ئاخێوەر زوو ئەنجامی بدات،بۆیە پێویستە لە کاتی توێژینەوە لە نەخۆشی زمانگرتن زیاتر پشت بە ئاخاوتنی ئەو کەسە ببەسترێت و تەنیا لە کاتی ئاخاوتندا دەتوانین دەست نیشانی ئەوە بکەین کە ئەو کەسە نەخۆشی زمانگرتنی هەیە یان نا.

٤- زمانگرتن لای کوڕان زیاتر سەرهەڵدەدات وەك لای کچان.ئەوەی ئێمە تێبینیمان کرد(٣-٤) کوڕ تووشی زمانگرتن دەبن ئینجا کچێك تووشی زمانگرتن دەبێت.واتا(٣-٤) کوڕی زمانگر دەبینی ئینجا کچێکی زمانگرت بە بەرچاو دەکەوێت.*

* سەیری لاپەڕەکانی(f,g,h ) بکە لە پاشکۆیەکان.

# ئەنجام و پێشنیاز

## ئەنجام

لە کۆتایی باسەکەدا گەیشتینە چەند ئەنجامێك کە بەم شێوەیە:-

١- نەخۆشی زمانگرتن سێ جۆری هەیە کە (زمانگرتنی گەشەیی و میانرۆ و بەردەاومە)،زمانگرتنی بەردەوامیش چوار قۆناخی هەیە بۆ گەشەکردن.بەشی زۆری ئەو منداڵانەی کە ئێمە تاقیکردنەوەمان لەسەر ئەنجامداون دەکەونە هەر دوو قۆناخی دووەم و سێیەمی زمانگرتنی بەردەوام،هەیانەشە زمانگرتنەکەیان لە جۆری زمانگرتنی میانرۆیە.

٢- زمانگرەکانی هەر دوو قۆناخەکە(قۆناخی دووەم و سێیەمی زمانگرتنی بەردەوام) بەیەك ڕادە زمانیان دەگیرێت لە کاتی ئاخاوتندا،بەڵام لە کاتی خوێندنەوەدا زمانگرانی قۆناخی سێیەم زیاتر زمانیان دەگیرێت،چونکە زمانگری ئەم قۆناخە شارەزای ئەو دەنگ و وشانە دەبێت کە زمانی تێدا دەگیرێت،بۆیە پێش ئەوەی ئەو دەنگانە گۆ بکات هەستی زمانگرتنی لەلا دروست دەبێت و لە ئەنجامیشدا دەبێتە هۆی زمانگرتنی.

٣- هەر چەندە تاکو ئێستا دەست نیشانی هۆی سەرهەڵدانی زمانگرتن لای منداڵ نەکراوە،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین زمانگرتنی منداڵانی کورد تێکەڵییەکە لە نێوان دوو هۆکار[هۆکاری بۆماوەیە لەگەڵ هۆکاری دەروونی(ترس)]،بە بەڵگەی ئەوەی بەشی زۆری ئەو زمانگرانەی کە ئێمە دەست نیشانمان کردن بنەماڵەکەیان مێژوویەکیان هەبووە لە نەخۆشی زمانگرتن.هەروەها ترسیش هۆیەکی ترە بۆ سەرهەڵدان و پەرەسەندنی زمانگرتن لە نێو منداڵانی کورددا بە بەڵگەی ئەوە ئەگەر

بێتو زمانگرەکان(منداڵەکان) بە تەنیا یان لەگەڵ منداڵی بچووکتر لە خۆیان قسە بکەن زمانیان ناگیرێت.

٤- ژینگەی منداڵ رۆڵی سەرەکی هەیە لە پەرەسەندنی نەخۆشی زمانگرتن لای منداڵ کە لە ئەنجامدا زمانگرتنی منداڵەکە بەرەو خراپی دەبات.ڕۆڵی ژینگەش جاچ بە شێوەی ئەو ئامۆژگاریانە بێت کە دایك و باوکی یان ئەو کەسانەی کە لە ژینگەی منداڵەکە ئاراستەی منداڵەکە دەکەن بە مەبەستی چاککردنەوەی ئاخاوتنی(زمانگرتنی) زمانگرەکە،یاخود بە شێوەی گاڵتە پێکردن و رێگا نەدان بێت بە منداڵ کە ئاخاوتنەکەی تەواو بکات.ئەمەش وا لە منداڵ دەکات کە هەست بەوە بکات کە کێشەیەکی هەیە لە کاتی ئاخاوتندا.

٥- رێژەی زمانگرتن لە نێو کوڕان زیاترە لە کچان،کە رێژەکەش بریتییە لە (٣-٤) کوڕ بەرامبەر بە کچێك کە تووشی نەخۆشی زمانگرتن دەبن.

٦- زمانگر بە هیچ شێوەیەك لە کاتی گۆرانی گوتندا تووشی زمانگرتن نابێت،چونکە مرۆڤ لە کاتی گۆرانی گوتندا چینێکی بەرزتر لەو چینە دەنگییەی کاتی ئاخاوتن بەکار دێنێت.

# پێشنیاز:

- کردنـەوەی سـەنتەرێکی تایبـەت بـۆ نەخۆشـییەکانی زمـان و گوتن،ئـەرکی ئـەم سەنتەرەش دەست نیشانکردن و چۆنیەتی چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی زمان و گوتن بێت.

- کردنەوەی خولی تایبەت بۆ ئەو کەسانەی کە لە ژینگەی منداڵی زمانگر دەژین،بە تایبەتی ماڵی زمانگر و مامۆستایانی بنەرەت بۆ:

١- ئاشـناکردنی ئـەو ژینگەیـە بـە نەخۆشـی زمـانگرتن و جۆرەکـانی و قۆناخەکانیان،هۆکاری نەخۆشیەکە و چۆنیەتی چارەسەرکردنیان.

٢- رێنیشاندانی ئەو ژینگەیە بەچۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ منداڵی زمانگر.

- خوێندنی کەم و کورتیەکانی پەیوەندیکردن وەك وانەیەکی تایبەت لە کۆلێژەکانی زمان و پەروەردەی زانکۆکانی کوردستان بە مەبەستی ڕاهێنانی تیۆری و پراکتیکی قوتابیان،تاکو بتوانن ببنە توێژەرێکی ئەم بوارە گرنگەی زمانەوانی پراکتیکی.

## سەرچاوەکان:

### ١- کتێب:

### أ- بە زمانی کوردی:

١- ئەحمەد سالار،زانستی دەنگ و ئاخاوتن،کۆمەڵگای چاپەمەنی شەهاب،هەولێر، چ١،٢٠٠٦.

٢- ئەکرەم قەرەداخی،بنەماکانی فسیۆلۆژی مرۆڤ (بەرگی دووەم)،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،سلێمانی،چ.١،٢٠٠٥

٣- سەلام ناوخۆش،پوختەیەك دەبارەی زماناسی (مێژووی .بونیادگەری. چۆمسکی)،چاپخانەی چوارچرا،هەولێر،چ.١،٢٠٠٥

٤- طالب حسین علی، فۆنۆلۆجی کوردی و دیاردەی ئاسان بوونی فۆنیمەکان لە زاری سلێمانیدا(نامەی ماستەر)،زانکۆی سەلاحەددین،.١٩٨٩

٥- عەبدوللا حوسێن،وانەکانی خوێندنی بالا(ماستەر)،کۆرسی دووەم،٢٠٠٥-٢٠٠٦.

٦- عەبدولمەجید رەشید،فۆنەتیك،وانەکانی خوێندنی بالا(ماستەر)،کۆرسی یەکەم،٢٠٠٥-.٢٠٠٦

٧- عەبدولواحید ئەلوافی،زانستی زمان،و:ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم ،چاپخانەی رۆشنبیری،هەولێر،چ.١،٢٠٠٧

٨- عەبدولواحید موشیر دزەیی،رەهەندی دەروونی لە بواری راگەیاندن دا، چاپخانەی شەهاب،هەولێر،چ.١،٢٠٠٥

٩- غازی فاتح وەیس،فۆنەتیك،چاپخانەی(الأدیب البغدادیه)،بەغداد،چ.١،١٩٨٤

١٠- کــەریم شــەریف قەرەچەتانی،ســایکۆلۆژیای گشتی,چــاپخانەی زانکــۆی سەلاحەدین،هەولێر,چ١,٢٠٠٦.

١١- وریــا عومــەر ئەمین،چــەند ئاســۆیەکی زمانەوانی(بــەرگی یەکەم)،چــاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،هەولێر،چ.١،٢٠٠٤

١٢- یــاوەر دیهقانی،زمــانگیری تیــۆری و چارەســەر،و:ئارام قەرەداغی،چــاپخانەی زاموا،سلێمانی،چ.١،١٩٩٩

١٣- یوســـف شـــەریف،وانەکانی خوێنـــدنی بالا(ماستەر)،کۆرســـی یەکـــەم و دووەم،٢٠٠٥-٢٠٠٦.

**ب- بە زمانی عەرەبی:**

١- ابــراهیم انیس،الأصــوات اللغویة،مطبعــة محمــد عبــدالکریم حســان،قاهرة، ط٤،١٩٩٩.

٢- ابراهیم عبدالله فرج الزریقات،الاعاقة السمعیة،دار وائل للطباعة و النشر،عمان، ط١،٢٠٠٣.

٣- ابراهیم عبدالله فرج الزریقات، اضطرابات الکلام و اللغة(التشخیص و العلاج)، دار الفکر، عمان،ط١،٢٠٠٥.

٤- ابراهیم محمد صالح،علم النفس المعرفی و اللغوی،دار البدایة،عمان،ط.١،٢٠٠٧

٥- احمد مختار عمر، دراسة الصوت اللغوی، مطابع سجل العرب،القاهرة، ط١،١٩٧٦.

٦- امال صادق و فؤاد ابو حطب،نمو الانسان من مرحلة الجنين الى مرحلة المسنين،مكتبة الأنجلو المصرية،القاهرة،ط.٤،١٩٩٩

٧- جلوريا ج.بوردن و ئيتر,ت:محى الدين حميدى,اساسيات علم الكلام,دار المدى، دمشق،ط١،١٩٩٨.

٨- حكمت عبدالكريم فريحات, تشريح جسم الانسان, دار الشروق للنشر و التوزيع, عمان,ط٦،٢٠٠٠.

٩- حلمى خليل،اللغة و الطفل(دراسة فى ضوء علم اللغة النفسى)،دار المعرفة الجامعية،اسكندرية،ط١،١٩٨٧.

١٠- خالد كبيسى,علم وظائف الأعضاء,دار وائل للنشر,ط١،٢٠٠٢.

١١- ديب على حسن،المفكر الأكثر تأثيرا فى العالم..نعوم تشومسكى..زمن الألسنية الى الانسانية،جريدة الثورة،مؤسسة الوحدة للصحافة و الطباعة و النشر، عدد١٢٨٤٨،١/١١/٢٠٠٥.

١٢- رمزى الناجى,عصام الصفدى,علم وظائف الاعضاء,دار اليازورى العلميةللنشر و التوزيع،عمان،ط١،٢٠٠٥.

١٣- زينب منصور حبيب،موسوعة جسم الأنسان،دار الاسراء للنشر و التوزيع، عمان،ط١،٢٠٠٠.

١٤- سامى سلطى عريفج،سيكولوجية النمو(دراسة لأطفال ما قبل المدرسة)،دار الفكر للطباعة و النشر،عمان،ط.٢،٢٠٠٢

١٥- صـبـاح حنـا هرمز،يوسـف حنـا ابـراهيم،علم الـنفس التكوينى(الطفولـة و المراهقة)مديرية دار الكتب للطباعة و النشر،الموصل،ط١، ١٩٨٨.

١٦- عائدة وصفى عبدالهادى،فسيولوجيا جسم الأنسان،مطابع دارالشعب، ط١، ١٩٨٤.

١٧- عبد الرحمن ايوب، اصوات اللغة، مطبعة الكيلانى، القاهرة،ط١، ١٩٦٨.

١٨- عبد العزيز قلقيلة،لغويات،مكتبة الأنجلو المصرية،قاهرة،١٩٧٧.

١٩- فـؤاد البهى،الأسـس النفسـية للنمـو(من الطفولـة الى الشـيخوخة)،دار الفكـر العربى،القاهرة،ط.٢، ١٩٩٨

٢٠- كمـال بشـر،علم الأصـوات،دار الغريـب للطباعـة و النشـر و التوزيـع، القاهرة،٢٠٠٠.

٢١- محمد حسن عبدالعزيز،مدخل الى علم اللغة،دار النمر للطباعة،القاهرة، ط١، ١٩٨٣.

٢٢- محمد سليم صالح و عبد الرحيم محمد عشير,علم حياة الانسان.مديرية دار الكتب للطباعة و النشرجامعة الموصل,موصل,ط١، ١٩٨٢.

٢٣- محمد كامل على،اخصائى النطق و التخاطب و مواجهة اضطرابات اللغة عند الأطفال،مطابع ابن سينا،القاهرة،ط.١، ٢٠٠٣

٢٤- محمود السعران،اللغة و المجتمع،راى و منهج،دار المعارف، الاسكندرية، ط٢، ١٩٦٣.

٢٥- مصطفى فهمى،فى علم النفس(امراض الكلام) ،دار مصر للطباعة،قاهرة، ط5،١٩٧٥.

٢٦- موفق الحمدانى،اللغة و علم النفس،مطابع مديرية دار الكتب للطباعة و النشر، جامعة الموصل،ط١،١٩٨٢.

٢٧- ميسون نيال،عالمحك...الطفل و تعلم اللغة،جريدة الثورة،مؤسسة الوحدة للصحافة و الطباعة و النشر،عدد١٣١١٤،١٨/٩/.٢٠٠٦

٢٨- نعوم جومسكى،محاضرات ودن(تأملات فى اللغة)،ت:مرتضى جواد باقر و عبدالجبار محمد على،مطابع دار الشؤون الثقافة العامة،بغداد،ط.١،١٩٩٠

٢٩- نور الهدى لوشن،مباحث فى علم اللغة و مناهج البحث اللغوى،المكتبة الجامعية،الأسكندرية،ط.١،٢٠٠١

٣٠- هدى محمود الناشف،تنمية المهارات اللغوية لأطفال ما قبل المدرسة،دار الفكر،عمان،ط.١،٢٠٠٧

٣١- يحيى عبابنة و امنة الزعبى،علم اللغة المعاصر(مقدمات و تطبيقات)،دار الكتاب الثقافى،اربد،ط١،٢٠٠٥.

**پ- به زمانه فارسى:**

- رضا نيلى پور،زبان شناسى و آسيب شناسى زبان،انتشاراتى هرمس،تهران، چ١،١٣٨٠(٢٠٠١).

٢- ئەنتەرنێت:


١- ابو مريم،مراحل اكتساب اللغة عند الأطفال:٢٠٠٧/٣/٢٤.

http://www.arabnet.ws/vb/showthread.php?t=14247.

٢- احمد شفيق الخطيب،اللغة و المخ:٢٠٠٧/٧/٣.

http://www.arabswata.org/forums/showthead.php?t=1244.

٣- أسيرة الأحلام،التأتأة..اللجلجة..التهتهة..التعلثم..صعوبات فى الكلام : ٢٠٠٧/٤/٥.

http://www.bafree.net./forum/archive/-20596.htm.

٤- العطيفى،طرق علاج التلعثم:٢٠٠٦/١١/١٠.

http://www.arabnet.ws/vb/showthread.php?t=18256.

٥- الفارس،اضطرابات النطق و اللغة:٢٠٠٧/٥/٥.

http://www.t7di.net/vb/showthread.php?t=640.

٦- الوردة البيضاء،انواع اضطرابات النطق و الكلام:٢٠٠٧/٣/٢٠.

http://www.arabnet.ws/vb/showthread.php?t=15898.

٧- جمال حامد جاهين،مرونة فكرية و مكاسب ثقافية و تمكن من اللغة الأم:٢٠٠٧/٩/٩.

http://www.almarefah.com/print.php?id=532.

٨- زهرة المدائن،كيفية تنظيم الدماغ لعملية التنفس والاحساس بالألم: ٢٠٠٧/٧/٣.

http://www.aletrah.com/forum/printthread.php?t=11581.

٩- سعادة خليل،الأساس العصبى للغة:٢٠٠٧/٨/١١.

http//:www.nashiri.net/content/view/3117/10024.

١٠- صادق عبدالله ابو سليمان،الجهاز النطقى،جامعة الأزهر،غزة:٢٠٠٧/٢/٢٥.

http://www.alazhar.edu.ps/staff/33/speech%20organs.doc.

١١- صوت الحياة،عملية الكلام:٢٠٠٧/٥/٢.

http://www.t7di.net/vb/showthread.php?t=1244.

١٢- عادل عوض الغامدى،مستويات و مراحل التأتأة:٢٠٠٧/٣/٥.

http://www.sspaa.org/forums/viewtopic.php?t=45.

١٣- عبد الله الصقر،تطور اللغة:٢٠٠٧/٣/١٢.

http://www.gulfkids.com/ar/index.php?page=topic&id=72.

١٤- عيد جلال على،الجهاز السمعى:٢٠٠٧/٣/٢١.

http://www.gulfkids.com/ar/index.php?page=article&id=603.

١٥- فادى فهمى صبيح،اضطرابات الطلاقة الكلامية:٢٠٠٦/١٢/٧.

http://www.almtym.com/modules.php?name=news&file=article &sid=320.

١٦- فارس كمال نظمى،اللغة البشرية بين فطرية(جومسكى) و بنيوية(بياجية):٢٠٠٧/٣/١٤.

http://ali_psycho5.friendsofdemocarcy.net/default.asp?item= 231611.

١٧- مانع الذبيانى،الاضطرابات اللغوية:٢٠٠٦/١٢/٢٠.

http://www.manabe3.com/vb/showthread.php?t=7973.

١٨- محمد الترتورى،النمو اللغوى عند طفل الروضة:٢٠٠٧/٥/٢٠.

http://www.horoof.com/dirasat/childlang.html.

١٩- محمد الزين،مراحل النمو اللغوى عند الأطفال:٢٠٠٦/٩/٢٩

http://www.werathah.com/special/lang/miletone.htm.

٢٠- محمد صلاح شكرى عبدالرحيم،التخاطب و مستوياته:٢٠٠٧/٤/٣.

http://frindtkhatop.jeeran.com/mokadema_d_l_d.htm.

٢١- محمد على الجلاب،ميسوم علوان،الأذن و وظيفة السمع:٢٠٠٧/٣/١٧.

http://www.sfh.med.sa/books/bk0034.htm.

٢٢- مركز جدة للنطق و السمع،اكتشاف اول جين مورث مسؤول عن تطور اللغة لدى الانسان:٢٠٠٦/١١/١٥.

http://www.jish.com/ar/home.asp?s=mag4.

٢٣- موسى رشيد حتاملة،نظريات اكتساب اللغة الثانية و تطبيقاتها التربوية(القسم الأول):٢٠٠٧/٥/٢٠.

http://www.majma.org.jo/g05/05/04/069-files.doc.

٢٤- موسى رشيد حتاملة،نظريات اكتساب اللغة الثانية و تطبيقاتها التربوية(القسم الثانى):٢٠٠٧/٦/١.

http://www.majma.org.jo/g05/05/04/070-files.doc.

٢٥- مينوو،اسباب حدوث التعلثم او التأتأة لدى الأطفال و ماهى انواعها:٢٠٠٧/٥/٤.

http://www.brg8.com/vb/showthread.php?t=12164.

٢٦- ناصر الجهنى،الدماغ و التخاطب:٢٠٠٧/٢/٢٥.

http://www.suhuf.net.sa/2003jaz/mar/8/rj2.htm .

٢٧- ناصر بهبهابى،الجهاز التنفسى:٢٠٠٧/٦/٢٠.

http://www.your-doctor.net/human_body/resp_function.htm.

٢٨- نجيب الجبارى،كيف يكتب طفلك اللغة:٢٠٠٦/١٢/٢٣.

http://alwaei.com/topics/current/article.php?sdd=354.

٢٩-ASHA :التأتأة:٢٠٠٦/١١/٥.

http://www.asha.org/public/speech/disorders/stuttering.htm.

حكومة اقليم كوردستان- العراق
وزارة التعليم العالي و البحث العلمى
جامعة صلاح الدين- اربيل

# التأتأة عند الأطفال الكورد

## (دراسة لغوية،تطبيقية)

رسالة مقدمة الى مجلس كلية اللغات- جامعة صلاح الدين- اربيل
وهي جزء من متطلبات نيل درجة ماجستير في اللغة الكوردية

من قبل

**دانا تحسين محمد**

بكلوريوس في اللغة و الأدب الكوردي- جامعة صلاح الدين(٢٠٠٢-٢٠٠٣)

باشراف

**د.عبد الواحد مشير دزەیی**

٢٧٠٧ الكوردي ١٤٢٨ الهجري ٢٠٠٨ الميلادي

# الملخص

التأتأة اضطراب من اضطرابات الطلاقة فى الكلام، وهذا البحث يتطرق الى الأسباب التي تؤدي الى بروز التأتأة عند الطفل ويوضح كذلك دور البيئة و مدى تأثيرها بشكل من الأشكال فى تطور التأتأة عند الأطفال.

ومن اجل تحديد عوامل ظهور و تطور التأتأة عند الأطفال قمنا بالاتصال مع مجموعة من الأطفال الذين يعانون من التأتأة و كذلك اقاربهم،وقد توصلنا الى عدة نتائج و منها(ان سبب بروز التأتأة عند الأطفال الكورد يرجع الى سببين رئيسيين وهما[الوراثة و العامل النفسي(الخوف)]،كما ان بيئة الطفل له دور رئيسي في تطور التأتأة عند الأطفال.

يتألف محتوى البحث،عدا المقدمة و النتائج،من ثلاثة فصول،فصلين نظريين وفصل تطبيقي.

يتناول الفصل الأول،الأسس البايولوجية للغة والكلام ك(الجهاز العصبى،الجهاز الصوتى،الجهاز السمعى)،وكذلك يجري الحديث عن العلاقة بين الدماغ و اللغة.

ويتطرق الفصل الثاني الى اكتساب اللغة عند الطفل،والى نظريات اكتساب اللغة عند الأطفال،وبعد ذلك يدرس هذا الفصل مراحل تطور اللغة عند الأطفال وثم ينتقل الحديث الى العوامل المؤثرة في تطور اللغة لدى الأطفال.

واختص الفصل الثالث بالتأتأة عند الأطفال الكورد،فيتناول هذا الفصل المجالات التالية(تصنيف اضطرابات الاتصال،التأتأة و علاماته و اسبابه،انواع

التأتـأة و مراحلـها، التأتـأة عنـد الأطفـال الكـورد)،ويـبين كـذلك الفـرق بـين التأتـأة المرضية و التأتأة الطبيعية و بعض الحقائق عن التأتأة.

Kurdistan Regional Government-Iraq
Ministry of Higher Education and Scientific Research
Salahaddin University-Hawler

# Stuttering in Kurdish children
# A Practical linguistic study

A THESIS
SUBMITTED TO THE COUNCIL OF THE COLLEGE OF LANGUAGES SALAHADDIN UNIVERSITY-HAWLER IN PARTIAL FULFILLMENT OF THE REQUIREMENTS FOR THE DEGREE OF MASTER IN KURDISH LANGUAGE

**BY**
**Dana Tahseen Mahammad**
(BA-SALAHADDIN UNVIERSITY/2002-2003)

**SUPERVISED BY**

**DR.Abdulwaheed M. Dizayee**

2008.A.D 1428.H 2707.K

# Summary

Stuttering turmoil disorders fluency in speech and this research deals with the reasons that lead to the emergence of Stuttering at the child and explain the role of the environment and the extent of their impact in any way in the evolution of Stuttering in children.

In order to determine the factors emergence and evolution of Stuttering in children we made contact with a group of children who were suffering from Stuttering, as well as their relatives. As a result we have reached several conclusions,including (that the reason for the emergence of Stuttering among Kurdish children are due to two main reasons: genetic and psychological tactor (fear).The child’s environment plays a major role in the evolution of Stuttering in children.

The content of the research,except the introduction and the results consists of three chapters, two chapters are theoritical and the other one is application.

Chapter I,biological foundations of the language and speech (nervous system,vocal system,audio system),as well as the relationship between the brain and language.

The second chapter deals with the acquisition of language in children, and the theories of language acquisition in children,and this chapter examines the evolution of language in children and then turns to talk about the factors affecting the evolution of language in children.

Chapter III deals with Stuttering among Kurdish children, this chapter addresses the following areas (classification of disorders of communication,stuttering,and its causes,types of Stuttering and stages, Stuttering in Kurdish children), and shows the difference between Stuttering as a disorders and natural Stuttering along with some facts about Stuttering. 